# گۆڕ دخمەکانی میدیا و زەردەشتییان و
# ڕێوڕەسمی مردوو سپاردن بە شاخ

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوكەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# گۆڕ دەخمەکانی میدیا و زەردەشتییان و ڕێوڕەسمی مردوو سپاردن بە شاخ

عەبدولخالق سەرسام

پێشکێشکردن
زەردەشت عەبدولخالق سەرسام

پێشکێشە بە:
فریدریک نیتشە کە زەردەشتی بە من و بەجیهان ناساند.
بەچیاکانی کوردستان و بەئاسمان کە بڵندی پەرستیان فێر کردین.

ناوی کتێب: گۆڕ دەخمەکانی میدیا و زەردەشتییان و ڕێوڕەسمی مردوو سپاردن بە شاخ
نووسینی: عەبدولخالق سەرسام
پێشکێشکردن: زەردەشت عەبدولخالق سەرسام
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٢٤
هەڵەگری: بۆکان نووری + فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٥٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

## پێڕست


دەسپێک ........ 9

ئاین و هزری پێش زەردەشت لەلای ئارییە کۆنەکان و میدییەکاندا ........ 17

ئاینی مـــاد ........ 24

فەلسەفە و بنەمای سەرهەڵدانی ئاینەکانی زاگرۆسیان ........ 32

بڵندایی و سەرچیا و ئاسمانپەرستی ........ 39

کێلەشین و کێلی تۆپزاوا لەسەر ڕێگەی هەوریشم ........ 44

ناو و سەردەم و زێدی لەدایکبوونی زەردەشت ........ 54

جۆرەکانی ئاگر و ڕووناکی لە ئاینی زەردەشتیدا ........ 60

گۆڕ دەخمە و مەراسیم و ڕەفتار لەگەڵ مردوو ........ 64

دەخمە و مردن و "ڕەوان و جەستە" ........ 67

فەلسەفە و مەراسیمی مردوو بە شاخ سپاردن لەلای زەردەشتییان ........ 73

هۆی دەخمەسازی ........ 77

دەخمە یان دادگاه ........ 80

زەردەشت لە نێو شارستانیەتی میدییەکاندا سەری هەڵدا ........ 91

دوای گەڕانم لە بەشی ئێران ........ 94

ئەلبوومی شوێنەوارەکانی دخمەی زەردەشتیان لە کوردستان و... ........ 97

ئەلبوومی گۆڕ دخمەی زەردەشتیی بلەی بارزان ........ 113

ئەابوومی دەخمەی زەردەشتی "ئۆرمێ" ........ 123

ئەلبوومی گۆڕ دەخمەی دەرەلیر – سیراف ........ 131

گۆڕِ دەخمەکانی میدیا و زەردەشتیان و مەراسیمی مردوو سپاردن بە شاخ لێکۆڵینەوەیەکە بۆ یەکەم جار بەراوردکاریی وێنەدار لەسەر دەخمەی "قسن قەپان" ی دوکان و دەخمەی زریموک "کەڤری مەیتان" ی (بلێ) لە بارزان دەکات لەگەڵ هەموو دەخمەکانی تری دۆڵی زەردک لە چیای مەقلووب و دەخمەی رۆژئاوای نێو چیاکانی ورمێ و دەخمەکانی مەهاباد و کرماشان و درەلیر – سیراف و شیراز و ئوستانی کوردستان و ئەسیل دەکات، دۆزینەوە و نهێنیی تری ئاین و شوێنەواری زەردەشتیان و میدیەکان لە کوردستان بە دیار دەخات.

# دەسپێک

ئێمەی مرۆڤی ئەم سەردەمە، کاتێ هەر لەم سەردەمەدا بۆمان ئاشکرا بوو کە مرۆڤی نیاندرتاڵ ٦٠ – ٧٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەشکەوتی شانەدەر ژیاوە، هەستی بە مردن و ژیان کردووە، لەو سەردەمەدا بووە کە خانووی نەبووە، لەگەڵ ئاژەڵ و گیاندارانی کێوی پێکەوە ژیاوە و راووشکاری کردووە بەری داری لێ کردووەتەوە، کەواتە لەسەر میوەجات و راو ژیاوە تەنانەت نەیزانیوە گەنم بچێنێ یان سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەکە کاتێ[1] زانیمان ئەم مرۆڤە جۆرێک لە مەراسیمی مردوو ناشتنی لەلا هەبووە، کە گوڵی بەسەر تەرمی مردووەکاندا کردووە. یان گوڵی لەسەر تەرمی مردووان داناوە وەک رێزلێنان و خۆشەویستی و یادکردنەوە و بیرەوەری بەرێکردن و ماڵئاوایی. ئەویش بە هۆی دۆزینەوەی ئەو جۆرە و توێکڵە جۆر بە جۆرانەی لە شوێنەکەی تەرمەکەدا لە دەوری ئێسک و پرووسکەکەدا هەبووە.

ئەمە وەک سەرەتایەک لە جۆری ژیانی باپیران و پاشماوەی هزر و بیرکردنەوەی ئەو کاتی بەرامبەر بە مردووی ئەندامانی ئەو گرووپە پێکەوە دەژیان.

ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی ئەرکۆلۆژی و میتولوژی وەک سەرەتایەکی میتولوژییانەش ئێمە هەمووممان شارەزای ئەفسانە و چیرۆکی هابیل و قابیل و کوشتنی یەکێکیان بە دەستی ئەوی تریان و نەزانینی لە مەراسیم و

---

(١) کاتی خۆی لە رۆژنامەی برایەتی ساڵانی حەفتاکان پاشان لە زۆر جێگەی تر لە رۆژنامە و کۆوارەکاندا هەمان بابەتم بەرچاو کەوت بووەتە زانیارییەکی باو کە بەردەست نەبوو.

چۆنیــەتی رزگــاربوون لە تەرمــی براکــەی "تا قــەڵێک قــەڵێک دەکــوژێ لــە پێش چاوی و خـاک هەڵدەکۆڵێ و قـەلە مردووەکـە دەخـاتە ژێر گڵ ... ئەویش براکـەی بەم جۆرە دەشارێتەوە" ئێمە لە ئینجیلدا کاتێ چیرۆکی لە خاچدانی حەزرەتی مــەســیح دەخــوێنینــەوە چۆن دوای لە خــاچدانی تەرمــەکــەی دەبەنە کــونە ئەشکەوتێک، بۆ بەیانی وەک نەریتێک "مریـەم ئەل مەجدەلیە"(٢) لەگەڵ دەستە خـوشکێکی جـۆرە رۆنێک لـەگـەڵ خـۆیـان دەبەن بۆ چەورکـردنی تەرمــەکـەی حـەزرەتـی مـەسـیح، کـە دەچنـە لای کونە ئەشکـەوتەکە دەبیـنن تەرمی مـەسـیح نەمـاوە گەنجێک لە شوێنی دانیشتووە. لێی دەپرسن کە مەسـیح چی لێ هـات لە وەڵامـدا گـەنجـەکـە دەڵێ: "مـەسیح هـەستـاوە و چاک بـووە و رۆیشت ئێرەی بەجێ هێشت... هتد"

ئەوەی لێرەدا بۆمـان ئاشکرا دەبێت لەو سەردەمەدا تەرمـی مـردوویان لە نێو کەلەنە شـاخ یان کونە ئەشکەوت داناوە، دیارە لە نێو خـاک نەیان شاردووەتەوە (بەچاوی خۆم دیومـە لە پێش عمان – ئوردندا) خۆ هـەر لەو سـەردەمانەش بوو یان پێشتر فیرعەونییەکان چیایان لە بەرد دروست دەکرد لە شێوەی "هـەرەم" کـە چاکــترین شـێـوەی پتــەوی ئەندازیارییــە بۆ نەڕووخــانـی ئەو هـەیکـەلە لە بەردینە کـــە هــەتا دێت ســـەرەوەی بچـــووک و بێ قـــورســـایی دەبێـــتـــەوە و خـوارەوەشـی بنـاغـەیەکی پان و بەرین و بەردی خۆشکراو و گـەورە تا لە یەکتر نەترازێن بەهـۆی قـورسـی و گـەورەیی بـەردەکـان چونکە لـەو سـەردەمــەدا چیمـەنتۆ نەبوو، هـەر دەبووایە بەم جۆرە تـەمـەنی بیناکانیـان دیوارەکان درێژ و پتـەو بکـەن. وەک چۆن دەخـمـەیەک لە قـەدی شـاخـێک چیـایـەکی وەک هـەرەم دروست دەکرا ئەمجارەیان چونکە لە بیابان بوو چیا نەبوو "دەخمە" مـەبەستم شـوێنی تەرمی فیرعـەون دروست دەکرا کە هەردوو کـارەکە یان کردار وەکو یەکـە چ چیـایەک بۆ شـوێنی "دەخـمـە" دروست بکرێ کـە مـەبەسـتم شـوێنی فـیـرعــەونی مـردووە یان دەخــمــەیەک لە شــاخ وەکــو شــوێنیک بۆ ناوداران و

(٢) بڕوانە ئینجیل ـ مریەم ئافرەتێکی لە کۆمەڵ دابڕاو بوو پێوەندیی لەگەڵ مریەمی دایکی مەسیحەوە نییە.

پیاوانی ئاینی زەردەشتی و دەسەڵاتداران دروست بکرێ لە کاتی مردنیاندا کەواتە هونەرەکە و "نەریتە" کە لێرەوە بەرەو "میسر" پەڕیوەتەوە.

وەک أ. و. دل باس لەوە دەکات کەوا شارستانیەتی فیرعەونییەکان سەرتاپای شارستانیەتی سۆمەرییە ئارییەکانە – کتێبەکەش بە ناوی "الحضارة الفيرعونية السومرية" وە ئەگەر باش وردبینەوە هەردووکیان هەمان شێوە دەگرێتە خۆی، بەڵام چیا هەبووە، دەخمە ئاسانە نەک چیا بۆ دەخمە، کەواتە هەردوو نەریتی دەم لێواری بەحری سپی فەڵەستین و میسر... تەرم دانانە لە کونە شاخ و شاخ دروستکردن بۆ دانانی تەرم لە ناویدا... بەهەمان شێوە نزیکە لێک بەڵکو کتومت لە نەریتی زاگرۆسییەکان وەریان گرتووە سەرەڕای ئەوەی کە تابووتی لە شاخیشیان دروست کردووە – وەک چۆن تابووتی کورشی گەورە لەسەر خاک لە شاخ دروست کراوە ئەم نەریتە بەو نەریتە ساکارە ناچێ کەوا لە بیاباندا تەرمیان لە ژێر گڵ دادەنا، سەرەڕای ئەوەی کە فیرعەونییەکان لە بیابان دەژیان، بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیەنێ کە ئەم رەفتارە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بکرێ وەک چۆن لەگەڵ تەرمی فیرعەونیدا رەفتار کراوە چونکە تەنانەت کە لە دووتۆی ئەم کتێبەدا باسی لێوە دەکەین دەخمەی زۆرینەی خەڵک جیابووە لە دەخمەی ناوداران کە دیارە دواتر وەک باس کراوە لە سەردەمی ساسانیان هەموو کەس وەکو یەک پاشا و گەدا لە هەمان دەخمە گشتییەکان دانراون. کەواتە خاک هەڵکۆڵین کە ماندووبوونێکی زۆری دەوێت.

کەواتە کاتێ شاخ لەلای زەردەشتیاندا وەکو خاک رەفتاری لەگەڵ نەکراوە بەڵکو سەردەمێک شاخ پیرۆز نەبووە وەکو خاک کە گیا و گوڵ و دار و درەخت گەنم و دانەوێڵە وەبەرهەم دێنێت نەک وەکو شاخ کە رووەکی لێ شین نابێت بە واتایەکی تر ژیان وەبەرهەم ناهێنێ یان کەرستەکانی ژیان، بەڵکو وەک ئێسک بووە هەر بۆیەش لە ناو ئاینی زەردەشتیدا خاک پیرۆز بووە وەکو ئاگر وەکو ئاو وەکو هەوا هەر لەبەر ئەوەش تەرم سەرچاوەی نەخۆشی و نەجاسەت و ئەهریمەن بووە نەیانهێشتووە ئاگر پیس بکات بۆیە تەرمیان بە ئاگر

نەسووتاندووە[٣] وەک هەندێک نەریتی تری وەک ئەوەی ئێستاش لە هیندستان باوە. زەردەشتیان تەرمی مردوویان فڕێ نەداوەتە ناو "ئاو" جا چ رووبار بووبێت یان دەریا بەبەڵگەی ئەوەی جۆگەیان لە نێوان تەرمەکان کردووە. لە دەوری دەخمەکە، بۆ ئەوەی ئاوەڕۆکی تەرمەکە بە خیزاو و خوێن و پیساییەوە نەچێتە دەرەوە ئاو پیس بکات، یان خاک یان ئاگر هەندێ لە هیندییەکان کە بە ئاگر تەرمەکانیان کە دەسووتێنن خۆڵەمێشەکەیان بەسەر خاکدا پەرت دەکەن. هەندێ لەو هۆزانەی لە خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیادا دەژیان هەتا ئێستاش کەللەسەر و ئێسکی باوک و باپیرانیان لە ماڵ لەسەر یەک دادەنا، پیشانی میوانانیان دەدا کە ئەوە باوکیانە و ئەوە باپیریانە.... هتد.

زۆربەی ئەم نەریتانە لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا دەهات، بە تایبەتی لە هیندستانەوە کە تا ئێستاش چوار سەد و پەنجا ئاین و مەزهەبی لێیە. کە ئێستاش هەندێک لەوانە مردووەکانیان دەسووتێنن هەندێک فڕێی دەدەنە ناو رووبارە پیرۆزەکەیان. ئێستاش مردووناشتن گیروگرفتی هەیە ئەوەتا لە ئەوروپا لەبەر کەمی خاک ئەگەر تەرمێک خاوەنی نەبێت یان پارەی خاک کڕین ئەوا دەیسووتێنن و لە تورگەیەکی دەکەن و ناوونیشانی لەسەر دەنووسن. دیارە شارەوانییان رەفتاری لەگەڵدا دەکات. یان شوێنکەوتووانی هەندێ مەزهەب خاک هەڵدەکۆڵن دەورەی وەک چەکمەجە بە درێژاییی باڵای مرۆڤ لە دەورەی قوڵاییە رێکەکە دەیخەنە ناو خاک. بە واتایەکی تر کونەکە ئامادە کراوە. تەنیا مردووەکە درێژ دەکەنە ناو کونەکە دەرگەی کونەکان بە خشت و گەچ سواخ دەدرێت. هەر بەم شێوەیەش هەرچوار لای قورتە چوار گۆشەییەکە قەبرە... هتد.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو شوێنەوارانەیە کە لە کوردستان هەن و جێگە

(٣) کەواتە زەردەشتیەت سەرەتای پیرۆزی ئاو و ئاگر و خاک و هەوا بووە لەناو ئاینە هەرە دەستپێشخەرەکانی جیهاندا و کۆنترینیانە.

پەنجەی باوک و باپیرانمان و بوونیان لەسەر خاک دەسەلمێنن ئەو بیرورایە پووچەڵ دەکەنەوە کە کورد گوایە بە شەش سەد ساڵێک پێش زاین هاتووەتە ناوچەکە زۆر لە مێژوونووسانی ساکار و نەشارەزاش وەک "بەبەغا" دەیڵێنەوە بەبێ ئەوەی لە مەغزاو مەدلول و نهێنی ئەم مانایانە بگەن کە ئەوانە مەبەستیان تەنیا ئەوەیە کە بە کورد بڵێن تۆ خاوەنی ئەم خاکە نیت ئەم خاکە هی ئاشوورییانە یان سامییەکانە تۆ زەوتت کردووە، ئیتر دواتر هەر بەهەمان بیانووەوە بە غەریبی دابنێن لە ناوچەکە دەربەدەر و ئەنفالی بکەن. ئەم مێژووە دەستکردە و پلانە ئەهریمەنیانە بەسەر کوردا تێ پەڕێنن و دەروونی داگیرکەریش بەهێز بکەن، وا تێ بگەن لەسەر هەقن کورد داگیرکەرە. مافی لەسەر ئەم خاکەوە نییە جێ پەنجەشی لەسەر دیار نییە.

بۆیە تا نووسەرەی کورد داگیرکەر و نیشتەجێ و دانیشتوانی رەسەن لێک جیا نەکاتەوە، ئاشوورییەکان و بابلییەکان کە هاتن لە رۆژئاواوە واتا رۆژئاوای فورات و بیابانەکانی – پێدەشتەکانی زاگرۆسیان بۆ ماوەیەک خستە ژێر دەست وە بە تایبەتی دەوروبەری "نینوێ" کە ئێستاش تەنیا لەم دەوروبەرەدا شوێنەواریان ماوە و نەیانتوانیوە لە ناو قووڵایی چیاکان جێنشین ببن لەبەر هێرشی میدی و لولو و گۆتی و کاشی و کاردۆخیانی کورد یان ئارییە هیندییەکانی کورد، سۆمەرییەکان لە خوارووی عێراق رەسەنن پێش ئاشووری و بابلی هەر لەم ناوچەیەدا هەبووینە بە گەواهیی هەموو مێژوونووسان و شوێنەوارناسانی رۆژئاوا. «بابلییەکان تەنیا هاتنە سەر شارستانیەتی سۆمەرییەکان و کە هاتن هیچ زانیارییەکیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنا بوو راستە دواتر پەرەیان بە هەندێ لایەنی شارستانیی سۆمەرییەکان دا».

دواتر هەروەکو ئاشوورییەکان بە دەستی میدییەکان هەتاهەتایی دەرکران و لە ناوچوون ئاواش بابلییەکان بە دەست کاشی و عیلامی و هەخامنشییەکان لەناو چوون و تا هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان خوارووی عێراق جابانی کورد بوون بۆ زێدە زانیاری بروانە ئاڤێستای نەورۆز –

عەبدولخالق سەرسام کەواتە کورد شارستانیەتی تایبەتی خۆی لە ناو قەڵا و دەخمە و شوێنەوارەکانیانیدا هەرماوە جا پێش ئیسلام بێت یان دوای ئیسلام ئەگەر چی دوژمنان هەمیشە لەبەرئەوەی زۆر لە راپەڕین و یاخیبوون و شۆڕشی کورد ترساون قەڵاکانیان تەخت کردووە.

ئێمە لێرەدا کە تیشک دەخەینە سەر دەخمەکانی زەردەشتییەکان مەبەستمان گەڕاندنەوەی ئەو لاپەڕانەیە بۆ ناو ئەرشیفی کورد و مێژووی ژیانی پڕ لە سەروەری و شارستانیەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زاگرۆسدا.

ئەگەرچی تا ئێستاش بایەخ نەدراوە بەم شوێنەوارانە بەڵکو زۆری هەر بە نەدۆزراوەیی ماوەتەوە کە من لە جیاتی شوێنەوار و زانکۆ یا هەر دەزگایەک کە دەبێ وەک ئەرکێک ئەم کارە ئەنجام بدەن و ئەنجامیان نەداوە ئەوەی گونجاوە بۆ من ئەوا دریغیم لێ نەکردووە[٤] لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی و ئەرک و ماندووبوون و چەندین لایەنم لەم شوێنەوارانە دۆزیوەتەوە، ئەوەی تەنیا دەمەوێت بۆ من بمێنێتەوە دەست پێشخەری دۆزینەوەکەیە تۆمار بکرێ و سەردەم و ماندووبوونی تاکە کەسیم لە ئایندەدا بنرخێنرێ بۆ ئەوەی ببێتە هاندەری خەڵکانی تر کە بە دوای زانست و دۆزینەوە و ناسنامەی کورددا بگەڕێن و گەلەکەمان پێشبخەن و تا رووی هەقیقی بە دیار بکەوێت، لە هەمان کاتدا شوێنەوار ببێتە شوێنی گەشتوگوزار و دیدەنی خەڵکی بیانی تا لەسەر رەسەنایەتی کورد و مێژووەکەی شارەزایی پەیدا بکەن، جگە لەو لاپەڕانەی کە سەرەتایەکن بۆ هونەری کوردی کە دەگەڕێنەوە بۆ ٢٥٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا. بەڵام بۆ دەخمەی زەردەشتی بە تەنیا دوور لەلایەنەکانی تری زەردەشتی زیاتر کەوا ئاتەشگاکان و شوێنەواری تری سەردەمانی ترن ئەوا هەموو خوێنەواران شاهیدن چ ماندووبوون و ئازارێکم چێشت لە دۆزینەوەی زێدی باپیرانی

(٤) داوودەزگاکان سەرەڕای داراییەکی زۆر ـ تاقە دۆزینەوەیەکیشیان نەبوو کە بۆ مێژوو لێرەدا تۆماری دەکەم ـ تا دەوری تاکەکەس بنرخێنرێ وەک ئەوەی "ئەدیسۆن" کردی هەزاران دەزگا لێی بێ دەسەڵات بوون.

سەلاحەدین و هۆزەکەی و سنووری ئازەربێجان هەروەها دۆزینەوەی گۆڕی باپیرە گەورەی ئیبن خەلەکان "پیر خەل" لە خەلان بیاو و هۆز و ناوچەکە لە پاشکۆی سەلاحەدین ئەرمەنی نییە زراری و رەوەندی و دوینی هەولێرە بلاوم کردەوە هەروەها لە برایەتی ژمارە (٣٢٩١)ی بەرواری ٢٠٠١/١/٢٢ یان کۆواری هەولێر ژمارە (١٣) سێزدە - ٢٠٠١ حوزەیران بلاوم کردەوە بەدەها دۆزینەوە و بەدواداچوونی تر.

بەڵام کاتێ دەخمەی زەردەشتیی "بلەی بارزانمان" دۆزییەوە و بە کوردم ناساند و سیماکانمان شی کردەوە و لە برایەتی بلاومان کردەوە ئەگەرچی کەسێ لە کوردستانی خواروو یان هەرلایەکی تر بەدوادا چوونیان نەبوو چونکە شارەزاییان لەسەر دەخمە نەبوو، بەڵام بووە هاندەرێک کەوا بەدوای هاوچەشنەکانی و دەخمەکانی تری زەردەشتیدا بگەڕێین لەلایەک وەک زانیارییەک لەلایەکی تر بۆ سەلماندنی راستیی بۆچوونەکەمان کە "دەخمەی" بلەی بارزانمان بەڕاستی دەستنیشان کردووە و راستە بە شێوەیەکی زانستییانە و ئەرکولوجستییانەیە. ئەم هەوڵەشمان باشترین بەڵگەی هەستی زانستیمان بوو بە گوێرەی ئەم کەرەستە مەعریفییانەی بە درێژاییی تەمەنمان کۆمان کردووەتەوە هەروەها شارەزایی و خۆشەویستی و ماندووبوونمان لەمەڕ بابەتەکە. هەر ئەم سمبولە زەردەشتییانە بوونە هۆی ئەوەی سمبولی "خاچ" لەسەر مردووی فەڵەکان دابنرێت و کێل و ئایەت بۆ موسڵمانان و شیر و خەنجەر و شمشێریش لەسەر کێڵی ئەیوبیان لە "دوین" و سمبولی تر بۆ ناسینەوەی کەسایەتی و بیروبڕوای مردووەکە و ون نەبوونی کە عەزیز بووە لەلای خزم و کەس و خۆشەویستانی. ئەگەر "نەبو خذ نصر" بۆ "میدوس" ی کچە پاشای شاژنی میدی باخچەی هەڵواسراوی دروست کرد، ئەوا "تاج محل" گۆڕێکی لە شێوەی مزگەوت و بالاخانەیەکی مەڕمەڕی سپی بۆ شوێنی خێزانەکەی دروست کرد، کە بووەتە جێگەی سەرنجی هەموو جیهان، ئێمەش لێرەدا لە بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوە و بەراوردکاریمان لە نێوان دەخمە و شوێنەوارە زەردەشتییەکاندا توانیمان زۆر نهێنیی تازە بدۆزینەوە هیوادارم

له خوێنەری ئازیز نوێکارییەکان لای خۆی تۆمار بکات کە یەکەم جارە بەم شێوە لێکۆڵینەوە لەسەر دەخمەکان بە گشتی دەکرێ، نەک هەرهێندە بەڵکو چاککردنەوە و راستکردنەوەی هەندێ هەڵەی مێژوویش لەسەر هەمان بابەت.

دەبا پێکەوە سەیری مۆر و جێگە پەنجەی باپیرانمان بکەین چۆن دەژیان چۆن دەمردن چۆن رەفتاریان لەگەڵ مردووان دەکرد. وەک چۆن ئێستا مەرقەدی سەید و شێخ گومبەزی هەیە گۆڕستانەکە گشتی ساکارە ئاواش لە سەردەمی زەردەشتیان وەک باسمان کرد "دەخمەی" بەزەحمەت دروستکراو و هونەریان بۆ پاشا و پیاوە ئاینییەکان دروست دەکرد لە قەد شاخ بۆ زۆرینەش پێکەوە لە گۆڕەپانی شاخاویوە لەبەرئەوەی زۆربەی ئاینەکان لە مردن دەترسان دەستکاریی گۆڕی میللەتانی تریشیان، کەم دەکرد بۆیە بەهۆی ئەم گۆڕستانانە گەیشتمە زۆر نهێنی و ئاشکراکردنی زۆر لاپەڕەی مێژوویی ونبوو لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردەواری و هونەر و شارستانیەتی.

سەرسام

# ئاین و هزری پێش زەردەشت
# لەلای ئارییە کۆنەکان و میدییەکاندا

## ئارییە کۆنەکان کێن؟

لەبارەی شـوێنی ئارییـەکـانـەوە زەردەشـتـیـیـەکـان لە سـەردەمـی داریوش بە ئاهورامـزدایـان وتووە "ئیـزد ئاریان" زمـان و خـەتی نـووسـینی خـۆشـیـان بە "ئاریایی" ناو بردووە[1] هەندێ کەس وشـەی – ئاریایی – بە نەجیب زادە لێک داوەتەوە، تەفـسـیـرەکـە خـۆشـە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ پێـوەندییـەکی ئیـمـتـولـۆژیانە لە نێـوان مـانا و وشـەکـە بدۆزنەوە، کە بە هەمـوو شـێـوە زمانەکانی ئاری ئەمە ناگەیەنێ، بـەڵام کاتێ لە لێکۆڵینـەوە زانستییەکاندا ئەم نـاوە دێتـە ئاراوە بەمـانـای مـیـلـلـەتانی ئاری دێت یەکێ لەوانە وشـەی "ئیـران" ە کـە لـە سـەردەمی سـاسـانیـاندا – ئیـرانشـەریان "ئیـمـپـراتوری ئاریاییـیـان" پێ وتووە[2] کەواتـە ئێران لە ئاریانەوە وەرگیـراوە، بەڵام ئاریان سنووریان لە ئێـران گـەورەترە یان لەوانـەی تەنیـا کـە دەکـەونە نـاو ئەم سنوورەوە، بەڵکو لە سەرووی پاکستانەوە کە سـەرووی پاکستانیش دەگرێتەوە یان لە هیندەوە تا فـوراتی ناوەند دەگرێتەوە، لەدەم دەریـای یان کەنداوی فارس یا عەرەبەوە بگرە تا دەگاتە ئەرمـینیا و ئەرارات کە شوێنی ئەم گەلانە دەگـرێتـەوە کـە ئارین نـەک تەنانـەت هەر هێندەش، بەڵکو چەندین مـیللـەتی

(١) "ئارینام خشا ثرام" گوایە ناوی ئیمپراتۆرێکی ئاری بووە، ناوەکە لەوەوە هاتووە، ایران باسـتـان ـ از (٥٥٠پ. ز ـ ٦٥٠پ. ز) یوزف و یسـهرفر ـ ترجمـه مرتضـی ثاقب فر ص١١ .

(٢) ..... هەمان سەرچاوە ص١١ .

ئەوروپا بەڕەگەز ئارین.[٣]

یەکـەم جـار کـە زاراوەی Ariana بەکـار هـاتووە لەلایەن جـوگـرافـیناس "ئیراتوشـینس" هـاتووە کە بەرپرسی کتێبخانەی ئـەسکەندەرییە بوو ئەویش لە نیوەی سـەدەی سـێیـەمی پ. ز یەکەم ئـامـاژەش لە سـەردەمی "شلیـمنصـری" سێیەم – کە مەلیکی ئاشـوورییانە لە سـەدەی نۆیەمی پ. ز  کە دەڵێ دەکەونە سەر دەریاچەی ورمێ "رەزاییە" تا دەشتەکانی هەمەدان .

هەروەها Aadai-Mada لە نووسینەکانی ئاشـورییدا هـاتووە کە دەکەوتنە رۆژهەڵات و رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ[٤]

وشـەی ئـاری بە بۆچوونی ئێـمە کـە تاکو ئێستـاش لە ناو رەگ و ریشـەی زمانی کوردیدا ماوە، وشەیەکی کوردییە و مانایەکی تایبەتی خۆی دەبەخشێ کە هێندە لە نێو زمـانەکانی تری ئاری "کـورد"یدا مـانابەخش نییـە وەک "وار" "ئار" بـە مـانـای شـوێن. "چ لـە ئارادا نیـیـە" هەمـوو چوونە هەواران هـەرمن مامەوە لە "ئاران".[٥]

"هـاو + ئـار" شـوێنی هاوبەش هـاوشـوێنی کـۆچەران، بۆ "ئار" ، بڕوانە فـەرهـەنگی هەمبانە بۆرینەی هەژار. هەروەها زۆر ناوی گوند و دێهاتیشمان هەیە پاشگر و پێشگری بە "ئار" دەست پێ دەکـات کـە وشـەکـەش رەگی لە زمانی سۆمەرییەکاندا هەیە کە (ئاری)ی سەرەتایین بەهەمان شێوە بەمانای شوێن شـار دێت: بۆ نموونە "ئور" ئار – ئارۆک – ئیـراک – لە کوردیشـدا – گوندی ئاری سیدەکان – ئاری مەندان – ئارمووش – ئارگوش – ئارتووش –

(٣) تأريخ الشرق الأدنى القديم ـ ايران و الأناظول ص١١ . یان بڕوانە ـ اریایی ها ویرگوردون چایلد.

(٤) د. سامی سعيد و رضا جواد ـ تأريخ الشرق الأدنى القديم د. سامی سعيد و رضا جواد٠(ص٨٢).

(٥) ئاران/ شوێنی زستان هەوار لێرەدا (ئار) بەجوانی بە دیار دەکەوێت بەمانای شوێنی نیشتەجێبوون ـ ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت. (ئار + بل)یش هەر بەم شێوەیە بڵ = بەمانای خاکێکی کشتوکاڵی نەرم "هەمبانە بۆرینە".

ئارماوان – ئاری + مەندان بە مانای شوێنی مەندان، ئار + ماوان بەمانای شوێنی ئەوانەی ماونەتەوە ناچنە کۆچەری، کەواتە "ئێرە" "ئێرەیی" ئێرەیانی – ئێرانی – ئاری بە مانای خەڵکی وڵاتی "ئاری" ئەوانەی بە وڵاتی خۆیان دەڵێن "ئار – ڤلات" وڵات.(٦)

وەک "نیشتمان" کە لە دوو برِگە پێک هاتووە نیشت + مان. یان "ئارمانج" ئار + مان + جە = بە شوێنی مانەوە و جێگە. یان کورمانج = لە کورد + مان + جە هاتووە ئەو کوردەی لە شوێنی مانەوە کە جێگەیەتی کشتوکاڵ دەکات گوندییە ناچێتە رەوەندی "راە بەندی" بە رێگەوە بەند بوون کە دەکاتە بە پێچەوانەی بە جێگەوە بەند بوو "گاھ بەندی" گوندی ئێمە زێتر لەم بارەیەوە لە ئاڤێستای نەورۆز باسمان کردووە دووبارەی ناکەینەوە، بەڵام ئەوەی دەبێتە پرسیار و سەرهەڵدەدا ئایا وایە وەک هەندێ زانا دەڵێن کورد ٧٠٠ ساڵێک پێش زاین کۆچی کردووە بۆ ئەم ناوچەیە وەک بڵێین وڵاتەکە شوێنی ئاشوورییان بووە و کە میدییەکانی کورد لە (٦١٢) پ. ز ئاشوورییان رووخاندووە لە دوورەوە هاتوون بەمەش کوردەکە خۆی هەر لەم سەردەمەوە هاتووە.(٧)

بەمە شەرعییەت و رەسەنایەتی بدەنە غەیرە کورد بۆ ناوچەکە، ئەمەش هەر لەبەرئەوەی ئەم هەڵەیە کراوە گرینگی دراوەتە شوێنەوارەکانی ئاشووری لە دەوروبەری نەینەوا و هیچ گرینگییەک نەدراوەتە سمبول و شوێنەوارەکانی

(٦) پێ دەچێت وڵات لە ویلایەتەوە هاتبێت، کە "والی" حوکمی دەکات نەک راستەوخۆ سەر بە پایتەخت بێت، لە سەردەمی عەباسیان و عوسمانییاندا وەلیی ئەمر تەوەلی کردنی ناوچەیەک بۆ کەسێک بوو لە لایەن خەلیفەوە دادەمەزرا.

(٧) ویر گوردون چایلد "آریایی ها ص٣٦" کە ناوی کتێبەکەیەتی دەڵێ: هیندییەکان هاتنە ناو "بین النهرین" کە لەگەڵ هۆزەکانی سانسکریتی "پنجاب" دەگەرِێنەوە لە هیند بە هەمان شێوە "سۆمەرییەکان" لە ئاڤێستای نەورۆز باسم کردوون لە نزیک ئور "پنجاب" یان هەبوو.

کورد له ناوچەکە بە گشتی یان شێوێندراوه یان مانای سمبولەکانیان شێواندووه، بۆیە بە هۆی ئەم شوێنەوارانەوە ئێمە دەتوانین لایەنێکی گرینگ بخەینە پێش چاو کە پاشماوەکانی لە شاخ هەڵکەندراوی زەردەشتیانە لە کوردستان کە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. وە ئەم چەند وشەیەش ئاراستەی ئەم بەناو زانایانە بکەین کە دەڵێن: کورد ٦٠٠ –٧٠٠ ساڵێک پێش زاین هاتووەتە ناوچەی کوردستان، بەڵام لە راستیدا کۆنترین دانیشتووی ئەم ناوچەیەن.

١– ئەو مرۆڤی نیاندرتاڵ کە لە ئەشکەوتی "شانەدەر و زەرزی" ئێسک و پرووسکی دۆزرایەوە لەم ناوچەیە ژیاوە دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠ – ٧٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا نەوەکانی چییان لێ هات؟ ئایا هەر لێرەدا نەشونمایان نەکردووە و نابێ کورد خۆی بەنەوەی ئەو بزانێ.

٢– رەگەزی دەوروپشتی ئاریان – یان هیندو ئەوروپیان دیارە کێن – کە لە رۆژهەڵاتەوە "چین" و چینییەکان و رەگەزی زەردن – ئایا کورد لە رەگەزی زەردە دەم و چاوی چینییە تا بڵێین لە چینەوە هاتوون.

٣– لە باکورەوە کە سەرووی ئارییانە لەوانیش کورد مەنگۆلی و ئۆزبەکس و تورکەمەن و ئەرمەنین، ئایا کورد لەو مەنگۆلی و تورکە رەگەز زەردانەن کۆچیان کردووە بۆ کوردستان، لە سیمایان دەبێ دیاربێت یان ئەرمەنین هاتوون کە ئەرمەنی ئێستاش ماون زمانیان کوردی نییە زمانی کوردانیش ئەرمەنی نییە!

٤– ئایا کورد لە رەگەزی "سامیە" پێستی رەشە وەک ئەو عەرەبانەی سعودی و جەزیرەی و عەرەبی و زمانیان عەرەبییە تا بڵێین لە نەوەی کورد بن سەعسەعەی بن هەوزانن، یان ئەجندۆکە و شەیتانن نەخێر بەڵکو ئەوەی وا بڵێ دەبێتە گاڵتەجاڕ.

٥– ئایا کورد لە نەوەی یۆنان و ئەگریک و رۆمانە زمانیان وەکو ئەوانە؟ نەخێر بەڵکو ئەوان وەک زانایان دەڵێن: لقێکن لە ئاری بوونەتەوە، هەروەها

ئەرمەنی و "حیسی" و هێلینی و – ئەغریقی و – سلاڤی ئیتاڵی ئەڵمانی "جەرمەنی" پاش گۆڕانکاری گەیشتنە ئەم ئەنجامە(٨). کەواتە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتوون.

٦- کورد لە هەر کوێیەک هاتبن دەبێ بەشێکیان بەجێ مابن هەمان زمانی کوردی یان سیمای کوردییان هەبێت!؟

٧- ئایا کورد فارسە بوونەتە کورد ئەگەر وایە کوردەکان کێن؟ یا بۆ لە تەک یەکن و هەموو زمان و کولتووری خۆیان پاراستووە(٩) خەڵکی ئەم ناوچەیە و هەر لەم ناوچەیەش زمانی کوردی بۆخۆی داهێناوە و خاکی پاراستووە.

٨- ئەگەر ئەوانەی دەڵێن ئێرە تەنیا ئاشووریی لێ بووە بوختان بە ئاشوورییەکان دەکەن چونکە لە نووسینە قوڕینەکانیان باسی ئەم چیانشینانە دەکەن یان ئەو کوردانە "بیت هەکار" و ناوچەی شمشارە و "مجێسەر" ڕەواندوز چیاکان بەگشتی کە چۆن تاڵانیان کردوون چۆن هەموو ساڵێک ئاشوورییەکان دەچوون سەریان دەبڕین و مەڕ و ماڵات و ئەسپ و زەخیرەیان بە تاڵان دەهێنا تاکو سەنحاریب ئەمەی قەدەغە کرد تەنیا ڕێگەی بە تاڵان دا تاکو بۆ ساڵێکی دادێ ڕێگەیان بدات بەرهەمی تر وەبەرهەم بهێنن بۆ تاڵان(١٠).

---

(٨) تأريخ الشرق الادنى القديم - ئيران والاناظول - د. سامى سعيد احمد و رضا جواد الهاشمى ص٧٩ .

(٩) بۆیە کورتەی ڕایەکەمان هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە ئەم ناوچەیەی کوردستان شوێنی ئاریان بووە تەنیا شەپۆلی یەک لە دوا یەکی هاوچەشنەی خۆی لە ئاریان قەبووڵ کردووە، بە شێوەیەکی سروشتی نامۆیانی دەرکردووە یان لەناو جەرگەی خۆیدا تواندووەتەوە.

(١٠) الحيات اليومية في بلاد اشور و بابل - جورج كونتينو/ترجمة وتعليق طه التكريتي - وبرهان عبدالتكريتي. "بيت هكار" زاراوەیەکی ئاشوورییە مەبەستی ناوچە چیاییەکانە ئێستا هەکاریای پێ دەڵێن.

ئەمانەی باسمان کرد لەو خاڵانەی سەرەوە کە چەواشەکاران لێی دەرباز بن رایەکی تر لەئارادا هەیە ئەویش گوایە لە سەرووی رۆژئاوای خەزەرەوە هاتوون بۆ ناوچەکانی ورمێ، بەبێ ئەوەی شتێک دەربارەی "ماننناکان" و شارستانیەتی ماننان لە دەوروبەری ورمێ بزانن بەبێ ئەوەی بزانن ئەم شوێنە لەسەر رێگەی ئاوریشم بوو، زەردەشت و مانی هەرلەوێدا وەک پەیامبەر دروست بوون یان سەریان هەڵدا. بەبێ ئەوەش پێوەندیی نێوان فارس و ئەفغان و گەلانی ئاری بدۆزنەوە کە هەمان بنەماڵەی زمان و کولتووری زۆرینەن دەکەونە خوارووی زاگرۆس و شوێنی سۆمەری و ئاریانی سەرەتایین. ئەو کەسانەی کە ئەم چەشنە ئیدیعایانە دەکەن پێوەندی نێوان "گوتی" (کاسی) و میدی شارەزا نین و هەروەها مێژووی "لولو" و کاردۆخ و "ئیلام".[١١] و کیشی کە چەندین سەدە نەک هەر دۆڵی دیجلە و فوراتیان حوکم کردووە بەڵکو دانیشتووانی ناوچەکەش بوون - شوێنی ئێستای بەغداد و دەوروبەری سەنتەری جموجۆڵیان بوو لەوانەش شاری "تیسفون" پێشتر بە دوو هەزار ساڵ پ. ز هیی "گوتییەکان" بووە. بۆیە دەبێ ئەوانە بگەڕێنەوە زێتر شارەزای مێژوو بن چاویلکەی نازانستی و مەبەستدار داکەنن. بزانن ئارییەکان لێرەوە چوونەتە ناوچەی سەیحون و جەیحون و لەوێوەش بەرەو ئەوروپا، چونکە ناوچەی سەیحون و جەیحون کۆنە شارە میروستانی بەشری نەبووە ئەم هەموو جیهانە پڕ ئاری بکات و ئەم هەموو پێوەندییەش لەگەڵ گەلانی ئاریدا بچنێتەوە و بەرەو ئەوروپاش بڕوات کە خۆی لە خۆیدا ناوچەیەکی بچووک و داخراوە ئێستاش ئێمە چی لێ نازانین لەبەر زەحمەتی هاتوچۆ کە ئەو کاتەش هەروابووە بەڵکو وەک لە ئەفسانەکان و سەربردەی میدییەکان هاتووە - ناوی میدییەکان پێوەندیی بە " ژووری ئاگری ئەکباتانا

---

(١١) ئیلامییەکانیش لە سەدەی حەفتەم ئاینیان هەبوو بە هاوبەشی لەگەڵ کاسی "کاشی - کیشی" و میتانی و حسی و بەناوی "میترا" و "ڤارونا" و "ئەندرا" کە ئەمانەش بەشێک بوون لە گەلانی ئاری و میدی ص٧٩ تأريخ الشرق الادنى القديم والاناظور.

"Kavatakau"وە هەیە کە ئەو نەوەو سولالەین کە پێیان دەوترا "Kavi" کە ئەگریکەکان بە "میدی" ناویان دەبردن.[١٢] وشەی "کێڤی" زۆر نزیکە لە کێوی، بەمانای چیایی، جگە لەوەی هیرۆدۆتس دامەزراندنی دەوڵەتی "مادی" یان "میدی" دەگەڕێنێتەوە بۆ Deioces دیاکو پایتەختیش Agbatana ئاشوورییەکان پێیان وتووە مەلیک. کە ئاشوورییەکان بە دیاکو ناوی دەبەن و لە ساڵی ٧١٥ پ . ز ئەسیر بووە بەدەستی سەرجونی دووەم دوای دوو ساڵ ئاشوورییەکان ناوی Bit - Daiaakku بە ئەکباتان لە قەڵەم دەدەن. کەواتە دیاکو دەبێتە نازناوی بنەماڵەکە[١٣] بۆیە هەر شەپۆلێکی ئاریانیش هاتبێ شەپۆلێکی پێشتری ئاریانیش لێ بووە و ئاری و کوردنشین بووە. درێژە بەم باسەش نادەین لەبەر باسی سەرەکیمان بەڵام بۆمان روون دەبێتەوە هەر سەرچاوەکانی ئاشووری خۆیان ئەم رایە بە درۆ دەخەنەوە، سەیرکە ساڵانی (٦٠٠ – ٧٠٠)ە کانی پێش زاینی لە کویێ ساڵی ٧١٥ی پ. ز لە کوێی سەیحون لە کوێی ئەکباتان لە کوێ شەڕی نێوان چیاییە زاگرۆسییەکان لە کوێ و هێرشی داگیرکەرانەی ئاشوورییان لە کوێی و دروستکردنی قەڵاکانیان لە کوێ.

---

(١٢) بڕوانە ص٨٥ هەمان سەرچاوە تأریخ الشرق الادنی القدیم ـ ایران والاناظول هەروەها لە وشەی "ژووری ئاگری ئاکباتانا" بۆمان روون دەبێتەوە کە میدییەکان ئاگرپەرست بوون سەرەتای دیاردە پەرستی بوون وەک مانگ رۆژ و ئەستێرە و رووناکی و ئاگر کە جۆرە ئایەتێکیان هەبووە شانبەشانی خواوەندەکانی تر.

(١٣) هەمان سەرچاوە تأریخ الشرق الادنی القدیم ایران ص٨٥ والاناظول .

# ئاینی ماد

میدییەکانمان وەک سەرەتایەکی زانراو دانا بۆ دەخمەی زەردەشتی و شوێنەوارەکانیان لە فیکر و فەلسەفە جگە لە گرووپەکانی تری ئاریانی کورد وەک لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە کە ئاینی "عیلام" لە پەرستنی رەگەزی مێینە پێک هاتووە.(١)

لەوانە خواوەندی "بینکر" هەروەها خواوەندی "گرنیگ" کە لە هەموو لایەک سوێندیان پێ دەخوارد بەناوی "ئەنشوسبناک" "نین شوشیناک" کە لەلای سۆمەریان ناوی "شوشە مەزن" بوو "منیانی" تەنانەت جگە لەوەی باسمان کردووە زۆر جاران کاشییەکان کە هەموو عێراقیان بە دەستەوە بوو مەبەست " ئارۆک"ە خوارووی عێراقی ئێستا. خواوەندیان لەگەڵ میتانی و "حثی" و مادی "میدی" یەک بووە وەک "میترا" و "ڤارونا" و "ئەندرا". هاشم رضی دەڵێت:(٢) «میدییەکان لە سەرەتای سەدەی حەفتەم و کۆتاییی سەدەی شەشەم ئیمپراتۆریەتی مادیان دانا هەندێ لەو زانیارییانەش کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا یەکتر دەگرێتەوە لەگەڵ نووسینێک کە "عومەر رەحیم" وەری گێڕاوەتە سەر کوردی.(٣)

کە باسی پەیڕەوانی زەردەشت دەکات لە کتێبی پیرۆزی "رێگ ویدا" کە رێورەسمی ئاینی هیند و ئارییەکانی بووە لە رابردوویەکی زۆر دووری مێژوودا، جگە لەو دەقە بزمارییانەی کە لە سەدەی نۆیەم تا حەوتەمی پێش

---

(١) هەمان سەرچاوە ص٦٣ ص٣٤ .

(٢) هاشم رضی دین و فرهنگ ایرانی پیش لذ عصر زردتشت ص ٢٠٧ .

(٣) کۆواری هەزار مێرد ـ بەشی یەکەم، و. عمر رحیم "ئاینی مادەکان پێش هاتنی زەردەشت ـ بەشی یەکەم".

عیسا بەردەست کەوتبوون.(٤)

دواتر چۆن لە دەقە بزمارییەکان عیلامییەکان و شوێنەواری تەختی جەمشید و ئەرشیفە بزمارییەکانی بابل. کە زۆریان دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش عیسا کەوا دیارە ئاینی زەردەشتی لە خوارووی ئێراندا یان زاگرۆس زێتر و زووتر بڵاو بووەتەوە.

ڕووداوەکان بەهۆی ناوی مانگەکانەوە دیاری کراون یان بەهۆی نووسراوی سەر بەردی شاکانی پارسی سەدەی شەشەم. یان پشکنینی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون و گۆڕستانەکانی خودی مادەکانیش بەڵگە و زانیاری بەکەڵک و بەسوود پەیدا کراون(٥) یان ئەو زانیارییانەی "هیردوتس" باسیان دەکات کە "هاشم رضی" تۆماری کردووە.(٦) کە دەڵێ: هیرودوت دەڵێ: «٧٠٨ – ٦٥٥ پ. ز دیاکو بە بناخە دانەری ئەم دەوڵەتە دەژمێردرێ لەو چوار پاشایەی ناویان هاتووە» ص٢٠٧ ص٢٠٨(٧) کە لەم نووسینانەدا هاتووە میترا "ڤارونا" وارونا هەمیشە خواوەندی ڕێز و دادپەروەری بوون لە پەرستگاکاندا لە ئاڤێستادا "ئەشا" بە زمانی مادو و پارسەکان پێی وتراوە "ئەرتا" ئەویش لە سەدەی نۆیەمی پێش عیسا وە لە سەدەی هەشتەم بە شێوەی "مەزدان" یان لە نووسراوێکی ئیلامی بە شێوەی "مەزدا ڤەرنە" بەمانای تەخت و پیرۆزی لە خواوە بەدەست کەوتووە یان "مەزداداتا" بەمانای مەزدا پێداو هاتووە. یان لە تەختی جەمشید بە "مەزدایانا" بە مانای خواپەرست ناویان هێناوە. لە ئاسەوارەکانی ئاشووریدا هیچ ناوێک نەهاتووە لەگەڵ ناوی "میترا"

---

(٤) تازەترین بەڵگەم لە دخمەکانی "ماد" دۆزییەوە لە اسحاقوەند کە میدییەکان ئاتەشگایان هەبوو سەرەڕای ئاتەشگاش هەر بڕوایان بەئاسمان و ئەو خواوەندانە هەبوو کە لە سەرووی ئاتەشگاوەن/بڕوانە وێنەکان.

(٥) لەم لێکۆڵینەوە مەیدانییەم لە هەموو زاگرۆس لەسەرتاخوار هەردوو دیوی ئێراق و ئێران کە میدیەکان گۆڕ دخمەیان هەبوو.

(٦) هاشم رضی دین و فرهنگ ایرانی پیش از عصر زرتشت ص٢٠٧ ص٢٠٨ .

(٧) هەمان سەرچاوە.

تێکهەڵکێش کرابێت. لە تەختی جەمشیددا بە شێوەی میترا بە شێوەزاری پارسەکان "میسا" ناوی هاتووە.

"میتراپاتا – مسی ساپاتا" بە مانای میترا پارێزگارییەتی یان "میتر بارزان" واتا میترای گەورە "داتا میسا" ئەم زانیارییانە بوون لەگەڵ زانیارییەکانی هاشم رضا کاتێ بەراوردیان دەکەینەوە دەبینین دەڵێ:"وارونە" لە Rig - veda بەشێوەی دیائاوە هاتووە . پاشان بووەتە وارونە Varuna وە کاتێ چووەتە نێو زمانی یۆنانییەوە بووەتە "دیائوس" کە لە دیائۆوە هاتووە، بەڕای ئێمەش بووەتە "تیئوس" بەمانای خواوەند – نەک تاوس – وە ڕای تریشمان هەیە کە "تاوسی مەلەک" لە "مەلۆکە تاوسەوە"(٨) هاتبێ کە هەمان مانای "تیئوس" بدات وە هەمان وێنە بێت "بغ" "بغاش" ی سەر کێلەکانی بابغیش، بەڵام لەلای فارسەکان وا باوبووە کە "بەغا" بەمانای بەخشندە دێت. لەو ناوی "ماد" لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمدا ماونەتەوە ناوی "بەغا" لە هەموو خواوەندەکانی تر زیاتر ڕێزی لێ گیراوە، وە هەروەها ناوی "بەغدات" واتا خوای "بەغایا" بەغپارنا – بەغاڤەرنە [فرندە بەغاش] نووسەر. کە لە سەردەمی سەرگونی دووەمدا (٧٢٢ – ٧٠٥) پ. ز ناوی "بەغ" مزدا هاتووە دوورنییە لە "بەغامەداوە" هاتبێت. کە ڕایەکیش وایە کە "بەغداد" لەوەوە هاتبێ. ئێمەش هەندێ ناو و شوێنەوارمان لە کوردستان دۆزییەوە.(٩)

---

(٨) مەل = بەمانای باڵدار –مەلائکە –کە پێشگری بە "مەل" دەست پێ دەکات بەمانای باڵدار ئاکار. بۆی هەیە لە مەلی تاوسییەوە هاتبێ کە ڕەنگاڵەیە وەک بەبەغا ـ "بەغاش" بچووکن، بەڵام وەک تاوسن لە شێوەی وێنەی بابچیچک بابغاش.

(٩) ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کردووە کە چەندین ساڵ لەمەوبەر کاتێ باسی "فلونە" و "بابچیچک" مان کردووە چ لە کتێبەکەی سەلاحەددینی ئەیوبی من جدید ـ یان کۆواری هەولێر خولی دووەم. کەواتە فلونە لە ڤارونەوە هاتووە لە تەک بابچیچک، بەشێوەی ڤارونە ـ وارونە وەپاش ئەوەی زانیمان "بابغیش" لە "باب بەغاش" ەوە هاتووە کە لە مێژوودا بە شێوەی بابغیش هاتووە بە مانای =

باسـمـان لێ کـردووه و باسـی لێـوه دهکـهین. بهڵام دهبێ له بیـر نهکـهین کـهوا مـیـثـرا - بهغـا و بهغا مـیـهر لـه سـهرچاوه فـارسـیـیـهکـاندا ناوی "بهغ" زۆر دهبینرێ. ئـینجـا وهک باسـمـان کـردن ئهم خـواوهندانه پێش زهردهشت باویان ههبووه له نێو مـیـدییهکـان یان ئاریـیـانی کـۆن. بهغـاپاتا - بهغـداتا - بهغـا دوسـتـا - بهغـا ڤـهرنه - جگه له ههندێ نـاوی تر کـه له بهڵگهی شـوێنهواری "خـۆمـادشـو" کهوتوونهته دهست، دهگهڕێتـهوه سـاڵانی ٥٣٣ - ٥٢٦ پ. ز کـه

= دهرگـای "بهغـاش" کـه تهیری رهنگاڵهیه بهعـهرهبی و فـارسـی بۆی ههیه له مـهلی "تهیری" تاوسییهوه هاتبێ، خۆ ههر لهسـهر مزگهوتهکهی زیارهتی خواروو، وێنهی مارێک کێشراوه مامۆستا مهلا قاسم نیشانی دام. وه زریمۆکیش ههر بهم مانای بهغاشه دێت ههمان چۆلهکه له دهڤهری بارزان که شوێنی دخمهی زهردهشتییانه "کهڤرێ مهیتـان" ناوهکهش "بغا ـ بهغ" بابچیچک به مانـای دهرگهی چۆلهکه کـه شـوێنهکه وهک دهرگه وایه له نێوان دهشـتی هـهریر و حهوزی دوین و بـابچیـچک، تهنانهت ئێستاش ناوهکه بهمانای باب + چیچک = دهرگهی چۆلهکه ناودهبردرێ که دوو چۆلهکهی وهک رهنگاڵه لهسـهر کـێڵـهکـان نهخـشی کـێشـراوه کـه ئـهمـه بهڵگهی خـاوهن مـهزههبێکه ههر بۆیهش حـهمـدانیـیـهکـان لهم شـوێنه لهگـهڵ ههزبانییهکان جهنگیون، شـوێنهواری تێکدانی گۆڕستـانهکه به ئاشکرا دیاره و ههموو کێلهکان کهوتوونهته سـهریهک که وێنهی دهست و چۆلهکـه و خـهنجـهری لهسـهره. کـه بـهڕای ئێمـه پاشـماوهی بیـروبڕوا کۆنهکانی پێش ئیـسلام سـهری ههڵداوهتهوه. وه وهک بـهڵگهیهکی گـرینگ لهسـهر کـێڵـێک که لهسـهر لایهکی دوو چۆلهکهی "بهغـاش" کراوه لهلاکهی تری کێلهکه که سپی کراوه داتاشراوه، دیاره تازهیه نیسبهت به کێلهکه بهگشتی که ژهنگی رهشی گرتووه لهسـهری نووسراوه (لا اله الا الله) به خـهتێکی کووفیی کۆن که دیاره دهگهڕێتهوه ههمان سـهردهمی سـاڵانی ٢٩٢ کـۆچی و دهوروبهری، بڕوانه "تأريخ أربيل ـ زبيـر بلال" کـه باسی ههزبانییـهکان دهکات چۆن "مـحـمـد بن هلال" سـوپاکهی له "بابغیش" بهدهست حهمدانییهکان شکست دێنێ. بۆ زێده زانیاری بڕوانه "صـلاح الدين الأيوبي من جديد" عبدالخالق سـهرسام یان نووسینێکیان له کۆواری هـهولێر خـولی دووهمی لهسـهر ئهم بابهتهیه.

وشـەی "بەغ" ی لەگەڵدایە ئەم جۆرە بیروباوەڕ و ڕێزگرتنانەی "وارونا" لەگەڵ "وارونا" ی ئاڤـێـسـتـای کـۆندا یەکـتـر دەگـرنەوە، وارونا – بەڕای ئەوان دروستکەری جیهان بووە. وە پاشان ئەم پیرۆزییە دراوە بە ئاهورامزدا. کە دیارە پارس و مادەکان خاوەن باوەڕێکی توندڕەو بوون بەرامبەر هەر ئاینێکی کـۆن و دژ بە ئاینی تازە. بۆیە بوونە پێـشگر و کـۆسپ لە بەردەم ئاینی زەردەشتیدا. تا زەردەشت وردە وردە زاڵ دەبێت بەسەر خواوەندەکانی پێش خـۆی وەک دیارە هەتا (٤٠٠) چوار سـەدی کۆچیش ناوە ناوە کـوردەکـانی بەڕواڵەت موسڵمان وەرگەڕاونەتەوە لە خەلیفەکانی ئیسلام، چونکە لە ناخەوە هەر لەسـەر ئاینە کۆنەکانیان ماونەتەوە، وەک ئەو مەزهەبانەی لە کوردستان دەیانبینین یان وەک لە بابغیش شـوێنەواری دەخوێنینەوە.جگە لەم ناوانەی باسمان کردن، وەک خواوەند لەسەردەمی پێش هاتنی زەردەشت و سەردەمی میدییەکان، ناوی چەندین خواوەندی تریش دەست کەوتووە کە دەگەڕێتەوە سـەردەمی میدییەکـان جگە لە "مـیـترا" وەک "ابرهای باران زا" ئەفسـانەی تیشتروا پە ئاوشە. وە لە نێو پەرستگای عیلامییەکان ناوی "خدای گەورە" خـدای خـدایانی عـیـلام inshashiino بووە. یان وەک "هاشم رەضی" لە کتێبەکەیدا باسی دەکات ل١٤٧[١٠] دەڵێ: کۆنترین خدای میدیان و ئاریان خـدای "ئاسـمـان" بووە هەروەها خـواوەندی "تۆفـان" و "برووسک" لەلای میتانییەکان.[١١]

سەرەڕای ئەم لایەنانەی کە باس کرا لە ناوی خواوەند و جۆری بیرکردنەوە و ئاینی پێش زەردەشت لەوانەش مـیـدیـیـەکـان دەبینین چەندین "دەخـمـە" سەردەمەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی میدییەکان وەک دەخمەی "فخریقا" یان اسحاق وەند یان گۆڕە بەردینەکەی نزیک "سەحنە" یان گۆڕە بەردینەکەی "دوکان داود" یان "دوکـانی سلێمـانی – قسن قەپان" ص٥٦٣ مـیـدیا[١٢] کە

(١٠) هاشم رضی ـ دین و فەرهەنگ ایران پیش از عصر زەردەشت ص ١٤٧ .

(١١) هەمان سەرچاوە ص٥٥ .

(١٢) ئی. م. دیاکۆنۆف ـ میدیا وەرگێڕ ـ برهان قانع لە فارسییەوە ص٥٦٣ .

ئێمە ڕایەکی ترمان لەلا دروست بووە باسی لێوە دەکەین ئەمەو "هرتسفلد" باسی دەخمەیەک دەکات بە کۆنترین دەخمەی لە قەڵەم دەدات ئەویش دەخمەی نزیک "سکوند"ە لە خوارووی کرماشانەوەیە ص٥٥٥ میدیا[١٣] کە لە ژووری ئەو تاقەوە "سەکۆ" و پەیکەرێکی گەورەی لێیە دوو پەیکەری بچووکی مرۆڤ لە دامێنی ئاگردانەکەوە نەخشی کراوە، ئەمانە گشتی وەک شوێنەواری میدییەکان دروست کراوە دیارە دەخمەیان بەکارهێناوە و دەبێتە بنەمایەک بۆ "دەخمەی زەردەشتی" وە لە هەمان کاتدا کاریگەریی لە دوای خۆیدا بەجێ هێشتووە یان کاریگەریی ئاینی تری لەسەر بووە، چونکە زۆربەی ئاینەکانی نزیک یەک کاریگەرییان لەسەر یەک هەبووە. هەر بۆ نموونە کاتێ دەگەڕێینەوە سەر ئاینییەکان هیندستان وەک لە لاپەڕە (٧٧) هاتووە لە "أديان الهند"[١٤] بەم جۆرەی خوارەوە وەرم گرتووە بۆ بەراوردکاری لەگەڵ ناوی خواوەندەکانی میدی و پێش زەردەشتیان کە دەکرێتە سێ بەش "خودایانی ئاسمان" و "خودایانی زەوی" و "خودایانی نێوەند" .

١- **خودایانی ئاسمان:** لە دیائوس "پیتر" Dyaus Pitar خداوەندی باوک "ئاسمان"ە ورونە Varuna ڤارونە خدای زەمان و ڕۆژگار، سوریە Surya خدای "خورشید" بە مانای خۆر - رۆژ.

٢- **خودایانی نێوەند:** "نێوان ئاسمان و زەوی" Mitra میترا دەکاتە خودای رۆژ "خۆر" ئیندرە indra خدای برووسک و تریشقە "رودرە Rudra" خدای تۆفان.

٣- **خوداکانی زەمین:** برتیوی ماتر Prthiv Matar خدای دایک "زەمین" . ئاگنی "Agni" خدای ئاگری سومە "Soma" خدای مانگ[١٥].

لێرەدا کاریگەری ئارییان لەسەر هیند بەدیار دەکەوێ ئەگەر تەمەنی زاراوە

---

(١٣) هەمان سەرچاوە ص٥٥٥ .

(١٤) دکترفیاض قرابی عضو هیأت علمی دانشگاه فردوس مشهد "أديان الهند" ل٧٧ انتشارات فردوسی مشهد ١٣٨٣ .

(١٥) هەمان سەرچاوە "اديان الهند" ل ٧٧ .

و ناوەکان بکەینە پێوەر، بەڵام چونکە ئەم ناوانە لە "رگ و دایی" (ریگ ڤیدا) هاتووە و سەرچاوەیەکی زۆر کۆنە کاریگەریی رۆژهەڵاتە لەسەر میدییەکان لە رێگەی ئاوریشمەوە کەواتە لێرەدا کاریگەریی هیندی بە ئاشکرا بەدی دەکرێ لەسەر ئاریانی هیند و ئەوروپی، هیند و ئاری و بەپێچەوانەوە وەک لە کتێبەکەم ئاڤێستای نەورۆزدا زێدە زانیاریمان نووسیوە دووبارەی ناکەینەوە. لە سەردەمانی سۆمەری و کاریگەرییان بەهەمان شێوە بەم جۆرە ئارییان و هیند و ئارییانی هیند و ئەوروپی لێک جیا دەبنەوە.(١٦)

لەو مێژووەی کە فیرعەونەکان دروستیان کردوو و خۆیان بەخوا دانا و خەڵک بە بەندە، بەڵام سەرکەوتنی "مووسا" بۆ سەرکێوی توور، قسەکردن لەگەڵ خوای ئاسمان و بەدرۆ خستنەوەی فیرعەون و لە هەمان کاتدا پیرۆزی دانە خود و نزیکبوونەوە لە خوا و دوورخستنەوەی فیرعەون لە ئیدیعای خوایەتی، لەلاکەی تر دوای ئەو داوای ئەوەیان کرد عیسا کوڕی خوایە، بەڵام بە هاتنی خۆشەویستی خوا کۆتایی بەم موزایەدەیە هاتووە، بیروبڕوا و ئاین رێگەیەکی تری وەرگرتووە و پلەکانی بەدیار کەوت ئەم کێشە و زۆرانبازییە خوێناوییانەش وردە وردە کۆتاییان دێت لە بەکارهێنانی هێز و پەیداکردنی لایەنگر و چەکی سەربازی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرورا و بۆچوون.(١٧) جیهان هەموو دەبێتە گۆڕەپانی دیالۆگ، گوێدانە یەکتر و قەبووڵکردنی یەکتر لەسەر ئەم خاکە و رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ کە بیروبڕوای کۆتایی و زانستیانەیە، لە ژێر ئەم رۆشناییەش رێگەدان بە ئاین کاری خۆی بکات. وەک هەموو فیکرێک دوور لە بەکارهێنانی چەپۆکی هێز.

(١٦) لە هیندستان ئاینەکان خۆیان بە ئاینی ئاسمانی نازانن وەک "وەحی" بیروبڕوا و وتەی خوایان بۆ هاتبێتە خوار، بەڵکو ئاینەکانیان لە وتەی ڕێنوێنیی ئەو کەسانە پێک دێت کە پێشڕەو و داهێنەری "ئاین" و ڕێنوێنییەکانن.

(١٧) زۆر لە ئیمپراتۆرەکان بە درێژایی مێژوو بیروبڕوا و ئاینیان تەنیا وەک ئامرازێک بۆ پێکەوەنانی سوپایەکی بەهێز بۆ شەڕ دژی فەرمانڕەوایی و ئیمپراتۆریەتەکانی دەوروبەریان بەکار دێنا.



وێنەی ١
چۆن دەرگە لەسەری دەسوورِا ئاواش خەڵکی لە دەوریا دەسوورِان

ڕێسمەی دەرگای پەرستگای گۆدیای سۆمەر، ڕێسمە بە عەرەبی "کەعبەی دەرگای" پەرستگای پێ دەڵێن لەم وێنەیەدا ئەو بەشەی ڕێسمەکە کە دەکەوێتە ژێر خاک و هەروەها شوێنی سوڕانی پانی دەرگەکە بەردەکەش بەدی دەکرێ دەبووایە ڕەش بێت تەڵەسم و ناوی خـــواوەند و دوعـــا و پاڕانەوەی چوونە ژوورەوەی لەسەر نووسراوە کە دۆزینەوەیەکی گرینگی مانا و بنەمای ئۆل و فەلسەفە و بیروبڕوای چوار هەزار و دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستایە کوردێک هەستی پێ دەکا، دیارە چەند بەردێکی تریش بەهەمان شێوە دۆزراوەتەوە کە قونپانی دەرگەی پەرستگا بوون.

## فەلسەفە و بنەمای سەرهەڵدانی ئاینەکانی زاگرۆسیان

ئێمە لە سەرەتادا و بەتایبەتی لە کتێبی ئاڤێستای نەورۆز کاتێ باسی "گۆدیا"مان کرد کە وا پەیکەری سێ گای پاڵکەوتووی هەبووە لەلای خۆی داناوە وەک خواوەندێکی پیرۆز[١] پاشان درکمان بەوە کرد کە رەگی ئەم گاپەرستییە لە هیندستان هەتا ئێستاش ماوە لەلایەن ملیۆنەها هیندییەوە پەیڕەو دەکرێت. کە رەگی ئەم گاپەرستییە یان دەبێ لە دۆڵی رووبارەکانی زاگرۆس و خوارووی عێراقەوە پەڕیبێتەوە بۆ هیندستان یان ئەوەتە لەوێوە لەگەڵ شەپۆلی هاتوچۆی کۆچەرانی ئاری پەڕیبێتەوە بۆ کوردستان، کە بەڕای من لە هیندستانەوە هاتووە، چونکە جێگەی ژیانی ئەم گاپەرستی و فرە ئاینانەیە تا ئێستاش هەندێکیان "مار" دەپەرستن وەک هەمان کودەتای گۆدیای گاپەرستە "سمبولی خێر" ی سەرەتایی دژی "مار" پەرستان کە فیرعەونییەکان لەسەر لیمچەوانیان ماریان داناوە کە دیارە ماری "تەحنیت" کراوە واتا کەوڵکراو و بۆریی پێستەی ماری گەورەیان کردووەتە کڵاو و لە پشتەوە بەقەد کراوی هاتووەتە خوارەوە و هەردوولای گوێی داپۆشیوە.

کەواتە هەمان "گای ئاسمان" لەلایەن "کەل گامێش" گامێشی پیرۆزەوە دەکوژرێ کە دێتە خوارەوە شارەکان تێک دەدات، دەبینین لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کاتێ گلگامش، هاوڕێ ئەنکید، دەست بۆ "گوڵی نەمری" دەبات لە ژێر دەریا بیخوات و تا وەک خواوەند نەمر بێت "مار"ێک گوڵەکە دەخوات

(١) جگە لەوەی خواوەندی تریشی لەلا پیرۆز بوو تەلەسمی ژێر دەرگە بەردە کەعبەی گۆدیا یان پەرستگای لگش کە ناوی زۆربەی خواکان دەنووسرا، ئەو خواوەندانەی لێی دەترسان وەک: "ئان و بل، بلیت، رامان، ئیشتار، سن، شمش،... هتد.

کەواتە مارە کەسیفەتی خلوود و نەمری وەردەگرێ کەواتە گاپەرستی دوو سەردەمی دیوە لە سەردەمی یەکەمدا لەلای سۆمەرییەکان "مار" خوداوەند و نەمر بووە گوڵی حەیات و نەمریی خواردووە "گای ئاسمانی" کوژراوە، لە سەردەمی دووەم لەلای پەیامبەری گۆتی سۆمەری[٢] سمبولی گاپەرستی بەسەر سۆمەرستاندا بڵاو دەکاتەوە ئەژدیهاک و مار دەکوژێ و مەلیکاتی دەداتەوە دەست سۆمەرییەکان تەنیا وەک پەیامبەرێک خزمەتی میللەت دەکات.[٣] وشەی "گا" کە لەلای سۆمەرییان بەشێوەی "گۆ" "گا" وتراوە، بەڵام لەلای فارسەکان و هیندییەکان بە شێوەی "گاو" گۆ دەکری کە دیارە شێوەی سۆمەری و کوردی یەک رەگن. کە وەک أ. و. ل دەڵێ: سۆمەر ئاریی سەرەتایین کەواتە:

١- لە سەرەتادا سۆمەرییەکان گا ناپەرستن "مار" دەپەرستن وەک چۆن فیرعەونییەکان چاویان لێ دەکەن.

٢- سەردەمی دووەم کە سەردەمی ڕاپەڕین و شارستانییەتی سۆمەرییەکانە لە ژێر حوکمی (٢١) بیست و یەک مەلیکی گۆتی زاگرۆسیی کورد.

٣- لە قۆناغی سێیەمدا هەر ئەم گایە لەلایەن میتراییەکانەوە کە خۆرپەرست و ڕووناکیپەرست بوون دەبێتە قوربانیی بەشەریەت و مرۆڤایەتی لە هەر دڵۆپێک خوێنی هەزاران گیانلەبەر و رووەک دروست دەبن پیرۆزی "گا" لەلای زەردەشتیش هەر ماوە و دەبینی وەک لەم دەقەدا بەدیار دەکەوێ بە دوو دەستی بەرزکراوەی پاڕانەوە، ئێمە هەردووکمان، دەروونم و دەروونی "مانگا" ی دایک هانا بۆ خوای حەکیم دەبەین فەرمان بدا کە زەرەر نەگاتە مرۆڤی ئەمین گاوانی گاڕان لە نێوەندی پیاو خراپانی دەورەیان داوە.[٤] پاشان کە سمبولی "خۆر" و تیشکی ئاگر و "برووسک" دێتە سەر

(٢) بڕوانە ئاڤێستای نەورۆز عەبدولخالق سەرسام بۆ زێدە زانیاری.

(٣) بڕوانە سومر فنونها و حضارتها ـ ئەندریە بارو .

(٤) الزرادشتیە/ ر. س. زیهنیر استاذ الدراسات الشرقیە جامعە اکسفورد الفجر الغروب ترجمە الدکتور سهیل زکار ص٤٤٥ .

شــانی خــواوەندی بابلیــیــەکــانیش[٥] هەروەهـا وێنەی ڕۆژیش لەلای فـیـرعـەونەکـان بە پیـرۆزی بەدیار دەکـەوێ و قـۆناغی ڕووناکـیـپـەرسـتی ئاشـکراتـر دیار بێت ئاینەکــان شــێــوەیەکی تـر وەردەگــرن جگە لەوەی کاریگەرییەکان لەسەر یەک بە ئاشکرا دیار دەبێ.

٤- کـەواتە ئێـمـە دەتوانین قـۆناغی چوارەم بە قـۆناغی ڕۆژ و ئاگـرپـەرسـتی "میترایی" بدەینە قەڵەم و لەگەڵ پیرۆزی و گەڕانەوەی سەرەتای ژیانی بۆ خوێنی "گا" .

٥- کە زەردەشت دێت و زەردەشتییـەت سـەرهـەڵدەدا وەک ئاینێک یەکسـەر بڕوا بە خواوەندی تاکو تەنیا دەهێنێ ئاهورامزدا هێزی ڕووناکی و ژیان و ناخ و فیکر ئەهریمەن هێزی تاریکی و مردن و بەڵا و نەخـۆشـییـە لـە هـەمـان کاتدا دەبینین لە سـەردەمی زەردەشـتیشـدا "گا" دەوری پیرۆزی خـۆی ون ناکات.

وەک کـاتێ مـرۆڤ دەسـتی بە مـردوو دەکـەوێ، دەبێ خـۆی بە "مـیـزی گـا" تەعقیم بکات، یان بشواتەوە کە دیارە دەبێتە ئاهورایی نەک ئەهریمەنی.

یەکێ لەو چیرۆکانەی کە باسی سـەربردەی زەردەشت دەکات ئەوەیە کـاتێ زەردەشت لە دایک دەبێت "گا" هەست پێ دەکات و دژی ئەهریمەن دەوەستێ. بە قــۆچەکــانی "دیارە هەر بۆیـەش قـۆچی گـا لـەســەر دەرگـەی مـاڵەکــانی کوردەواری دەچەسپێندرا" کە ببێتە پارێزگار دژی ئەهریمەن و خراپەکانی لە لاپەڕە (٣٧)ی کتێبی اسطورە زندگی زەردشت"دا[٦] هاتووە کـاتێ ویسـتیـان مــەلووتکەی زەردەشت لەنـاو ببــەن لە پێش گــاڕانیــان دانابوو تا لەناو بـچێ گایەکی شاخداری گەورە کە لە پێشـەوەی گاڕان بوو کە منداڵە ساوایەکەی دیت واتا "زەردەشت" یەکسـەر ڕاوەستا و نەڕۆیشت کە گاوان هەستی پێ کرد

---

(٥) بڕوانە ـ مسلەی حامورابی و تیشکی سەرشانی خواوەند/ ئاڤێستای نەورۆز ع. سەرسام .

(٦) ژالە اموزگار ـ احمد تفضلی ـ اسطورەء زندگی زەردەشت ص٣٧ .

لەگەڵ دایکی زەردەشتی بۆ شوێنێکی ئەمین گواستەوە.

کەواتە دیسان لە ئاینی زەردەشتیدا دەوری گرینگ و پیرۆزی "گا" هەر مابوو، لە کاتی قوربانی گۆشت خواردنی لەگەڵ "هومی" پیرۆزدا جۆرە تەقسێکی تری هەبووە.

٥- هەر لەو ساڵانەی دوایی پێش ئەوەی تراکتەر دابهێنرێ جووتیان بە گا دەکرد. لە کوردەواریشدا بە چاوێکی پڕ هەیبەت سەیری "گا" دەکرا و کاتێ نەخۆش دەبوو نوشتە و دوعای بۆ دەکرا ئەمەش وەک زەرورەتی گا بۆ جووتیار کە لە کۆنیشدا وەک سمبولێکی پیرۆز پێوەندیی قۆناغە فیکری و ئاینییەکان هەڵقەی یەک لە دوای یەک و کاریگەریی هزری کۆن لەسەر نوێدا.

ئەمە وەک "گا" بەهەمان شێوە مانگ و ئەستێرە و ڕۆژیش بەهەمان شێوە لە سەردەمی سۆمەرییانی ئاریدا پیرۆزیی خۆی هەر پاراستووە ، تا گەیشتووەتە زەردەشت وەک چۆن "خۆرپەرستی" بۆ میترایییەکان ماوەتەوە، ئاواش بابلییەکان تیشکی خۆریان لەسەر شانی خواوەندی حامورابی نەخش دەکەن و هەروەها برووسکە و مانگ و "سن" و ئەستێرە وبەم شێوەیەش کە دەیبینین لەسەر دیواری دەخمەی "قسن قەپان" چۆن مانگ و رۆژ و ئەستێرە هەیە، ئاواش لە وێنەکانی سۆمەری مانگ و رۆژ و ئەستێرە دەبینین کەواتە شارستانیەتی زاگرۆسییەکان لەگەڵ سۆمەرییەکاندا لەیەکتر جیا ناکرێتەوە، وەک چۆن ئەو سۆمەرییانە ئاریی سەرەتایین و توراسیان زیاتر بۆ کورد ماوەتەوە کە بەڵگەشمان چیرۆکەکانی بەرئاگردانە هەمان ئەفسانە و سمبولی لە نێو دەبینینەوە سەیری ئەم وێنەیە بکە کە چۆن مانگ و رۆژ و ئەستێرە لە سەرەوە وێنەی کێشراوە بەهەمان شێوە لە قسن قەپان وێنەی مانگ و رۆژ و ئەستێرە دەبینین و کاریگەرییەکە بە ئاشکرا دیارە تا لەسەر ئیسلام و زاگرۆسییەکان.

کەواتە دەبینین فەلسەفە و بنەمای ئاینەکانی زاگرۆسنشینان لەوانەش میدیاکان دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەر و ئەو ئەفسانە و ئاینانەی لە هیندستانەوە



وێنەی ٢

دابەشکردنی مانگ لە نێوەندی رۆژ و ئەستێرە لەمبەر و ئەوبەری

بەراوردی  بکەرەوە لەگەڵ مانگ و رۆژ و ئەستێرەی قسن قەپان

ئارییەکان ئەمدیو و ئەودیویان پێ دەکرد و فیکر و ئاینی تایبەتییان پێ دروست دەکرد. بۆیە هەمیشە شارستانیەتی ئەم نێوەندەی کوردستان کە ناوەڕاستی بەیەکگەیشتنەوەی رۆژهەڵات و رۆژئاوایە پڕ ئەزمونتر و پێشکەوتووتر زێتر نزیکە لە واقیع، هەر لەبەر ئەمەشە کورد هەمیشە ئەو بیروبڕوا ئاینییانە هەڵدەبژێرێ کە لە رەوشی ئەو ئاو و هەوای زاگرۆس و وڵاتەکەی نزیکە. وەک فەلسەفە و ڕێنوێنی هەڵی بژاردووە و بوونەتە بەشێک لە ئاینەکانی بۆ نموونە "ئاگر" هیچ کاتێک لەلای فیرعەونی و خەڵکی بیابانییەکان پیرۆز نەبووە بەڵکو ئەدات و کەرەستەیەکی ئازاردان و رەمزی سزادان بووە. سووتاندنی جەستە لە جیاتیی کردەوەکانی رەوان "روح"[٧] کە لەلای زەردەشتیان زانیمان ئاگر پیرۆز بووە، جەستەیان پێ نەسووتاندووە نەوەک ئاگرەکە پیس بێت وەک چۆن ئاو و هەوا و خاک پیرۆز بووە، بەڵام خاک لەلای ئاینی تر یان بیابانییەکان جەستەی لە تێدا نێژراوە، یان ئاو جەستەی مردووی فڕێ دراوەتە ناوی کەچی وەک باسمان کرد لای زاگرۆسیان ئەمە ئاو پیسبوونە، بیابانییەکان خۆیان لە دەست گەرمای شوێنەکەیان بێزاربوون چۆن ئاگر دەبێتە هاوڕێیان وەک دەبێتە هاوڕێی ناوچەی سارد و خەڵکی چیایی و گەرموگوڕی "ئاتەشگاکانیان". بەڵام "گا" وەک بینیمان دەبێتە سمبولی هاوبەش فیرعەونەکانیش ئاسمانیان بەگایەکی گەورە وێنا کردووە کە بن زگەکەی پڕە لە ئەستێرە و مانگ و خۆر خەڵکیش لە ژێریدا بوون کەواتە گەردوون لە شێوەی گایەک بووە لەلایان لە هەندێ سەردەمدا[٨] یان دەبینین "تیر و کەوان چەکێکی فرتی بووە" وەک لەسەر پارەکانیان رادیارە.[٩] هەندێ

---

(٧) بەڵام دوکتۆر (نوری مرادی) لە کتێبەکەیدا "شنعار ارض اللاهوت و مدفن الاسرار" دەڵێ: «ڕێنوێنییەکانی مەسیحیش کاریگەریی زەردەشتیان لەسەر دیارە وەک کاریگەری لەسەر یەحیا و مەسیح کە دەڵێ: کوڕی خوایە وە شەیتان دەسەڵاتی خۆی هەیە و دنیا لەسەر خێر و شەڕ دانراوە. ص٣٦ اصول الصابئە.

(٨) بۆ زێدە زانیاری بڕوانە ئاڤێستای نەورۆز عەبدولخالق سەرسام.

(٩) کرونولوجیا اربیل ـ ترجمة عزیز عبدالاحد نباتي.

جاریش تەنیا "نیزە" (رم) بینراوە لەدەست سوپای ئاریان بەڵام لەلای عەرەبان "شیر" "شمشێر" سمبول بووە سەیریش لەوەدا نییە کە هەر کەسە و سمبولێک هەڵبژێرێ، بەڵام سەیر لەوەدایە کاتێ بیابانییەک سمبولی خۆی لەسەر چیاییەک یان خەڵکانێکی دەم دەریاکە کە سمبولی پاپۆڕە بچەسپێنێ. یان وەک چۆن بتپەرستەکان لە نێوان خۆیاندا دەبوو بە جەنگیان تا هەریەکە و بە ئەوی تریان بسەلمێنێ بتەکەی ئەو ڕاستە. ئەمە قۆناغێکی هەرزەکارانە بوو بەسەر سیاسەت و فیکردا تێ پەڕی، بەتایبەتی دوورگەی عەرەبی لە پێش ئیسلامدا حامورابی خۆی بە مەلیکی هەرچوار لاو جیهان دەزانی، پەیکەرەکە وا نیشانی دەدا یاسا و پەیام لە خواوەند وەردەگرێ، بەڵام زاگرۆسییەکان جوانترین دروشمیان هێنایە کایەوە ئەویش بیری چاک و وتەی چاک و کردەوەی چاکە گرینگیدان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن و رەوەندایەتی یا ئاژەڵداری کە من بەئاینی داهێنانی کشتوکاڵی دەزانم و لە ڕێنوێنیی دەقەکانی ئاڤێستادا هەستی پێ دەکەین.

---

لە ئاینی ئیسلامی پیرۆزیش "مار" دەبێتە ئەهریمەنی نەفرەت لێکراو چونکە "شەیتان" لە بەهەشت دەچێتە گیانی ئادەم و حەوا هەڵیان دەخەڵەتێنێ و وایان لێ دەکا خواردنی حەرام بخۆن.

# بڵندایی و سەرچیا و ئاسمانپەرستی

له سـاڵی ١٩٧٥ له کـاتـی شـۆڕشـی ئەیلوول خـانوویـەکم له گـوندی وەردێ له بناری چیـای هـەڵگورد گـرتبـوو، له چۆمـانیش بەرپرسـی کـتـێـبـخـانه بووم، کۆمـەڵێک نووسـەر بڕیارمـان دا، بچین بۆ سـەر هـەڵگورد که بەرزترین چیایه له ناوچەکەدا، ورده ورده ئەوان کـشـانەوه من و حـسـین عـارف مـاینەوه که دەبێ هـەر بچین کـاتێ که خـەڵکی ناوچەکـه بەمـەیان زانی لەلای منیـان درکـاند که هەڵگورد ڕێـگه نادا به هـەرکـەسێک بچـێتـه سـەری ئـەگـەر ئیـماندار و سـاڵح نەبێت. وتم: چیـمـان لێ دەکـات؟ وتی: چۆکـتـان لەکـار دەخـات. ئەمـەم لەلا خۆرافیات بوو، گاڵتەم پێ دەهات. تاکو ئێستاکه که خەریکی نووسینەوەی ئەم چەند دێرەم و دەزانم لەلای فیرعەونەکانیش بڵندایی گرینگ بووه.

وەک له قورئـانی پیرۆزدا هاتووه کـاتێ فیـرعەون دەڵێ: «وَقالَ فرعونُ يا أيُها المَلأُ ما عَلِمَتْ لَكُم مِن إلهِ غَيري فَأوْقَد لي يا هامان عَلى الطينِ فَاجْعَل لِي صَرْحَاً لَعَلي إطلَعَ الى إلهِ موسى وَ إني لأَظُنَهُ مِنَ الكاذِبِين» ص٣٨ القصص(١)[١].

بەڵێ لەو کاتەدا بوو که فیـرعـەون داوای خودایەتیی دەکرد و لەو عـەقڵـەدا بوو که لەسـەر بڵندایی خوای لێ دیار دەبێ بۆیه داوا له هامان دەکا له قوڕی سـورکـراوه سـەرحـێکی بۆ دروست بکات تا له خـوا نزیک ببێـتـەوه کـه له ئاسمانه، "صرح" لێرەدا بەمانای سەکۆیەکی بڵند دێت یان "دیدەبانی" شوێنی به دیارخـستن و دیتن وەک روانگەی بڵند، هـەروەها حـەزرەتی "مـووسـا"ش بوو "د" دەچووه سەر چیای "طور" "طور سنین" بۆ ئەوەی قسه لەگەڵ خوا بکات که به "کلم الله" ناوداره، کـەواته سـەرچیـا جـێگەی قـسـه بووه لەگـەڵ خـوا نەک

(١) القرآن الكريم، صورة القصص ص٣٨ .

دەشتایی، خۆ هەر لەم کتێبەدا باسی ئەوەمان کرد، چۆن میدییەکان لە سەرەتادا ئاسمانیان دەپەرست بڕوانە "ل١٤٧" هاشم رضا[٢] کە دەڵێ: "ئاسمان کۆنترین خواوەندی میدیا و ئاریانە".[٣] هەر لە نێو ئەم ئاسمانەش خواوەندی مانگ و رۆژ و ئەستێرە و برووسک و خواوەندی تر هەبووە، کەواتە لە زاگرۆسەوە ئەم نەریتانە چوونەتە میسر، ئەگینا میسرییەکان لە سەرەتادا مردوویان لە نێو گۆڕی نێو خاک دەشاردەوە پاشان لە کونە شاخان وەک دەخمە دواتر لە شێوەی چیا لە بیابانەکان هەرەمیان دروست کرد تاکو تەرمی فیرعەونی لە نێو دابنێن، وەک دەخمە کەواتە هەر کاریگەریی زاگرۆس و پێدەشتەکانی و لێواری ڕووبارەکانیەتی خاوەنی داهێنانە و کاریگەریی کردووتە سەر دەوروبەری، لەوانەش فیرعەونەکان. جگە لەوەی کە کوردەکان یان میدییەکان ئاگری نەورۆز و سەرکەوتنیان لەسەر چیای پیرۆز کردووەتەوە، کە پاشان ئاگریشیان بۆ سەردەمێک پەرستووە ئێستا لە نێو ناخی کورددا ئەم پیرۆزییە ماوە کاتێ سوێند دەخوات دەڵێ: "بەو ئاسمانەی" یان "بەو ڕۆژەی"[٤] کە ئەمە دیارە نەریتێکی ئاینی کۆنە لە ناخی کورد ماوەتەوە کە کاتی خۆی فیرعەونییەکان لەگەڵ شارستانیەتەکانی تر و نەریتی

---

(٢) هاشم رضی ـ دین و فرهنگ ایرانی پیش از عصر زەردشت.

(٣) ئەم خواوەندانە پێش زەردەشت پەرستراون:

١- ئاگنی : خواوەندی ئاگر و ئاسمان ص١٤٧ .

٢- ایندرا: سروشت و برووسک.

٣- میترا: نوور و خۆر.

٤- وارونا: ئاسمان و شەو .

٥- ئاناهیتا "ناهید" :خواوەندی باوک پاک.

٦- ئەیو: خوای "با" .

٧- ئیندرا و تەندرا: بۆشایی.

(٤) سۆمەرییە ئاریەکانیش یەکێ لە خواوەندەکانیان "خۆر" و مانگ و ئاسمان بووە. بڕوانە ئەندریە بارو سۆمر فنونها.

تری زاگرۆس و بنارەکانی لە دیجلە و فوراتی ناوەند وەریان گرتووە.

جگە لە زەقور کـە لە ئاڤێستای نەورۆز بە زاگورە جۆرە چیایەکە یا وەک شێوەی زاگرۆس بە چەند پێپلیکانەیەکی خێرا لەلافاو رزگاریان بکات کە کارەکەی لە هەرەم جیایە، بۆ رزگاربوونە لە مردن وەک کوڕەکەی "نوح" "د" یاخی دەبێ دەچێتە سەر چیایەکی بەرز لە خنکان رزگاری بێت. بۆیە گۆڕ دەخمەی میدی لە هەرەمێکی ئامادەکراوی سروشتی کە چیایە دروست دەکرا، بەڵام فیرعەونییەکان چیایەکیان دروست دەکرد بۆ ئەوەی تابووتی بەردینی تەرمی فیرعەونی لە نێودا دابنێن ئێستاش لەلای کورد ئاسمان پیرۆزە و سوێندی پێ دەخورێ و لە کاتی دوعاکردندا سەر بەرز دەکرێتەوە کە عەرشی خوایە «ئەگەرچی خوا لەهەموو شوێنێکە و جێگە و مەکانی نییە» کەواتە ئاسمان جێگەی برووسک و هەورەتریشقەی ترسناکە، جێگەی باران و "ڤارونە" رزق و خواردەمەنی و بەرهەمی کشتوکاڵییە. جێگەی رۆژ و گەرمایە جێگەی بەفر و گەرما و سەرما و مانگ و ئەستێرەیە. "خوا شەوان بۆ مرۆڤی رازاندووەتەوە" دوای ئەوەندە ساڵە گەڕامەوە قووڵاییی مێژوو و بناری هەڵگورد کە سەر چیاکان هەمیشە پیرۆزن، هەمیشە کورد پاڵپشتی چیا بووە، هەمیشە چیا و بڵندایی پارێزەرێکی میهرەبانی کورد بووە. هەمیشە پیرۆز بووە ئێستاش کورد سوێند دەخوا بە ئاسمان و بە رۆژ کە دەڵێ: "بەو ئاسمانە" یان "بەو رۆژەی لەسەر سەرمانە".



وێنەی ٣

هەرەمێکی سروشتی لە کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی میدییەکان کە تەرمی مردووانی پایەبەرز گۆڕ دخمەی لێ کراوە، سەیری وێنەی مرۆڤەکە بکە کە دوعا دەکات و بۆ مردووەکان دەپاڕێتەوە. "دخمە" دروستکردن لە چیای سروشتی کە میسرییەکان لەم چیایە بێبەش بوون چاولێکەریی زاگرۆسیان و پێدەشتەکانیان دەکرد، ئەویش بەهەرەم دروستکردن بۆ تەرمی پاشا لە جیاتی چیا



وێنەی ٤

دروستکردنی چیا بۆ شوێنی مردوو لە شێوەی "دخمە"ی پاشایی لە نێو هەڕەمدا یان چیای دەستکرد

# کێلەشین و کێلی تۆپزاوا لەسەر ڕێگەی هەوریشم

کێلەشین و تۆپزاوە «لەسەر ڕێگەی ئاوریشم دانرابوون» ئەم ڕێگەیەی کولتوور و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەگەیاند بەیەک، گرینگیی ئەم کێلانە لەوەدایە شارستانیەتییان لەگەڵ خۆیا نەقڵ دەکرد لەوانەش ئاینەکان، ڕاستە کوردستان بە لانکی مرۆڤایەتی دادەنرێ کە هێندە کۆنە لە شارستانیەتی، جگە لەوەی کە دەکەوێتە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، سەرە ڕێگەی چین و گریک پێش ئەوەی هاتوچۆی دەریایی بدۆزرێتەوە. یەکێک لەو ڕێگایانە ڕێگەی ئاوریشمە، لەگەڵ ڕێگەی بخوور و بەهارات، بەهۆی ئەم ڕێگایەشەوە شارستانیەت و ئاینەکان بڵاودەبوونەوە. شارەکانی "قەتار" و "کاروان"ی گەورە گەورە لە سووریا و حەلەب و حەما و حمس ببوونە سەر جەوسەر بۆ وەرگرتنی ئەو کەرەستانەی لە ڕۆژهەڵاتەوە لە چین و هیندستانەوە دەهاتن، کە زۆربەیان لە ڕووباری دیجلە نزیک نەینەوا پایتەختی ئاشووریان دەپەڕینەوە، ئارامییەکان سەرەڕای گواستنەوەی بۆن و بەرامە و بخوور و بەهارات بۆ جەزیرەی عەرەبی، زمانەکەشیان بڵاو دەبووەوە[1] لەبەرئەوەی ڕووبارەکانی میسۆبۆتامیا. زستانان و بەهاران بەلافاو پردەکانیان بەلافاو تێک دەدران، پردی کاتییان دروست دەکرد،[2] دواتر پردی هەمیشەیی.

لە سەرەتادا دەبووایە بڵێین هێرشی ئاشووریان بۆ سەر زاگرۆسیان و هەوڵدان بۆ دەستبەسەردا گرتنی ئەم ڕێگەیە، لە کۆتاییدا میدییەکان دەستیان کێشا بەسەر ئەم ڕێگەیە، تەنانەت میللەتانی نێوان دوو ڕووبار بە "حەریر" یان

---

(١) ایرین فرانك و دیفید براونسون ـ طریق الحریر ص٩٤ .

(٢) هەمان سەرچاوە ص٣٩٤ ـ هەمان سەرچاوە ص١١١ .



وێنەی ٥

کێلەشین[٣] و تۆپزاوە لەسەر رێگەی ئاوریشم دانرابوون

(٣) گەرووی کێلەشین یەکێکە لە گەرووە گرینگەکانی زاگرۆس بۆ پەڕینەوە لە دوای گەرووی "خانەقین و کرماشان" کە توێژەری ئەڵمانی (ارنست هرتسفلد) بە دەروازەی ئاسیای ناودەبات. شانەدەر (2) ـ ١٩٩٧ ئەمەش بەڵگەی بۆچوونەکانمانە ـ رێگەیە.




وێنەی ٦

شوێنی کێلی تۆپزاوە

"ئاوریشم" یان دەگوت "میدی" کە دوا کەس بوون لە هێنانی.[٤] هەروەها سیرغ یان سیرکک یان "سی" "زوو" بەمانای "زەرد" دەهات کە سمبولی شارستانیەتی چینە، وشەکەش "زوو – زەرد" لێک نزیکە.

لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زاین "دارا" پاشای گەورە، لەسەر رێگەی کۆن و نوێ تۆڕێکی گەورەی رێگاوبانی دروست کرد لە هەموویان ناودارتر "رێگەی مەلەکی" بوو. کە لەوانە لقێکی لە سووسەوە بۆ چیای زاگرۆس و هەمەدان دروست کرد. لە ساڵی ٣٣٣ پ. ز کە دارا شکا لە شەڕە بەناوبانگەکەی "نزیک هەولێر" بەخۆی و ئەسپەکەیەوە بەرەو بەرزاییەکانی "فارس" هەڵات.[٥]

کەواتە لێرەدا رێگەی ئاوریشم یان رێگەی مەلەکی بەدیار دەکەوێ، کە دارا گرینگیی پێ دابوو، جگە لە زۆر بەڵگەی تر کە دەڵێ: "داریوش پاش هەڵگرتنی هەندێ لە زێڕ و زیوی بەرەو رەواندوز هەڵات"[٦] یان دارا بەرەو ئەکباتانا "هەمەدان"هەڵات کە پایتەختی میدیەکان بوو لەسەر رێگەی ئاوریشم.[٧] ئاشکراشە میدییەکان نیوەی سەرووی زاگرۆسیان بەدەستەوە بوو دژ بە "سووس" ی فارسی لە خواروو، لە لاپەڕە (١١٨) رێگەی ئاوریشم دەڵێ: میللەتان تابلۆی رێ نیشاندەری هێمایان بۆ رێبواران دادەنا، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بوونی کێلەشین و تۆبزاوە لەسەر ئەم رێگەیە.

لە هەموو بەڵگەکان گرینگتر ئەوەیە ناوەڕۆکی نووسینەکەی ئەم دوو کێلە سروشتێکی ئاینییە "نزریە" مێژوویی نییە[٨] کە بەمانای ئەوە دێت رێگەکە

---

(٤) هەمان سەرچاوە ص١٠٢ تأریخ عینکاوة، عزیز عبدالأحد نباتي ص٤٠ ـ قصة الحضارة ـ ویل دیورانت. ج ٢ ص٤١٣ .

(٥) عزیز نباتي ص٣٩ عینکاوة ـ (یقول هیرودوت عند نهایة اربعة فراسخ محطة ملکیة و خانات فسیحة الأستراحة).

(٦) طریق الحریر ص١٠٧ .

(٧) فازل قەرەداغی ـ مێژووی دێرینی کوردستان ص٥١ .

(٨) دیارات ـ الأب ألبیر أبونا ص ٢٥٨ .

زۆر کۆنتر بووە ڕێگەی هاتوچۆ بووە، تابلۆکە یا کێلەکە هێنراوەتە سەر ڕێگە تا ڕێبواران بیخوێننەوە، کە کاتێ شوێنەکەم بەسەر کردەوە بەهۆی بەڕێز ئیسماعیل گەیلانی کە ئەرکی سەفەرەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و شوێنەکەی نیشان دام، شوێنی کێلەکە شوێنەواری هیچ خانوو و دیواری لێ نەبوو کە بەڵگەی پەرستگا و شار بێت، تەنانەت شوێنەکەشی تەنیا ڕێگەیە و پانتاییەکی لێ نییە؟ ئەمانە هەموو وایان لێ کردم بەدوای راستیدا بگەڕێم و سەرەداوی ڕێگەیەک بدۆزمەوە کە پێی دەڵێن "ڕێگەی قەتار" کە پێش دە ساڵێک لەمەوبەر لە کاتی دۆزینەوەی "دوین" ی ئەیوبیانی هەزبانی کاک محەمەد هەرکی منی بردە سەر ئەم ڕێگەیە کە لە کۆنیان رەش داگەڕاوە لە نزیک "دوین" بۆ پاڵپشتی ئەمەش ئەلبیر ئەبونا کە باسی "جسر الملک" لە "دێر الجسر" دەکا لە نزیک "گرد مامک" کە نزیکی شوێنەواری ئەم ڕێگەیەیە لە زرارەتی سەر زابی سەروو دەڵێ:

ئەسکەندەری گەورە بەم پردەدا پەڕییەوە کە ڕەپێی داریوشی نابوو، لە دوای سەرکەوتنی لە جەنگی "کوکامیلا"دا[(٩)].

بەتلیمۆس بەم شوێنە پردەی گوتووە "کور خۆرا" هەروەها زبیر بلالی رەحمەتیش لە مێژووی هەولێر (ل٥٩) ئاماژە بەمە دەکات، کەواتە، سەرەداوی ئەم ڕێگەیە دەچێتە "دوین – جتون" سپیلک دۆڵی خەلان بیاو دەشتە دیانە – دۆڵی سیدەکان مجیسر و نزیک ئەرادن کە مێژوو باسی ئەم کێلانە دەکات لەگەڵ ڕووداوەکاندا. کە چۆن ئورارتیانوو مەلیک ئیشبوئینی دەکا کە "مەساسیر" دەگرن  کە دەکەوێتە نزیک ڕەواندز و ئاشوورییەکان دەردەکەون و ئەم کێلانە لەسەر ڕێگە دادەنێن ٨٢٤ – ٨١١ پ. ز[(١٠)] ئەمەشیان بەڵگەی گرینگییە، واتا هاتوچۆی بازرگانیی وڵاتان و میللەتان، بووە هەر بۆیەش بە دوو زمان نووسراوەتەوە تا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تێی بگات. یەک لەم

---

(٩) زبیر بلال ـ تأريخ اربيل ص٤٩ .

(١٠) عبدالخالق سەرسام ـ صلاح الدين الأيوبي من جديد، بۆ زێدە زانیاری.




وێنەی ٧

کێلە شین و تۆبزاوە دەکەونە سەریەک رێگەی ئاوریشم

هێمایانەش کە چاکترین رێگەی پەڕینەوەن لە دیجلەوە بۆ بەرزاییەکانی فارس وەک مورگان دەڵێ:[11]

## کێلەشین و تۆبزاوە

باسی ئەوەم کردووە چۆن "سوبح ئەل ئەعشا" لە کتێبەکەی باسی "سێ بەرد" سێ "کێل" دەکا لە کوێستانی زەرزاریان لە مازگرد و "مرت" کە دەکا بەرازگرد و مامەڕووت کە نووسینی لەسەرە کە لەسەر رێگەی سەرەکیی "قەتار" دانراوە[12] دیارە کێلی سێیەم ئێستا ونە. ئەم کێلە لە ساڵی ١٨٤١ز رۆلنسن کۆپی کردووە لە ساڵی ١٨٩١ز دومورگان قالبی لەسەری گرتووەتەوە، پاشان "لێمان" بەباشی دەری خستووە تۆبزاوە کێلێکە مەترێک و یانزە سانتیمەتر بەرزە، (٧٠سم) پانە و ٣٣سم ئەستوورە، بەرزی قاعیدەکەی ٣٠سم. لاکانی ٦٢سم و ١٦سم، دەقە ئاشوورییەی ٤٢ دێرە هی دوو پاشای "وانە" پێشکێش بە خالدی مەساسیر Musasir کراوە سروشتێکی ئاینی نەزریە[13] ئەم کێلەش کە رۆلنسن باسی کردووە لەلایەن "زیمینێس" ەوە Xi-menes لە ساڵی ١٨٩٤ز بینراوە قاڵبی لەسەر وەرگیراوە. ئێمە لەبەرئەوەی باسی گرینگیی رێگەی رۆشنبیریمان کرد کە رێگەی ئاوریشمە، رێگەی بازرگانی و پێوەندی ئۆل و ئاینەکانە لەسەریەک ، بۆیە لێرەدا بڵاومان کردەوە کە زەردەشت یەکێکە لەو زانا و پەیامبەرانەی کاریگەریی رێگەی ئاوریشم و رۆشنبیری رۆژهەڵات و رۆژئاوای بەسەرەوە دیارە.

---

(١١) لە شانەدەر (2) ١٩٩٧ عەلی تەتەر نیرەولی کێلە شین شوێنی بەرزە، شوێنی شاربووە لە وەلامدا دەڵێن شوێنەکە "کوێستانە" بەفر و سوقمە هاوینەهەوارە جێگەی ژیانی هەمیشەیی نییە بەرزە ئاوی لێ نییە ببێتە جێگەی شار یان ژیان تەنیا سەرە رێگەیە بەردەکەش بنکەکەی سەفەرییە هێنراوە بۆ ئێرە.

(١٢) فازل قەرەداغی ـ مێژووی دێرینی کوردستان ص٥٢ ص٥٣ ص٥٤ .

(١٣) دەها سەرچاوە بۆ زانیاری و ژمارەیەک لە کۆواری شانەدەر کە باس لەم دوو کێلە دەکات لەگەڵ کۆواری سۆمەر.



وێنەی ٨

وێنەی نووسەر لە پەنای کێلەشین لە مۆزەخانەی سەرەکیی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا لە ورمێ



وێنەی ٩

أـ وێنەی ڕێگەی ئاوریشم دۆڵا و دۆڵ دەڕوا



ب ـ وێنەی کێلی تۆبزاوە

# ناو و سەردەم و زێدی لەدایکبوونی زەردەشت

**١- ناوی زەردەشت:** بە زۆر شـێوە تۆمـار کراوە وەک "زەردەشت" زێتـر لەلای کوردان "زرتشت" لای فـارسـەکان "زارا ئوشـترا - لە نووسـینـەکاندا - زەرد ئوسـترا" زێتر لەلای رۆژئاواییەکان "زارا" لەلای نیتشە فـەیلەسووفی ئەڵمـانی و... هتد ناوی تری وەک "هۆشـەنگ" کە ئاگری دروست کرد، یان ئاگری هێنا وجود. باسی چەند کەسێک دەکرێت بەناوی زەردەشت، وەک زەردەشتی یەکەم و دووەم کە ئەو زەردەشـتـەیە باسی لێوە دەکـەین یان زەردەشـتی سـێـیـەم کە دەڵێن ئیبراهیمە.

وشـەی زەردەشت وەک نازناوێکی ئـاینییـە لە دەقـەکانی ئاڤێسـتـادا بەناوی "سـبیتـانا" هـاتووە یان بە شـێوەی "زەرتوشـتـرە" ، وە بەپێی شـێوە زمـانـەکانی ئاریایی ئێستا بەشـێوەی "زرتشت" یان ئەشـو وەک پێشگری ناوەکە بەمـانای پاک و بێگەرد دێت. ص٨ مـزدیسنا[١] زەر - تشت - زەردەشت یان "زەرت - ئوشـتـرە" کـە لـە دوو برگـە پێک دێت بەڕای هـەندێ کـەس لـە مـێـژوونووسـان بەمـانای خـاوەن حـوشـتـری زەرد دێت، یان وشـتـری زێڕین، یان روونـاکی ناونراوە، بـەڵام ئێـمـە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گـەیشـتـینە ئەم رایـە کـەوا ناوەکە لە ئەستێرەی زەردەوە هـاتبێ کە ئەستێرەی زەرد بەمانای "خۆر" رۆژ دێت. چونکە تاکە حـوشـترێکی زەرد نەبووە لە جـیـهـان تاکو زەردەشـتی پێ بنـاسـرێتـەوە ئێـمـە هـەر لـە سـەرەتادا لە نامـیلکەکـەمـان بەناوونیـشـانی مـیـتـولۆژیای زەردەشـتی و پاشـمـاوەکـانی لە کـوردسـتـاندا ئـامـاژەمـان بەوە

(١) نوری اسماعیل الدیانه الزرادشتیه ـ مزدیسنا ص٨ منشورات دار علاءالدین ـ سوریا.

کردووە کە چۆن پیتی "س" و "ش" جێگۆڕکێ دەکەن وەک "تەست – بەفارسی، تەشت – بەکوردی" هەر لە نێو شێوە زمانی ئاریاندا، یان "ئیشلام بە ئارامی و ئاشووری، ئیسلام بەکوردی و عەرەبی – سەلام بەعەرەبی، شەلام لەلای جووەکان و ئارامی و ئاشوورییەکان کە هەر یەک بەرەن بەرەی سامییەکان. جگە لەم بەڵگانە هەمووی "ئەشتار" بەمانای ئەشتیرە "ئەستێرە" دێت بەزمانی ئاشووری کە دەکاتە ئەستێرەی "زوهرە" – کوکب الزوهرة – بەمە بۆمان روون دەبێتەوە لە ئەشتار مەبەستیان ئەستێرەی زوهرە بووە کە لەلای کورد بە "ئەستێرە" ی گەلاوێژ دەژمێردرێ.

بۆیە بەڕای ئێمە لەوکاتەی کە پێش زەردەشت ئەستێرەی زەردەکە "رۆژە" پیرۆز بووە، بەڵکو پەرستراوە لەگەڵ ئاگر کەواتە کاتێ زەردەشت لە "خۆر" پەرستی بەرەو "نووری نووران" رووناکی رووناکییان کە "ئاهورامزدایە" هەنگاو دەنێ "خۆی" دەبێتە سمبولی خۆر و سمبولی رێگەی رووناکی دۆزینەوە بەڵکو رێگەی راستی، بۆیە زۆر ئاساییە ناوێکی وای لێ بنێن کە لە خوار ناوی ئاهورامزدا بێت، ئەویش خۆرە کە ئاستی دووەم وەردەگرێ لە ئاینەکەدا، بۆیە لەم حاڵەتەدا زەردەشت لە شوانی و حوشترەوانییەوە ئەم پلە ئاینییە وەرناگرێت ئەگەر رابردوویێکی ئاینی نەبێت، وەک زۆربەی پەیامبەرەکان کە لە پەرستگاکانی کۆنەوە سەریان هەڵداوە و ئاینی تازەیان بڵاو کردووەتەوە، وەک "عیسا" لە کەنیسەوە کە دایکی مریەمە "راهب" بوو یان پەیامبەری ئیسلامی پیرۆز کە خاوەنی کەعبە بوون ئاینی بڵاو کردەوە بەم جۆرەش زەردەشت لە بنەمایەکی رۆشنبیریی ئاست بەرزەوە رێگەی راستی دەدۆزێتەوە کە تاکپەرستییە، مرۆڤایەتی لە بوتپەرستی رزگار دەکات.

بۆیە دێمەوە سەر ئەو بڕوایەی کە زەردئوسترا زەرد ئوشترا لە ئەشتێرەی یان ئەستێرەی زەردەوە هاتووە کە کینایەیە بۆ ئاینی کۆنتر کە رۆژپەرستی بووە بەرەو "رووناکی رووناکییان" دروستکەری هەموو رووناکییەکان و جیهان، ئەگەر ئێمە زێتر وردبینەوە دەبینین ئەستێرە ناوێکی ئارییە لەلای فارس و کورد و ئینگلیزەکان Star کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەریی

ئاریانی بەسەرەوە دیارە لەلایەکەی تریشەوە کاریگەریی دروشمی گریک و شارستانیەتی لێوار دەریای سپی کە چۆن دروشمیان "خۆرێک بوو لە نێو بازنەیەک کە دوو باڵ و کلکی هەبوو" کە بەمە "خۆر" وەک باڵدارێکە ئەم سەر و ئەو سەری جیهان دەکات. تەنانەت جیاوازیی "فروهر" یان "ڤوهمناه"ی زەردەشتی تەنیا ئەوەیە مرۆڤێکی ریشدار لە جیاتی خۆرەکە چووەتە نێو بازنەکەوە کە ئەمەش ئەم گۆڕانکاری و کاریگەرییەیە کە خۆر گۆڕاوە بە زەردەشت کە بەمە دەتوانی بە زەردەشت بڵێی "زەرد بۆسترا" بەمانای ئەو کەسەی لە شوێن ئەستێرە زەردەکە دانراوە کە "خۆرە". بەواتای رووناککەرەوەی جیهان و رزگاربوون لە تاریکییە، چونکە رەنگی "زەرد" هێمای خۆر و ئاگر و رزگاریی رۆژهەڵاتن و گەرمییە لە کوێستانێکی سارددا.

ئێمە باسی " ئەشتار" ی ئاشووریانمان کرد "الأب قاشا" دەڵێ: ئاشوور ناوێکی سۆمەرییە لەلای ئاشووریاندا هیچ مانایەک نابەخشێ[2] خۆ ئەگەر سەیری ناوی زەردەشت و باوک و باپیرانی بکەین کە بەم جۆرەیە "زەردەشت کوڕی پوورشەسپ کوڕی پووترسپ کوڕی ئوروتسپ کوڕی هیچتسپ کوڕی چیخشنوش کوڕی پیترسپ... هتد" ل١٢٢[3] دەبینین ناوەکانی باوک و باپیرانی بە "ئەسپ" کۆتاییان دێت، کە سەردەمی دۆزینەوە و بەخێوکردنی ئەسپە دوای پیرۆزیی گا، بەمە بەڵگەیەکی ترمان دەکەوێتە دەست کە "ئەسپ" دەوری هەبووە نەک "حوشتر" لەسەر ژیانی زەردەشت و کاریگەریی لەسەر دەوروبەر و نەتەوەکەی بەمەش زێتر لە بۆچوونی "حوشتری" زەرد دوور دەکەوینەوە لە مانای ئەستێرەی زەردی پیرۆز نزیک دەبینەوە زەردەشت خەڵکی ناوچەی ئورمێیە ئور بەمانای شوێن شار دێت – ئوری می – ئورمانناکان کە گەورەترین شارستانیەتی منناکان و میدییەکان لەم ناوچانە سەری هەڵدا و ناوەکەش وەک "اربل" کۆنە وە هەر بەڵگەش بۆ هەڵقەی تەواوکەری یەکتر "مانی" ئاینی خۆی لە هەمان ناوچە کە شوێنی خۆیەتی بڵاو

(٢) بڕوانە عەبدولخالق سەرسام ـ ئاڤێستای نەورۆز ـ ئاشوور ـ ئاقوور .

(٣) اسطورەء زندگی زردەشت ص١٢٢ .

کردەوە ئەمەش بەڵگەیەکی تری ئەوەیە کە ناوچەکە شوێنی بیروبڕوا و خودان پەیامەکانە[٤] شوێنی شارستانیەت و سەرەڕێگەی ئاوریشمی نزیک کێلەشین و تۆبزاوە و ڕێگەی هاتوچۆی شارستانیەتەکان هەڵکەوتووە، هەر لە ساڵانی ٦١٢ پ. ز ئاشووریان بەدەستی میدیەکان لەناودەچن ، کە زۆر ئازاری "بیت" هەکار بەمانای ناوچەی هەکارییان و پشت چیای گارەیان دەدا.

**٢- سەردەمی زەردەشت:** دوورترین سەردەم کە باس کراوە دەربارەی سەردەمی ژیانی زەردەشت سەدەی هەژدەیەمی پێشی زاینە، نزیکترین سەردەمیش سەدەی شەشەمی پێش زاینە کە لە سێ سەرچاوەوە بۆمان هاتووە، یەکەمیان: نووسینەکانی پەهلەوی، دووەم: نووسینەکانی عەرەبی، سێیەمیان: یۆنانی[٥] هەندێکیش بوونی زەردەشت دەگێڕنەوە وەک بیروونی کە دەڵێ: «لە پەیدابوونی زەردەشتەوە تا هاتنی ئەسکەندەر ٢٥٨ ساڵ بەین بووە، بیروونی دەڵێ: بەدیارکەوتنی زەردەشت پێشی هاتن و بەدیارکەوتنی ئەسکەندەر بووە بە ٢٥٨ ساڵ " هەروەها مەسعوودییش بەهەمان شێوە باسی ئەمە دەکات. بەڵام ئێمە ناتوانین سەددەرسەد ئەمە بەڕاست بزانین ص١٦[٦] ئاشکراشە کەوا لە هاتنی ئەسکەندەر مەبەستیان ساڵی ٣٣٠ پ. ز بووە کە وڵاتی ئارییان داگیر دەکات یان ساڵی مەرگی داریووشی سێیەم دوا پاشای هەخامەنشیانە.[٧]

بە گوێرەی ئەم بۆچوون و بیروڕایانە و وەک لە کتێبەکانی پەهلەویدا

---

(٤) جگە لەو شێوە زمانەی پێی نووسیوە نزیکە لە کوردی و شێوە زمانەکانی ڕۆژئاوای وڵاتی ئاریان کە زاگرۆسە نەک ڕۆژهەڵاتی ئاریان کە خۆراسان و دەوروبەریەتی وەک خوارزم و هەرات.

(٥) ژالە اموزگار ـ احمدی تفضلی ـ اسطورە زندگی زردتشت تهران ١٣٧٥ی هەتاوی .

(٦) هەمان سەرچاوە ص١٦ .

(٧) هەمان سەرچاوە ص١٦ .

هاتووە، زەردەشت کە (٧٧) ساڵ ژیاوە و ساڵی وەفاتی (٥٤١) یان (٥٥٦) یان (٥٥٣) ساڵی پێش زاینی بووە بە گوێرەی مێژووی ئەسکەندەر یاخۆ سلووکیان و یان ئەستێرەناسانی بابل زەردەشت ٢٥٨ ساڵ پێش مێژووی "سلوکی" لە دایک بووە کە دەکاتە ساڵی ٥٦٩ پ. ز ، بەڵام ناکۆکی دەکەوێتە نێوان زانایەکی وەک هرتسفلد و هیتر کە مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت دەگێڕنەوە ٢٥٨ ساڵ پێش هاتنی ئەسکەندەر. ئەویش بە گوێرەی ئەو کە کوروش لە ساڵی ٥٣٩ پ. ز بابلی داگیر کردووە، سلووکییەکان لە ساڵی ٣١١ پ. ز فەتحی بابلیان داگیر کردووە[8] بەڵام ئەمەشیان جیایە لەگەڵ بیروراکانی یۆنانییەکان یان وتەکانی بیروونی کە سەردەمی زەردەشت دەگێڕێتەوە بۆ (١٠٨٠) ساڵ پ. ز کە ئەمەشیان لە مەنتیق و رووداوەکان دوورە[9] یان هەندێ سەرچاوەی تر کە سەردەمەکە دەگێڕنەوە بۆ ساڵی (٩٠٠) پ. ز یان دوورترین بیرورا کە دەیباتەوە بۆ ساڵی ١١٠٠پ. ز .

**٣- زێدی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی زەردەشت:** دیسان سەرچاوەکانی عەرەبی و فارسی زێدی لەدایکبوونی زەردەشت بە "ئیرانویچ" لە قەڵەم دەدەن، یەکێ لەو شوێنانەش خاکی ئاریانی ئازەربایجانە، کە سوودیان لە سەرچاوەی "مزدیسنا" و ئەدەبی فارسی ج ١ تاران ١٣٣٨ و (ل٧٩) تا ٧٢ وەرگرتووە کە شوێنەکەی دەباتەوە خۆرئاوای ئێران کە ناوچەی "میدیا" واتا کوردستانی ئێستایە یا "چیاکانی زاگرۆس" کە زانایان بە چەندین بەڵگەی زمانەوانی و زمانی ئاڤێستایە بەواتایەکی تر هیچ نیشانە و ئاماژەیەک نییە لە ئاڤێستادا کە زەردەشت خەڵکی رۆژهەڵاتی ئێران بێت، یان وڵاتی ئاریاننشین[10] بەڵکو بەڵگەکان وای دەسەلمێنن کە خەڵکی ئازەربایجانە = ئاترپایگان – ئەتروپاتین – ئاتر = ئاگر – پایگان – شوێن – شوێنی ئاگری زەردەشتی کە لە مێژوودا

---

(٨) هەمان سەرچاوە ص١٧ .

(٩) هەمان سەرچاوە ل٢٠ .

(١٠) هەمان سەرچاوە ل٢١ .

به "میدیای بچووک" ناوی تۆمارکراوه ئەویش سەنتەرەکەی ناوچەی ورمێیە:

١- کە گۆڕی "دوغدو"ی لێیە کە گوایە گۆڕی دایکی زەردەشتە.

٢- وە ئەگەر پێ داگرین و وردبینەوە و بیسەلمێنین "رەی" ما "راگە" ناوێکی مێژوویی کۆن بێت و لە نزیک ورمێیە ناوەکە شی بکەینەوە لە ما + را "رەی" + گە پێک دێت بەمانای شوێنی مانەوە و سەرە رێگە کە مەبەست رێگەی ئاوریشمە و لەسەر رێگەی ئاوریشم بووە پاشماوەی رێگە = ماراغە = کە "غ" جێگۆڕکێی پیتی "گ" کوردییە وە "دوگ دو" ش بووە بە "دوغ دو" وشەکە لە "داگ" دایک نزیکە کە پیتی "گ" رەسەنترە "گەھ" شوێن پەیمان گەھ - پایگان - گانی - کانی - کەواتە نزیکی "مەراگە" "مەراغە"[١١] "رێگە لە ئورمێ لە مەنتیق و هێزی هاتوچۆی ئەو کاتی نزیکترە یا بەهەڵە کاتێ دەڵێن باوکی زەردەشت خەڵکی "رەی" بووە نەک "راگە" کە شوێنێکی مێژووی ماناکان و مانی و میدیەکان و رێگەی ئاوریشم، خۆ ئەگەر ئەم بۆچوونەش لاواز بێت ئەوا دووبارە شوێن "خوارزم" لە هەموو بۆچوونەکانی بێ بەڵگەتر و لاوازترە کە ناوچەی زەردەشت بێت یان ناوچەی "هرات" (هەرات) یان هەر شوێنێکی تری بێ بەڵگە. کە مەبەستەکە دیارە و گومانی لێ دەکرێ بۆ ئەوەی زەردەشت لە خانەی کورد و کوردستان دوور بخەنەوە بیکەن بە بنەمایەکی نەتەوەیی بۆ خۆیان، وەک چۆن سەلاحەدینیان دەکردە عەرەب و تورک و فارس تا زێدی باپیرانیم دۆزییەوە کە لە هۆزی زەرزاری و دوینی سەر سنووری ئازەربایجانی کۆن و ئێستای سەر بە هەولێرە.

---

(١١) ناوی لەم چەشنە زۆرە لە نێوان فارس و کورد و زمانەکان وەک = سیغار = سیگار، همنغوای = همنگوای، بنغال = بنگال، شنغهای = شنگهای، گرگان = جرجان، گبر = غبر، زاگروس = زاغروس، نغده = نقده، اغا = اقا .

# جۆرەکانی ئاگر و رووناکی لە ئاینی زەردەشتیدا

ئاگر وەک گیانلەبەرێکی گەش و سوور و جوان و گەرم و میهرەبانە کاتێ دەسووتێ لە زستانان مرۆڤ لە مردن رزگار دەکات لە شەوی تاریک، مەشخەڵێک بووە بۆ رێگەوبان و ترساندنی دڕندەکان و نزیک نەبوونەوەیان لە خاوخێزانی مرۆڤ.

ئاگر جگە لەوەی زۆر خواردن دەکوڵێنێ و دەبرژێنێ، کەرەستەیەکی ژیانی چیانشینە، بۆیە لە ژیانی مرۆڤی ئەو کاتەدا جۆرە پیرۆزییەکی وەفاداری هەبووە بەرامبەر بە ئاگر، پاشان بووەتە سمبولی سەرکەوتن و هێمای مانابەخش کە لە دوورەوە نامە بدەن بەیەک لە کاتی هاتنی دوژمن و هەر مەترسییەک جگە لەوەی ئاگر لە کاتی برووسک و گەواڵە و بورکان و دارستان سووتانا جێگەی مەترسی بووە لە هەموو حاڵەتەکان ئاگر -ئاتەشگا- جێگەی کۆبوونەوە و دانیشتن و پەرستن و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان تێدا گۆڕیوەتەوە و نەشونمای کردووە، وەک زانیارییەکانی سەردەم هەر لە ئاتەشگاش ئاگریان بۆ ماڵەکان بردووە چونکە کەرەستەی پێکردنی ئاگر کەم بووە -ئاگر- ئیشکگری هەبووە نەکوژێتەوە.

وەک وتمان بەزەحمەت هەڵکراوەتەوە ئاگریش کوڕی ئاگر بوو لە رەسەنایەتیی ئاگر لەگەڵ "خۆر" هەمان سوودیان هەبووە بۆ مرۆڤ کە تاریکیی شەوی لاداوە بەمەش لە مەترسیی تاریکی هەموو رۆژێ رزگاریان بووە و لەلایەن زۆر لە میللەتانی کۆنەوە ئەویش جێگەی پەرستن بووە ئینجا ئەستێرە و مانگ لەلای بیابانییەکان کە بە شەو لەبەر گەرمای خۆر هاتوچۆیان لە بیابان کردووە، کەواتە ئاگر لەلای بیابان نشینەکان سمبولی سزادان و جەهەنەم بووە، بەڵام لەلای چیا و بەفر نشینەکان دۆست و یاوەر،

بەهەرحاڵ ئێستاش ئاگر وەک مۆم بۆ یادی لەدایکبوون و "بەشێوەی مۆم"و بە شێوەی ئاگر بۆ جەژنی نەورۆز هەمان کاریگەریی و ڕێزی ماوە، بەڵام دوور لە پەرستن. کە لە قۆناغی گۆڕانکاریدا بەجێ ماو، بووە هەنگاوێکی گۆڕانکاریی فیکری و فەلسەفی.

ئاگر لەلای هیندییەکان ئەفسانەیەکە وەک نێوانێکە لە نێوەندی خواوەند و مرۆڤدا. بەڕای هیندییەکان ئیزەد "خودای Vesta" خودای ئاگر بووە و لەلای یۆنانییەکان ئاگر "وستا" Hestia پیرۆز بووە لە ڕۆژگاری زەردەشتیاندا ئاگر سەنتەری هەبووە بە چەندین جۆر بەپیرۆزی ڕاگیراوە کاتێ بەناوی ١- ئاتەش بهرام ٢- ئاتەش ئادەران.[١] ٣- ئاتەش دادگاه، باسی لێوە کراوە ئێمە لە ئاڤێستای نەورۆزدا هەستمان بەناوی بارام کرد کە ناوی یەکێک بووە لە پاشاکانی گوتی، یان لەلای سابئەکان بەناوی "بارام ربە" لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا ناوی هاتووە، پاشان چۆن هەر لە خوارووی عێراق جاوانییەکان بە بارام دەڵێن وارام یان هۆزی "وارامیەکان" ناویان هاتووە، چۆن لە سەردەمی ساسانیان سوپایەکی بەهێز بوونە ئێستاش ئەوان "جاف"ن[٢] تەنانەت یەکێک لەو وارامیانە سەرکردایەتیی وەرگرتووە لە سەردەمی ساسانییەکاندا. کاتێ ئێمە دەگەینە سەر ناوی "ئاتەشی دادگاه" ئاگرەکەی قسن قەپانمان دێتەوە یاد کە جۆرە ئاگرێکە بێ مەشخەل خڕوخڕ وەک نوورێک لە نێو دوو سەربازدا کە دەستی ئاشتییان بڵند کردووە، کەواتە ئەمە ئاتەشی "دادگایە" چونکە دەخمە لەلای زەردەشتیاندا بەمانای دادگاه

(1) www.chn-ir

(٢) ئێمە لە کتێبەکەمان بە ناوونیشانی ئاڤێستای نەورۆز باسی سۆمەرییەکان و "گا" پەرستی و وێنە و پەیکەری "گا" بڵاوبوونەوە و گای بەباڵ و گای ئاسمانی لە ئەفسانەی گلگامشی "گا" وەک سمبولێک شانبەشانی ئاگر پیرۆزییەکی ئاسمانی و "گا" سمبولێکی پیرۆزی ئەرزی و ئاسمانی پاشان پێوەندیی "میترا"یی لەگەڵ "گا"دا تا دەگاتە زەردەشت دەوری دەمێنێ ئێستاش لە هیندستان ماوە.

دێت شوێنی کۆتایی و دادگاییکردن پاشان ئارمانج بە دیار کەوتن لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا، "ئەمە لە کاتی خۆیدا باسی لێوە دەکەین" ئەوەی دەمەوێ بیخەمە بەرچاو ئاگری بهرام پیرۆزییە کو تایبەتمەندی خۆی هەبووە، روحانییەکان پارێزگرییان کردووە، ئاگر وەک وتمان رووناکیی ئاسمان و خۆر و ئاگر و مانگ و ئەستێرە دەگرێتەوە کە نووری ئاهورامزدایە تەنانەت ناوی پاشاکانیشیان بە ناوی ئاگر کردووە(٣) تەنانەت وەک لە (یەسنا "٦٢، بندی ٩")دا هاتووە ، ئاگر نوێژی تایبەتی بۆ کراوە، وەک لەم دەقەدا کە بە فارسی نووسراوە و دەڵێ: « نماز بەتو ای اتش ای بزرگترین افریدەی اهورامزدا »(٤)

واتە «نوێژ و نزا بۆ تۆ ئەی ئاگر ئەی گەورەترین خوڵقێندراوی ئاهوورامەزدا» ئاگر پیرۆزێک بووە بە باوکی ئورمزد ژمێردراوە، چەند جۆرە ئاگرێک هەبووە بۆ چینەکانی کۆمەڵ وەک":

١- ئازەر گوشەسب.

٢- ئاگری ئەرتشتاران "سەربازان" .

٣- ئاگری کەشاوەرزان - جووتیاران .

٤- ئاذر فرنبغ "ئاتش گشتاسب" .

جگە لەمانەش ئەم ئاگرانە بەرامبەر ئاهوورامەزدا هەڵگیرساوبوون.

١- Barzisavah ئاتەشی بەرزیسەوە .

٢- Vohufrayana ئاتەشی وهوڤریانە.

Urvazishta ئاتەشی ئوروئەزیشتە.

---

(٣) وەهرام یان بهرام (٢٧٩ ـ ٢٩٣) بەمانای ناوێکی ئاگرە لە ناوەکانی ئاگر کە لە هەموو ناوچەیەک هەبووە ص١٥٧ مشیخا کرونولوجیا اربیل ـ یان "بهرام ربە" کە لەلای مندایییەکان وەک ناوێکی خوایی هاتووە، بڕوانە المندائیە یان داود چەلەبی موصلی ١٩٥٣ چاپ موصل ڤاندیدات ناوچەی"بیت ئارامایی" .

(٤) هەمان سەرچاوە www.chn.ir .

٣- ئازەرەخشن لە ئەفسانەی تیشتر ئیزەد Vazishta ئاتەشی وازیشتە.

٤- یان ئەو ئاگرەی دژی دێوی وشکە ساڵی رادەوەستێ بەرق و برووسکەیە کە دێوی سینجروشی لەناو دەبات بەناوی Spanjarush .

٥- ئاتەشی سپنیشتە Spanishta .

جگە لەمانەش پێنج ئاگری "مینوی" هەبووە وەک لە یەسنا (١٧) بەندی (١١) داهاتووە وە تەنانەت جەژنی ئاگریشیان هەبووە.

بیروونی دەنووسێ و دەڵێ: «لە کۆتاییی زستان کە دنیا بەرەو گەرمی دەڕوا کە ئەو رۆژەی دوا مانگی زستانە لەو مانگەدا دەبووایە خەڵکی بچنە ئاتەشگاکان و قوربانی پێشکێش بە ئاگر بکەن» .

ئەمەو سێ ئاگریش بۆ موبەدان و ئاذر گوشەسب "ئاش ئەرتەشتاران" سەربازان کشاوەرزان فرنبغ و ئاگری گشتاسب، ئاتەشگەدەی سێ پاڵەوانی زەوی هەبووە، "جەمشید" لە فارس و "کەیخەسرەو" لە ئازربایجان و سوکیسە کە دەڵێن لە خوراسان بووە باس لەو ئاگرەش دەکەن کە ئەژدیهاکی سووتاندووە.

........................................................

* بۆ ئەم نووسینە سوودم لە نووسینێکی ئەنتەرنێت وەرگرتووە . www.chn.ir

# گۆڕ دەخمە و مەراسیم و ڕەفتار لەگەڵ مردوو

## پێشەکیی چەند زانیارییەکی پێویست:

زاراوەی دەخمە لە ئاڤێستا و پەهلەویدا "دەخمک" ی پێ گوتراوە، بەمانای "داغگا" کە ئەو شوێنە بووە هیندییەکان مردووەکانیان لێ دەسووتاند، وەک لە دانشنامەدا هاتووە "دگ" بە مانای سووتاندن(١) بەڵام موغی زەردەشتیانی سەردەمی ئێستا "اردشیر اذرگشسب"(٢) دەڵێ: «لە "دادگاه"وە هاتووە شوێنی دادگاییکردنی مردووان، پارسەکانی هیندستان پێی دەڵێن Dakhmo "دەخمو" کە ئارییەکانیش لە سەرەتادا مردووەکانی خۆیان دەسووتاند کە لەگەڵ هیندییەکان ژیاون وەک چۆن ئێستاکەش هیندییەکان مردووەکانی خۆیان دەسووتێنن، خۆڵەمێشەکەشی دەکەنە نێو ئاوەوە، هەروەها لە "ڤاندیدات" دا هاتووە لە کۆندا جەستەی مردووەکانی خۆیان لە دوای مردن سووتاندووە، ئەمەش بۆ پاکبوونەوە لەو تاوانانەی لەسەر خاک و لە کاتی ژیان کردوویەتی فردۆسییش ئاماژەی بەم نەریتە کۆنە کردووە "هیردوتس"یش ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندا سووتاندنی جەستەی مردووان لەلای ئارییانی کۆندا گوناه بووە.

ئەوانەی دژی "براهماییەکانی"(٣) هیندستان بوون براهماییەکانیان بە

---

(١) دانشنامەی مزدیسنا ـ واژەنامەی توضیحی ئاینی زەردەشت دکتر جیهانگیر روشیدری ص٢٧٥ .

(٢) موبەد اردشیر اذرگشب/ مراسم مذهبی و اداب زەردەشتیان ص٢١٨ .

(٣) باسمان لەم زاراوەیە کردووە: کەمەندایییەکان ـ "بارام ربە" بارامی خواوەندیان بارامییەکان ـ وارامی ـ کوردی "فوراتی نێوەند بوون" کە جابانییەکانیان پێ دەگوترا کە ببوون بە ئیسلام.

زیندوویی دەسووتاند وەک سزایەک بۆ بیروباوەڕەکانیان، هەر لەبەرئەوەی مردووەکانیان دەسووتاند، ئەفسانەکانی دوای ئەو کاریگەرییان کردە سەر ئاینەکانی دوای خۆی.

ئێستاش دەخمەیەکی زۆر ماوە لە دەوروبەری شاری یەزد یەکیان بەناوی "دەخمەی جمشید "جاکسن لە ماستر خدابخش بهرام" دەربارەی دەخمە نووسیویانە کە ئارامگای پادشاهان و بازرگانان و کەسایەتییە بەناوبانگەکان بەجیا بووە، یان دەخمەی سەربازیان و گەورە پیاوان یان ئەوانەی لە جەنگدا دەکوژران. لە سەردەمی ساسانیان دەخمەی تایبەتی کەم بووەتەوە بەڵکو هەموویان لە دەخمەی گشتیدا نێژراون. جاکسن لە سەفەرنامەکەیدا کاتێ باسی دەخمەکان دەکات وەک "دەخمە داراب" کە قەڵایەکی بێ دانیشتووان و سەرنشینە وە باسی زۆر شوێنی تری وێران دەکات و یەک بەیەک ناویان دەبات کاتێ باسی دەخمەکانی تر دەکات بە "ئەبەرقوو" ناویان دەبات جمشید سروشیان لە "فەرهەنگی بەهدینان" باسی دەخمەیەکی نزیک "گبر" دەکات کە گەڕەکێکی – کرمانی – ئێستایە بەناوی ساردینوو کە دەم بەدەم دەگێڕنەوە شوێنی شاردنەوەی کۆمەڵێک زەردەشتییە کە لە هێرشێکی ئەفغانەکاندا کوژراون "ئەمەش بەڵگەی کوژرانی زەردەشتە لە جەنگی دژ بە ئەفغانەکان(٤)(٥)

هیرودوتس لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندا ئاماژە بە سووتاندنی لاشەی بۆگەنی دەکات وە بە ژێرزەمینی مردووان و تابووتیشیان گوتووە دەخمە(٦) کەواتە دەبێ ئەو رایانەمان لەبیر نەچێت کە باسمان کردووە لە پێشەکیی ئەم نووسراوەدا کە هەمیشە لە کاتی لێکۆڵینەوەکەماندا پێویستمان پێ دەبێتەوە، باسمان لە کاریگەریی هیندییان کرد پاشان دەخمەی تایبەتی بۆ پیاوانی

(٤) ئەم زانیارییانەم لە کتێبی دانشنامەی مزدیسنایی دکتر جهانگیر روشیدری ص٢٧٥ وەرگیراوە .

(٥) واژەنامەی توضیحی ایین زردتشت ص٢٧٥ ص٢٧٦ وصف .

(٦) هەمان سەرچاوە ص٢٧٦ .

ئاین و سەرکردە و پیاو ماقوولآن کە شوێنەوارەکانیان ماوە و بەوێنە بەراوردکاری لەگەڵدا دەکەین کە هەر ئەمەش بوو وای لە ئێمە کرد دوای دۆزینەوەی دەخمەی "بلەی بارزان" بیر لەوە بکەینەوە کە بەراوردێک لە نێوان دەخمەکاندا بکەین بۆ سەلماندن و راستیی دۆزینەوەکانمان لەلایەک و جۆرەکانی دەخمە لەلاکەی تردا. هەروەها نهێنییەکانی دەخمەی "قسن قەپان" کە تا ئێستاش ناوی نەزانراوە لە چییەوە هاتووە یان شیکردنەوەی ئەو سمبولانەی لەسەریدا نەخش کراون و بەشێکە لە هونەر و مێژووی فیکری و شارستانیمان.

هەروەها کاریگەری لەسەر گۆڕستانەکانی هەولێر کاتێ ئیبن ئەلمستەوفی دەخوێنینەوە چەندین جۆر گۆڕستان لە هەولێر هەبووە، وەک گۆڕستانی کۆران و گۆڕستانی غەریبان و کاسبکاران و هەژاران و... هتد. وە تەنانەت گومبەزیش لەسەر گۆڕی پیاو چاکان و سەرکردەکان کراوە وەک گۆڕی سولّتان موزەفەر و شێخ محەمەد خوراسانی و شێخی چۆلی، بەهەمان شێوەش گۆڕ دەخمەکانی قەد چیاکان کە لە شاخ هەڵکەندراوە بۆ پاشا و پیاوانی ئاینی ئەو سەردەمە بووە.

بەم چەند زانیارییە پێشەکییە کە هەندێ جار بەناچاری دووبارە دەبێتەوە دەچینە نێو بابەتەکەمان کە بە مەراسیمی کفن و دەفنی مردووانی زەردەشتی دەست پێ دەکەین لەگەڵ هەندێ زانیاری دەرباری جەستە و رەوان.

## دەخمە و مردن و "ڕەوان و جەستە"[1]

پێش ئەوەی باس لە ئاینی کفن و دەفنی زەردەشتیان بکەین دەبێ زانیارییەکیشمان هەبێت بەرامبەر بە ڕوانگە و تێگەیشتنی زەردەشتییەکان لەسەر مرۆڤ و بەشەکانی لەش و گیانی.

ئەی زەردەشتیان مرۆڤی زیندوو لەم چوار بەشە پێک دەهات:

١- تەن، ٢- گیان، ٣- فروهەر (فەرەوەهر)، ٤- ڕەوان .

ئەم سێ ناوەش بە کوردی دەبێتە:

١- "تەن" بەواتای لەش وەک "تەن + دروستی" دروستیی لەش و جەستە.

٢- جان بە کوردییەکەی دەبێتە "گیان" .

٣- فروهەر کە زاراوەیەکی زەردەشتییە باو نییە لەم سەردەمەدا .

٤- ڕەوان: بەهەمان شێوە کوردییە وەک لە ڕستەی " ڕوحی ڕەوانم" بەدیار دەکەوێ کە ڕەوان ڕوحی بۆ کراوەتە پێشگر بۆ تێگەیشتن لە ڕەوان.

وەک "هەق و ڕەوا" بەمانای هەق و عەدالەت - بۆ تێگەیشتن کە وشەیەکی باو لەگەڵ وشەیەکی کۆندا لێک دراوە ئەگەر وردبینەوە زێتر بەم جۆرەی خوارەوە زێتر لێی دەدوێین:

**١- تەن:** لە ئاڤێستادا بە شێوەی تنوو "Tanvu" هاتووە کە لە ئەندامەکانی لەش پێک دێت وەک سەر و پێ و دەست و قاچ و دەم و ددان و گوێ و هەناوی مرۆڤ... هتد.

---

(١) بڕوانە مراسیم مذهبی و اداب زردتشتیان ص١٩٤ سوودمان وەرگرتووە یان یەسنا بەندی (٥٥)، یەسنا (٢٦) بەندی (٣) و (٤) یەشت بەندی ٣٩ ـ ١٥٥

کـاتێ "ڕەوان" لـە جـەسـتـە دەردەچێ هەست بەچی ناکـات بۆیە لە ئاینی زەردەشـتـیـاندا پاراسـتنی تەنی مـرۆڤ زۆر گـرینگ بووە، ئەگـەر گـیـان "ڕەوان" تەنی بەجێ هێشت تەن دەبێتە شـتێکی پیس و بۆگـەنی. بۆیە زەردەشـتـیـان لە دەقـەکانی گاتا و دەرباری ئاهورامزدا "یەزدان" ی مـەزن کە وشـەکە لە ئەئێزد – مەزدا – ئێزدانی – هاتووە بەمانای پیرۆز.[٢]

مرۆڤ سـوپاس و سـتـایشی نیعمـەتەکانی خـوا دەکات کە پێی بەخـشـیـوە کە ژیان و ئابڕومـەندی و تەندروسـتـیی "بەدەن" پایەداریی "تەن" و سـەرکـەوتنە، مـرۆڤ لە کـاتی ڕووبـەڕووبوونەوەی لەگـەڵ دوژمن کـە مـرۆڤ دەبێـتـە خـاوەنی بەختیاری و ماڵ و منداڵ و کاری باش و تەمەن درێژی پاشان شـوێنی چاکان و مرۆڤی باش "بەهەشتی بەرینە" .

**٢– جـان:** یان گـیـان کـە بە زمـانی ئاڤـێـسـتـایی پێ دەڵێن ئـاهو "Ahu" وە پەهلەوی "Akhu" ی پێ دەڵێن[٣] کـــە هـێـــزێکە تـەوژم و هـێـــز و چالاکی دەبەخـشـێتە بـەدەن کەواتە "Ahu" لە کـوردیدا بەمـانـای هێز و هـەوا دێت کـە هـەمــان – هـەوا – یە وەک هـەناســەی وەری دەگــرین، بۆیـە دەتوانین بـڵـێـین لە جـیـاتی "هـەناسـە" بەکـار هـاتووە. خـۆ ئەگـەر زانیـمـان "هـەڤـا" وشـەیەکـە لە ڤاندیدات هاتووە کە "هـەوا" وشـەیەکی کوردییە لە قووڵاییی شـاخ و دۆڵەکانیش ســادەترین کــورد بەکــاری دەهێنێ، بەڵکو عــەرەب وشـــەکـــەی لە کــوردی وەرگرتووە، وە هـەڤا یەکێکە لە چوار ڕەگـەزە پیرۆزەکان وەک ئاگر، خاک، ئاو، هـەڤا، وەک خواردن تەوژم و هێز دەداتە لەش –جەستە – تەن.

---

(٢) ئیـزد ـ شـارێکی زەردەشـتـیـانە ـ ئێـزدی = ئۆل و ئاینێکی کوردییـە لە سـەرووی ڕۆژئاوای هـەولێـر پێـوەندی بڕواو ناوەکـەیان لەیەک نزیکە بەڕای ئێـمــە ناوی "ئێزدەگورد" پاشای ساسانی بەمانای پیرۆزی ئازا.

(٣) هـەمان سەرچاوە ل ١٩٥ ئەویش لە کتێبی خردە اوستا وەری گرتووە.

**٣- فروهەر:** هێزی خواییە، ئەم زاراوەیە Fravahr[٤]

بە زمانی پەهلەوی –Fravahr– یان پێ گوتووە فروهر مەشخەڵێکە کە دەورەی خۆی رۆشن دەکاتەوە ڕێنوێنیی رەوان دەکات لە ژیاندا– هێڵی نەمرییە – (فروهر) نوورێکە کە سەرچاوەی رۆشناییە، فروهەر هەمیشە پیرۆز بووە لە ئامێزی ژیان کە پاکی و بەخشندەیی لە دەست نادات، بەڵام رەوان بۆی هەیە بەکاری ناشایستە هێمنی خۆی لەدەست بدات.

لە کتێبی "مزدیسنا" فروهەر وەک پیرێکی نوورانی خۆی نیشان دەدات، خاوەنی دوو باڵە کە لە نێو هەڵقەی حاڵ گەڕاندایە، جەستەی ئەو پیرەمێردە باڵەکانی سێ چینە، لە هەندێ کتێبدا کە دەربارەی "مزدیسنا" نووسراون هەریەک لەو سمبولانە تەفسیری و مانای خۆی هەیە کە بە مانای "هومت" و "هوخت" و "هورشت" کە بەواتای بیری چاک و وتەی چاک و کردەوەی چاک وتن. بەفارسی " پندار نیک – گفتار نیک – کرداری نیک" هاتووە. وێنەکە هەڵقەکە لە دەوری دایە هێمای پیرەمێردی نوورانی و لە حاڵەتی فڕین و گوزەرانی لە نێو دنیا و پێوەندییەکانی دنیاوە هەیە، سێ چینی پەڕی خوارەوەی واتا پێیەکانی بە پێچەوانەی چاکەیە وەک "دشمت" و "دژهوخت" و "دژوڕشت" کە بە مانای هزر خراپ و گفتار خراپ و کردار خراپ دێت.

ئێمە لێرە دەگەینە "دەرئەنجامێک" لەم دروشمە سەرەکییانەی زەردەشت کە بە شێوەیەکی سایکۆلۆجی هۆنراوەتەوە، چونکە کە مرۆڤ بیر لە چاکە بکاتەوە قسەش بەچاکە دەکات، کاتێ قسەی بە چاکە کرد بەرامبەر بە خەڵک پابەند دەبێت بە قسەکانی چاکی کە کردوویەتی یان کە داوای چاکە دەکات[٥]. ناچار دەبێت کردەوەی چاک ئەنجام بدات. بە مانایەکی تر چی لە ناخ شەپۆل بدات ئەو زمان دەجووڵێنێ پاشان کردارەکان، یان وەک دەڵێن پەرداخ چیی لە ناو بێت ئەوی لێ دەڕژێت. کەواتە زەردەشت وەک

(٤) هەمان سەرچاوە ـ مراسیمی....

(٥) هەمان سەرچاوە "دیاری نەکراوە".

بەهرەمەندێکی گەورە ویستوویەتی لە ناخەوە مرۆڤ پەروەردە بکات تەنانەت کاتێ باس لە ئاگرەکەش دەکەین کە سمبول و رەمزی پاکییە، یان پاککەرەوەی گوناهەکانە، وەک چۆن جەهەنەم مرۆڤ لە گوناه پاک دەکاتەوە، یان وەک ئێستا بەگەرمی شت "تعقیم" دەکرێ، ئاواش تاوانباران دوای سزای ئاگر دەگەڕێنەوە بەهەشت.

**٤- رەوان:** لە ئاڤێستادا بە "ئارات Orvan"(٦)

هاتووە. بەمانای روح دێت زۆربەی ئەو گوناهانەی رۆژانە لەوەوە دێن یان بۆ ئەو دەگەڕێنەوە. کاتێ روح "گیان" یش گوناه دەکات هەر ئەو پرسیارە نەک هەموو ئەندامی لەشمان، بەڵام وەک دەزانین زۆر جاران گیان "روح" پەند و گۆبەند بە ئەندامانی لەش دەکات و بەرەو گوناهیان دەبات. لە پاش مردنیش هەموو لاشەی مرۆڤ کە لەیەک دەترازێ و دەبێتە خواردنی مێروولە و تەیر و دڕندەکان. هەر جۆرە "مەعدەنێک" دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

**(ڕەوشی "رەوان" لە سێ شەوی دوای مردندا)**

کاتێ کە مرۆڤ دەمرێ رەوانی "روح" ی یەکسەر لە نێو بەدەندا "جەستەدا" دەرناچێ دوور ناکەوێتەوە هەتا سێ شەو و سێ رۆژان گیان پێوەندی لەگەڵ رەوان دەکاتەوە واتا پاشان دەگەڕێتەوە لای خودانی خاوەن، لەم سێ رۆژەش ئەگەر گیانەکە گوناهکار نەبێ بەخۆشی دەباتە سەر ئەوەی گوناهباریش بێت بە خەمباری(٧) پاشان - گیان - لە "تەن" جیا دەبێتەوە "تەن" لەسەر خاک دەمێنێتەوە و ئەمەش رای زۆربەی ئاینە مەزنەکانە و فەیلەسووفە میتافیزیکییەکانە وەکو - دانتی - خاوەنی "کۆمیدیای خوداییە".

وەک باسمان کرد رۆژی چوارەم رەوان دەگاتە پردی جنیفات.

---

(٧) هەمان سەرچاوە.

(٨) هەمان سەرچاوە.

**«پردی جنیفات»**

له کتێبی مزدیسنا(٨) دەڵێ پاش ئەوەی مرۆڤ دەمرێ و له رۆژی حیسابدا دەگەڕێتەوە لای خوای میهرەبان "دانیا" گیانەکە بۆ سەر پردی جنیفات دەبات کە ئەزموونێکی تاقیکردنەوە و "دادگایی" کردنە کە بیروڕای ئەم ئاینە لە نێو زۆر ئاینی تردا دەدۆزیتەوە کە ئەم وشەیەش لە ٢١ + ٧١ پێک هاتووە کە بە مانای تاقیکردنەوە دێت وەک بە نموونە کە کتێبەکەی "مزدیسنا" ی "الزردشتیە" دا لە یەسنا (٧١) ی بڕگە (١٦) ویسپرد "وبسیەرەد" بەندی (٧) ی بڕگە (١) هاتووە، «ئەم مرۆڤەی یان ئەم ئافرەتەی کە جوانترین کاری ئەنجام داوە بۆ بەرژەوەندی جیهان، ئەی ئاهورا بە بەهەشتی شاد بکە و پاداشتی چاکی بدەوە بەرامبەر کارە ڕاست و چاکەکانی هەروەها بۆ ئەو کەسانەی دوعایان بۆ دەکەم هانات بۆ دێنم لەگەڵ ئەوانە هەموویان لە پردی جنیفات دەپەڕمەوە» ئینجا لەوێوە گیانی پاک دەچێتە بەهەشت "ئینوەهیشت – بهشت" کە زاراوەیەکە لە ئاڤێستادا بەم جۆرە هاتووە "وهشتم، هیا شونام" بەمانای شوێنی پاکبوونەوە، ئەگەر گیانەکە پیس و خراپەکار بوو دەچێتە "دوزنگە Dujanha " بەمانای دۆزەخ دێت بە کوردی کە وشەکان لەیەک نزیکن وە شوێنێکیش لە نێوەندی دۆزەخ و بەهەشتدا هەیە بۆ ئەوانەی خێر و شەڕیان بەرامبەر یەکە. کە لەم بەینەدا ئازار نادرێن شوێنەکەش پێی دەڵێن "هیمستیکان" تا ئەوکاتەی مسقاڵێک خێر یان شەڕ بەلایەکی ئەوی تریان زیاد دەکات یا بارەکە ساخ دەبێتەوە بەلای دۆزەخ یان بەهەشت، ئەمە لە سەرچاوەی "مزدیسنا"دا هاتووە ئێمە دەگەڕێینەوە سەر بیروڕاکانی موبەد ئەردەشیر کە موغێکی زەردەشتی و شارەزایەکی سەردەمی ئێستایە بەم جۆرە باس لە پردی جنیفات و بیروباوەڕەکەی دەکات و دەڵێ: «پردی جینود.(٩) زاراوەیەکی ئاڤێستاییە Chnvat کە بەرامبەر بە زاراوەی پردی

---

(٨) نوری اسماعیل ـ الدیانە الزرادشتیە ص٧١ .

(٩) هەمان سەرچاوە.

سـیرات دێت کە زاراوەکـە لە دوو وشـە یان بڕگـە پێک دێت "پرد + سیـرات" یەکیـان کوردییـە پرد ئەویتریان "سـیـرات" لە "مـەسیـر"ەوە هاتووە بـە مـانـای چارەنووس . کـە لێپـێچـینەوە دەست پێ دەکـات لەو کـارانەی مـرۆڤ لە ژیان ئەنجامی داوە هیندییەکانیش بەهەمان شێوە بیر دەکەنەوە لەو بڕوایـەدان کە – رەوان – روح لە رۆژی دووەمـــیـدا لەلاشـــەی جـیـــا دەبێـتـــەوە وە لە رۆژی سێیەمدا دەچێتە ئاسمان بۆیە نوێژی لەسەر دەکەن .

لە میـتـولوجیـای ئاینی زەردەشتیـان وەک موبەد ئەردەشیر باسی دەکات لە کتێبەکەی بە ناوی "مراسم مذهبی و اداب زردتشتیان" لە لاپەڕەی ٢٠٥ دەڵێ: لـە رۆژی چوارەمـــدا بـۆ "رەوان" ی مـــردووەکـــە"دادگـــاه" یـەک دانراوە بـە سـەرپەرشـتی "مـهرایزد «مێـهر ئیزەد" و بە ئامادە بـوونی فریشتـەکان لەوێدا "رەوان" دادگایی دەکرێ.(١٠) خۆ ئەگـەر لەوێدا روون بێتـەوە – رەوان – لەسـەر زەویدا کـــاری راســـتی ئەنجـــام دابێ ئـەوا بە ئـاســـانی لـە پردی "جـــینود" دەپەڕێتـــەوە ئەگـەر نا بە پێـچـەوانەوە مـرۆڤـێکی خـراپ بووبێ و کـارەکـانی ناپەســەند بووبێ ئەوا ناتوانـێ لە پردەکە بپـەڕێتـەوە، یەکســەر دەکـەوێتـە نێو دۆزەخ و شوێنی سزادان.

(١٠) دیارە هـەر بۆیەش زۆر جـاران "دخـمـە بـە دادگـاه لە قـەڵەم دەدەن کـە شـوێنی تەرمی مردووەکەیە وەک "قسن قەپان" گۆڕی دادگا و تەرازوو و قەپان.

# فەلسەفە و مەراسیمی مردوو بە شاخ سپاردن لەلای زەردەشتییان

١- ئەگەر زەردەشتییەک ڕەوانی دەرچوو دەستەکانی لەسەر سینگی دادەنرێن - پێیەکانی جوّت دەکرێن لە سوچێکی ماڵ دادەنرێ رووپۆشێکی خاوێنی لەسەرتاپای بەدەنی وەردەپێچرێ، ئەو مرۆڤە پاک و رەفتار چاک بێت یان نا، لەسەر تەختێک بە ئاوی "داغ" دەشۆردرێ، دیارە بەم شووشتنە میکرۆبەکانی لەشی دەکوژرێن تاکو زوو تێک نەچێت.

٢- ئەو کەسانەی خەریکی مەراسیمی مردووناشتن دەبن وەک - گاهنان - کاهینەکان کە دەبێ جوت جوت بن یان «٢» یان «٣» یان «٦» ئەوانە مردوو دەشۆن بە قوماشی سپی کفنی بۆ دەکەن ئەویش بە ئامادەبوونی خاوەن ماڵ پاش ئەم مەراسیمە لە تابووت دادەنرێ Gahan یان -گەهن-[1]. کە لە (فلز) دروست دەکرێ. ئینجا بۆ ئارامگاە دەبردرێ. دۆست و خزمانی لە دوایەوە دەڕۆن مردووناشتن یان بۆ دەخمە بردن بە رۆژ پەسەندترە لە شەو بەڵکو مردوو بردن بۆ سەر دەخمە بەشەو هەر پەسەند نییە - «ئەگەرچی ئێستا زەردەشتیان رێگایان داوە بە شەویش ئەم کارە ئەنجام بدەن».

٣- لە شوێنی نوێژکردن لەسەر مردوو هەفت مۆم پێ دەکرێ، موبەدەکان بە یاسا دەبێ دوو کەس بن، کە بەرامبەر بە مردوو رادەوەستن.

"سروودی گاتاکان" دەڵێنەوە و مەراسیمی خۆیان جێبەجێ دەکەن[2] وە

(١) هەمان سەرچاوە - مراسم مذهبی و اداب زردتشتیان.

(٢) هەمان سەرچاوە.

ئێستاکەش لەبەرئەوەی مرۆڤ زۆر بووە شوێنەکانی داگیر کردووە، جێگەی چۆڵ کەم بووە زەردەشتیان مردووەکانیان بە خاکیش دەسپێرن. بەڵام کە گۆڕ هەڵدەکەنن لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوایە – کە سەری دەبێ لە رووی "باختر"و رووشی لەلای رۆژ "خۆر" بێت. ئەم شوێنە بە "زادومەرگ" Zadomarg یان پرش "parsesh" ناو دەبەن. ئێستاش شوێنی "زادومەرگ" پەسەندترە لەلای زەردەشتیانی ئێستا ئەم مەراسیمەش بە گوێرەی سەردەمی ئێستا و ناوچەکە گونجێندراوە. وەک چۆن میللەتانی پێشوو بە گوێرەی هەڵکەوتنی شوێنەکانیان مردوویان ناشتووە.

بۆ نموونە ئەوەی بیابانی بووە هەڵکەندنی "قوم" ئاسانە یەکسەر مردووی خستووەتە ژێر خاک وەک دانیشتووانی جەزیرەی عەرەبی لە پێش هاتنی ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلام. بەڵام ئەوانەی لە نێو بەفر دەژین مردوویان لە نێو بەفر دەشاردەوە.

یان چۆن شاخ نشینەکان شاخیان بەزەحمەت پێ دەکۆڵدرا لە شوێنی بڵندیان دادەنا یان ئێستا هەندێ لە هندییەکان مردووەکانیان دەخەنە نێو ئاو. یان دانیشتووانی دەم ئاو و دەریاکان.

یان وەک چۆن لە سەردەمی فیرعەونەکاندا "هەڕەمیان" بۆ لاشەی پاشاکان دروست دەکرد یان کەلەنی شاخەکان، هەندێ جاریش بیابان.

یان وەک هەندێ لە هندییەکان کە تا ئێستاکەش مردووەکانیان لە رێوڕەسمێکی تایبەتی دەسووتێنن خۆڵەمێشەکەشیان بەسەر زەویوزاردا پەرت دەکەن... کە کاتی خۆشی زاگرۆسییەکان پێشی زەردەشت هەمان رەفتار و رەفتاری جیاجیایان لەگەڵ مردووەکانیان دەکرد.

لە هەندێ سەردەماندا ئەگەر مردووەکە دەسەڵاتدار دەبوو وەک پاشا و مەلیک و خواوەند خواردن و کەرەستەکانیان لەگەڵ دادەنان بۆ ئەوەی لە کاتی زیندووبوونەوە بەکاری بهێنن.(٣)

---

(٣) ئەمە لە پاشماوەی سۆمەری و فیرعەونییەکاندا بەدی دەکرێ.

لێــرەدا بۆمــان روون دەبێــتــەوە کــە هێندە حــەزیان لە ژیان بایە و لە کەرەستـەکانی بووە و خـزم و کەسـیـان دەستـبـەرداری ژیان نەبـووینەوە قـەد نەگـەیشـتـوونەتە ئـەو بڕوایەی مـردوو هەتاهەتایە زیندوو نەبێـتـەوە. بەڵکو بڕوایان بـەجــۆرێک زیندووبـوونەوە هـەبـووە... یان نیــوە زیـنـدووبوونـەوە وەک "تەناسخ" و "دووناودوون" و کراس گۆڕین.

بەبێ ئـەوەی ئاینێک لە ئـاسـمـانەوە ئـەمـەیان پێ راگـەیەنێ بۆیە هـەمـیـشـە بیـروڕاکـان نـاوچەیی بوون و دوور بوون لـەیەک جـۆر و ئـاسـتی بیـرکـردنەوە. ئەمـەش لە لاسـاییکردنەوەی سـروشـتـەوە هـاتووە بەتایبـەتی ژیانی رووەک و گیاوگۆڵ و دار و دارستان کە چۆن هەموو ساڵێک لەسەر رەگی خۆیان زیندوو دەبنەوە ئاواش لەسەر ئـەم بنەمایە راکانیان بەرامبەر بە زینـدووبوونەوە بنیات ناوە و رێک خـستـووە... زەردەشـتـیـیـەکان شـاخـاوی بوون زاگرۆسـیـان بوون بەڵگەی زاگـرۆسـیـبـوونی زەردەشـتــە بەگـوێرەی شـاخ و خـاکی شــاخـاوی رەفـتـاریان لـەگـەڵ مـردووانیـان کـردووە خـەڵکانی دەوروبـەریشـیـان وەک فـیـرعەونیـیـەکان لاسـاییی ئەوانیـان کردووەتەوە. مرۆڤ بـەردەوام خـۆی لەگەڵ سـروشـتی دەوروبەری دەگونجـێنێ، بۆیە یاسـای شـاخـاوییـەک لەگەڵ یاسـای بیابانییەک یان دەم ئاوێک لەیەکتر جیایە تا دەگاتە جۆری ژیانیان سەرەڕای ئەوەی کـە مـرۆڤ هـەر مـرۆڤـە، لـە یەک جـیـهـاندا دەژی... بەڵام جـیـهـانێکی جۆراوجۆری جوگرافی. "مـوبد" کاتێ باس لەوە دەکا کـەوا لە یەسنا ۳۱ بڕگە (۱۱) دا هـاتووە، دەڵێ: «هـنگامی کـەتۆ ای مــزدا، در روز نخــست از خــرد خویش جیهـان، وجدان و قوە اندیشە آفریدی، هنگامی کە زندگانی را بەقالب مادی در آوردی و وختی کەتو کردارو ارادە آفریدی چنین خواستی کە هرکس بەحسب ارادە خود از روی اعتقادی باطنی رفتار کند».

دوای ئەم دەقـەش دەڵێ: «لە مـەجلسێکدا کە باسی مـەزهـەبی زەردەشـتـیـان دەکرد یەکێ لە دۆسـتـەکـان پرسی: ئایا زەردەشـتـیـیـەکـان ریش تراشین چۆن دەبینن؟ مـنیش بە پێکەنینـەوە وەڵامم دایەوە و گـوتم: پەیامـبـەری ئێـمـە ریش تراشینی داوەتەوە دەست خۆمـان، هـەرکاتێ ویستـمان بیتراشین دەیتراشین،

هەرکاتێ نەمانویست بیتراشین نایتراشین، زەردەشت مەبەستی ئەوە بووە پەیڕەوانی خۆی واقیعیانە پەروەردە بکات ئەزیەت و ئازاریان نەدات. تاکو بیری چاک و گوفتاری چاک و کرداری چاک ئەنجام بدەن. لە هەمان کاتدا ئازاری دەوروبەری خۆی نەدا، بەکار و پیشەی خۆی هەڵبستێ سوودی بۆ خۆی بۆ کار و پیشەو وڵات و گەلەکەی خۆی هەبێت»[٤]

لە نێو ئارییانی کۆندا و لە نێو زەردەشتیاندا مردوو سووتاندن و مردوو کفن و دەفنکردن و دەخمە گوزاری باو بووە لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی سەرەتایی پاشان گشتی بووەتە دەخمە گوزاری.

(٤)هەمان سەرچاوە موبد اردشیر – مراسم...

# هۆی دەخمەسازی

مـووبەد ئەردەشـیری ئازەرکـەسـەسب لە هـەمـان سـەرچاوەدا دەڵـێ: «ئێـمـەی ئارییانی وەکو هیندییەکان و زۆر لە میللەتانی ئەوروپا کە لە ڕەگەزی گەورەی ئاریایین باوک و باپیـری ئەم مـیللەتانە لە دێرزەمـانەوە لەسـەر ئەم خـاکـەدا دەژین، بەگەواهیی ئاڤێستا.

کـتـێبی مـەزهـەبیی زەردەشـتـیـان کـە بە ناوی "ئاریان ویـچ" ناونراوە. لە نێو زانا ڕۆژهـەڵاتناسـان و بیروڕای جیاجیادا کە لەسـەر ئەم بابەتەدا هەیە. ئەوەی لە نێـو ئاڤێسـتـاشـدا بـاسـی دەکات و لایەنێکـی گـرینگی ڕوون دەکـاتـەوە. لەو سـەردەمـانەدا (١٠) مانگ کـەش و هـەوا زۆر سـارد بووە تەنیا دوو مـانگ نەبێت کـە هـەواکـەی مـامـناوەندی بووە. ئەم وڵاتەی زەردەشت لێی ژیاوە "شـوێنی ئاریان" «کە مـەبەستی ئێران و زنجیرە چیای زاگرۆس بووە» لەم شوێنەدا دە مـانگ زسـتـان و دوو مـانگ هـاوین بـووە. کـە زسـتـان سـەخـتـترین گـێـچـەڵی بۆ دانیـشـتـووانی ناوچەکـە ناوەتەوە، کـاتـێ ڤـاندیدات بـاسـی بردنی مـردووەکـان دەکـات بۆ سـەر دەخـمـەکـان، دەبووایـە تاقی تایبـەت دروست بکرێ بۆ تەرمی مـردووەکـان هـەتا بـەفـر و باران کـۆتایی پـێ دەهـات یان کـە ڕۆژ خـۆش دەبوو تەرمی مردووەکانیان دەبردە سەر دەخمە و لێواری شاخەکان کە ئامادە دەکرا بۆ ئەم مەبەسـتە. ئەگەر سـەیری ئەم وتەیە و سـەیری ڤاندیدات بکەین کاتێ بۆ وەلامـێک دەڵـێ: «هـەرکـاتـێ یەکـێ لە "مەزدیـەسنا" کان دەمـرێ پـێویسـتـە تاقـێک دروست بکرێ بۆ دانانـی تەرمـەکـە جـا بـۆ دوو ڕۆژ یان سـێ ڕۆژ یان بۆ مـاوەی مـانـگێک تا ئەو کـاتەی باڵندەکـان دەگـەڕێنەوە و گـژوگـیـا شـین دەبێـتـەوە. ئاو دەسـت بـەرۆشـتن دەکـــاتـەوە هـەوا خـــاک وشـک دەکـــاتـەوە... دوای ئـەوە مـەزدیەسنەکان مـردووەکانی خـۆیان ببـەن بۆ سـەر دەخـمـەکـانیـان ئاشکراشـە

شاخەکان بەفر دایان دەپۆشێ خەڵکی شاخەکان نەیاندەتوانی بە ئاسانی مردووەکانیان بنێژن یان بیبەن بۆ سەر دەخمەکان. وەک لە پێشتریش باسمان کرد ئەوان فێر بوون مردووەکانی خۆیان لە بڵندایی شاخەکان دابنێن تاکو قەل و دالاش و درندە بیخوات. ئێستاش لە هەندێ ناوچەی "تبت" لە چین بەهەمان شێوە رەفتار لەگەڵ مردووەکانیان دەکەن و نانێژن. هەر ئەم سەرما و ساردییەش بوو لەگەڵ نەتوانینی شاخ کۆڵین و بەزەحمەت بوونی لە ناوچە شاخاوییەکان ئاریان بیریان بەم جۆرە رەفتاریان لەگەڵ مردووەکانیان کردووە» یان فێرە دەخمەسازی بووینە.

ئێمەش لێرەدا ئەوە دەقۆزینەوە دەڵێن: کەواتە دەخمەگوزاری لە کێوەکانەوە لە زاگرۆس سەری هەڵداوە هەر بۆیەش ناوچەی سەرەوەی زاگرۆس پێی وتراوە "ئازەربایجان"... "ئاتربایگان"... "ئاتروپاتین" بەمانای شوێنی ئاگر. کەکینایەیە بۆ شوێنی ئاگری زەردەشتی و سەرهەڵدانی زەردەشتیەت و زەردەشت بەخۆی کە زۆربەی زاناکان دەڵێن خەڵکی ناوچەی ورمێیە. کە سەنتەری ئازەربایجانی کۆن بووە کە شوێنێکی کوردنشینی زەردەشت بووە، ئاینەکەش بەگوێرەی کەش و هەوای ئەم ناوچەیە گونجێندراوە. نەک هەر هێندە هەمان ناوچەشە کە شوێنی شارستانیەت و سەنتەری "ماننا" و میدییەکان بووە. دواتر ئاینەکە بۆ شوێنەکانی تر تەشەنەی کردووە. بەپێی زمانی لە یەکتر گەیشتن و شێوە زارەکانی لەیەک نزیک. هەر لە نزیک و رۆژهەڵاتی ئازەربایجان زەردەشت لە جەنگەکانیدا لەگەڵ ئەفغانەکان یان وەک هەندێ دەڵێن: لەگەڵ تورکەکان شەهیدی بیرورا و بڕوای ئاینەکەی بووە. هەمان ناوچەش هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی ئاریان و ئیمپراتۆریەتەکانی میدیا و هەخامەنشی و ساسانییە شوانکارەکان بووە.(١)

لە زەردەشتنامە "Bravent Blog" ئێرنێستدا هاتووە لە دوای گاتاکان

---

(١) بۆ مەسەلەی شوانکارەبوونی ساسانییەکان بڕوانە ئاڤێستای نەورۆز عەبدولخالق سەرسام. یان ریشە و تاریخی کرد پیویستگی نژادی او.

زەردەشت زراستر "زەرد ئاستەر" وتراوە کە خەڵکی ئازەربایجان بووە کە یۆنانییەکان بە ئاترۆپاتین ناوەکەیان تۆمار کردووە. لە سەردەمی زەردەشت "ئازروان" بەمانای پاسەوانی ئاگر و ئاگرەوان هاتووە شوێنی لەدایکبوونی ئورمییە بووە کە دەکەوێتە رۆژئاوای ناوچەیەک کە بەهەمان ناو بووە. لە یەکێ لە جەنگەکانی لەگەڵ تۆرانیان لە "بلخ" کوژراوە ئەمە تەواوی دەقەکە بوو.

# دەخمە یان دادگاه

ئێمە کاتێ هاتینە سەرباسی "دەخمە" پشتمان بە کتابەکەی موبەد ئەردەشیر ئازەرگوشەسب بەست کە موغێکی ئەم سەردەمەی زەردەشتیانە. سەرەڕای هەستکردنمان بە شارەزایی و راستگۆیی بەڕێزیان وەک دەڵێن: «و شهد شاهد من اهلها» واتە گەواهیدەرێک لە خۆیانە.. بەڵام مانای ئەوە نیە لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر ئەمەندە راوەستێ و ژێدەر و کتێبەکانی لەسەر زەردەشتیاتی نووسراوەتەوە پشتگوێی بخەین یان زانیاری دید و بۆچوون و شوێنەوارە نوێیانەی کە لەسەر دەخمە بەتایبەتی دەخمەی بلەی بارزان و لێکۆڵینەوەمان لەسەر دەخمەی – قسن قەپان – و وردەکارییەکانی زۆر بە وردی و شرۆڤەکردنی وێنەکانی لەسەر کۆمپیوتەر و گەورەکردنی بەسەدان جار تا وردبوونەوە لە چۆنیەتی دەمە چەکوچەکانی هەڵکۆڵینی هونەرمەندەکەی ئەو سەردەمە. هەروەها خوێندنەوەی بیروڕای جیاجیا و کتومتیش وەک راهاتووم نەکەوتمە داوی ڕا سەرچاوە یا باسەکان بە دەقاو دەقی.. تەنیا پاش تاوتۆکردن و بەراوردکارییەکی ورد پەسندم کردوون.

**دەخمە:** بە زمان و هزری زەردەشتیان بەمانای "دادگاه" دێت بەمانای شوێنی دادگاییکردنی مرۆڤ لە دوای کۆتاییهاتنی بەژیان و ئەو کردەوە چاک و خراپانەی کردوونی.

لە هیندستان پێی دەڵێن دەخمو (Dakhmo) لە سەرچاوە ئەوروپییەکاندا پێی دەڵێن "tower of silence" بەمانای بورجی بێدەنگی یا تاوەری یان تەپۆڵکەی یان بڵندایی بێدەنگەکان. بەواتای دیی خامۆشان دهی + خاموشان. ده + خم.

لە هەندێ گێڕانەوەی دەم بە دەمی زەردەشتیاندا دەخمە بەناوی "روش

خورشید = نگرشنە"[1] هاتووە کە لەم دواییە جۆرێک لەو دەخمانەیان لەسەر کێوێکی بڵند لە ناوچەکەیان بینا کردووە.

لە ناوەڕاستیدا جێگەی "ستودەدان" ئێسکدان هەیە وەک ئەوەی "یەزد". بەڵام دەخمە کۆنەکانی میللی و سەردەمی ساسانیان لەسەر شاخێکی گونجاو و بەرز یان قەد شاخێکی "تەختە شاخ" دروست کراون هەموو مردووەکان بەیەکسانی دانراون. جۆگەی ئاوەڕۆک و شوێنی پیاوان و ئافرەت و منداڵ بە ئاشکرا دیارە بە گوێرەی بەژن و باڵا کە دیاری کراوە و ماوە وەک دەخمەی بلەی بارزان یان دەخمەی رۆژئاوای ورمێ یان درەلێر.

بۆ نموونە سنووری کۆتاییی دەخمەکان بۆ شوێنی پیاو بووە وەک لە وێنەکەدا بەدیار دەکەوێ شوێنی ناوەڕاست بۆ ئافرەت تەرخان کراوە شوێنی دەوروبەری ستودەدان بۆ منداڵان تەرخان کراوە وەک چۆنیەتی پلەی خێزانی کە منداڵ لە ناوەندی ماڵ و باوشی دایک و جەرگەی خێزان بووە. ئینجا ئافرەت دواتر پیاو پاسەوان و پارێزگار و نەترس چەتری خێزان بووە وەک باڵا دەست. ستودەدانیش جێگەیەک بۆ ئێسک و پرووسکی مردووی لەمێژینە و ناسراوەکان بووە لە پاڵ مردووی تازە بۆ نەترسانی منداڵ لە قووڵاییی خێزان و خزم دوای مردنی.

جۆگە لە دەورەی دەخمە هەڵدەبەسترا شوێنی جۆگەکە لە شاخەکە نزمتر دەبوو، بەمەسافەی بستێک و هەموو جۆگەکانیش دەچوونە نێو "گۆر دەخمە" هیچ کاتێک ئاوەکە لەسەر نزماییی دەخمەکە نە دەڕژا و یان وای لێ نە دەهات پڕ بێتەوە. ئاوەڕۆکەکە دەچووە نێو گۆر دەخمە شاخاوییەکە نەک بچێتە دەرەوە ئاو خاک و ئاگر پیس بکات کە ئێستاکەش گۆر دەخمەی "بلەی بارزان" بەهەمان شێوە ماوە ئاوی لێ بەم جۆرە کۆ نابێتەوە بچێتە دەرەوە هەرچەندە بارانیش زۆر بێت. بەو نزماییەی ناوەندیشیان دەگوت "سەرادە saradeh" یان Astadane

ئێمە ئەگەرچی دەزانین ژیان و پێویستییەکانی وادەکات زۆر گۆڕانکاری

---

(١) موبد اردشیر – ل ٢١٨ مراسم مذهبی و اداب زردتشتیان.

روو بدات لەگەڵ ڕەوشی تازەدا بگونجێ. تەنیا لەو ئاینانەدا نەبێت کە وشکی و نەگۆڕانیان بە گوێرەی سەردەم و نەگونجانیان دەبێتە هۆی لاوازبوون و لە ناوچوونی ئەو ئاینە، چونکە ئەمە دەبێتە کۆسپێک لە بەردەم پێشکەوتن و شارستانیەتی سەردەم و گۆڕانکارییەکانیدا. بۆیە لە "یەزد" دەخمەیەکیان لەسەر شاخ کردووە دیواریان بۆ کردووە.. ستودان لە ناوەڕاستدا دوور لە ئاوایی دەرگەیەکی نزم – عەبدوللا موبەلیغی ئابادانی[٢] لە کتێبەکەی مێژووی ئاینی زەردەشت لە وەرگێڕانی وریا قانع دەڵێ: «بەو دەخمانەیان دەگوت "دادگاه" زەردەشتییەکانی هیندستانیش پێی دەڵێن "دەخمو" ئەوروپییەکانیش بورجی خامۆشان» بەهەمان شێوە لە کتێبەکەی ر. س زیهنیر مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆرد "الزرادشتیه – الفجر – الغروب".[٣] هاتووە دەڵێ: دوای ئەوەی روح سێ رۆژان و سێ شەوان لە دیار ئەو تەختە شاخەی مردووی لەسەر دادەنێن رادەوەستێ. لە رۆژی چوارەمدا بەهاوڕێیەتیی "سروشا"ی پیرۆز "vay" پیاو چاک "فرثرغنا" ڕووبەڕووی تێکشکێنەری[٤] ئێسک دەبنەوە هەروەها ڕووبەڕووی ڤای vay خراپ و ئەهریمەن خراپ. "فریهزشت" و "وزشت" کە "نیزیەکی" خوێناویی بەدەستەوەیە. دواتر روح دەگاتە "پردی سیرات"ی بڵند و ترسناک کە چاکەکار و خراپەکار لەوێدا ڕووبەڕووی بوغز و کینە دەبنەوە کەنیزەیەکی خوێناوی سپییە و هەروەها ڕووبەڕووی تێکشکێنەری ئێسک و پرووسک دەبنەوە کە هەموو گیاندارەکان قووت دەدات. کەواتە ئەم تەختە شاخە یان "دەخمەیە" سەرەتای دادگاییکردنی مردووە لەلای زەردەشتیا.

---

(٢) عەبدوللا موبەلیغی ئابادانی – مێژووی ئاینی زەردەشت، و. وریا قانع.

(٣) "ر.س زیهنیر – الزرادشتیه" ص ٣٧٤ و. د – سهیل نجار.

(٤) لە دەوروبەری دخمەی بلەی بارزان چەندین جۆنی هەیە دیارە بۆ تێکشکاندنی ئێسکی مردووەکانە تاکو لەو بیرە جێگەی ئەم هەموو ئێسکە ببێتەوە. ئەم بیرە پڕی وردە ئێسکە کەوتووەتە ژێر شەقامەکەی تەکی وەک ئەو کەسانە بۆیان گێڕامەوە کە گەڕابوون لە دوو دەسکەوت.

دەخمە لە نێوان هیندییەکان  باو بووە "موبد اردشیر" ئاماژە بە بڕگەی (٢) ی کردەی هەشتەم دەکات لە پاشا Athava veda دەخمەش لە دوای ئەزموونێک هاتووە، کە نەخۆشیی کوشندەی وەک کولێرا و رشانەوە و خوریکە و سۆریکە و "سورێژە" ئەو نەخۆشییانەی زوو تەشەنەیان دەکرد یان مەترسیدار بوون کە سەرتاپای خاکی دەگرتەوە واتا شار و دێهاتەکان. مرۆڤەکان ناچار دەبوون دەست لە مردووان نەدەن. چونکە دەست لێدانیان تووشی نەخۆشی و مردنی دەکردن بۆیە تەنیا مرۆڤی خاوەن ئەزموونی وەک موغەکانی زەردەشتی مەراسیمی مردوو سپاردن بە شاخیان ڕادەپەڕاند و خۆیان بە میزی گا تەعقیم دەکرد. دیارە میزی گا نهێنییەکی تێدا بووە بۆ کوشتنی میکرۆبەکان . هەر بۆیەش ئەو شوێنەی مردووەکەی لێ دەمرد بۆ ماوەی  دوو ساڵ نە دەچێنرا . ئەم نەریتە زۆر کۆنە، تەنیا هانایان بۆ پاڕانەوە و نزا بۆ خواوەندەکان دەبرد بۆ چاکبوونەوە. زەردەشتییەکانیش بەهەمان شێوە وەهەموو ئاینەکانی تری جیهانیش کە بەسەدان ئاین دەبێت وە تاوەکو ئەم سەردەمەش هانا بۆ خواوەندیان و خودایان دەبەن هانا بۆ بتەکانیان دەبەن و قوربانییانی پێشکێش دەکەن وە کاتێ دەیاندیت نەخۆشییە کوشندەکان بە کۆمەڵ خەڵکی دەکوشت لە پێشی هەڵدەهاتن.. بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە نێو ئارییانی کۆندا و بە تایبەتی لە سەردەمی زەردەشتیاندا پێنج پلە پزیشک هەبوو کە "مووبەد ئەردەشێر" لە ل(٢٢١)ی هەمان سەرچاوە بەم شێوە باسیان دەکات.[٥]

---

(٥) هەمان سەرچاوە

## جۆری پزیشکەکانی سەردەمی زەردەشتیان

١- ئەشو پزشک: "ئەشوبئشەزوو" (Ashu Baeshazu) کە گرینگی دەدا بە پاکوخاوێنی و پاراستنی تەندروستی، ڕێنوێنی و چارەسەری.

٢- داد پزشک: "داتو ئیشەزوو" (Datu Baeshazu) یەکێ لە ماناکانی واژەی داد "داتو بئشەزوو" یاساکان بوو، کە ئەم پزیشکە بە گوێرەی نەریتی تایبەتی کار و پیشەکانی لە چارەسەرکردنی بیماران بەشداریی دەکرد. یەکێ لەو یاسایانە یاسای (Bareshnum) بوو، کە لەو ماوەیەدا کە بیمارستان (خەستەخانە) لە خەڵکی دوور بوو ئەو دەبووایە بەتەنیا بژیا بووایە، تەنانەت قاپ و قاچاخەکەشی دەبووایە کەس دەستی لێ نەدا یان بیشوات. ئەم مەراسیمە وا دانرابوو بە ڕۆژ بیمارستانەکان دابخرێن.

٣- کارد پزشک یان "برین پێچ"Karetu Baeshazu" ئەم پزیشکە ئەندامانی لەشی عەمەلیات و چارەسەر دەکرد.(٦) لە دەرکردەی هەفتەمی ڤاندیداد برگەی ٣٦ تا ٤٠ باس لە کاری نەشتەرگەری و برینپێچی دەکات کە چۆن یەکێ لە نەشتەرگەر و پزیشکەکانی ئاریان توانیویەتی کاری ئەم جۆرە برینپێچی و نەشتەرگەرییە گەورەیە بکات لە کاتێکدا کە پێشتر کەسێکی تر لە غەیری ئاریان نەیتوانیوە ئەم کارە بەم جۆرە سەرکەوتووانە بە ئەنجام بدات.

٤- ئورو پزشک: "ئورو رو بئشەزوو" Orvaru Beashazu "ئەم زاراوەیە ناوی گیایەکە وەک مووبەد ئەردەشیر شیی دەکاتەوە" کە دیارە ئەم پزیشکە چارەسەری بە گژوگیا کردووە.

٥- مانترە پزشک: "مانترو ئیشەزوو"Manthru Beashazu مانترە وشەیەکی ئاسمانییە وە مانترە پزشک مووبەدیک بووە کە بە خوێندنەوەی دەقەکانی ئاڤێستایی نوش و شیفای بەخشیوە بە نەخۆشەکان وەک بۆمان ئاشکرا

---

(٦) ص٢٢١، ص٢٢٢، ص٢٢٣، موبد اردەشیر ئاذرگشب، مراسم مذهبی و اداب زردشتیان.

دەبێت وەک چۆن لە هیندستان بەهەزاران پیاوی ئاینی کە سەر بەو سەدان ئاینی جۆراوجۆرن، خەریکی دوعا و نزا و جادووگەرین. و زۆربەی ئاینەکان لەسەر بنەمای چارەسەری بە "دوعا خوێندنەوە"ن و بڕوایان پێوە. دیارە ئاواش لە سەردەمی ئاینی زەردەشت بەم جۆرە مرۆڤی ئاینی یان پزیشکی تایبەت هەبووە بە خوێندنەوەی دەقەکانی ئاڤێستا، چارەسەری نەخۆشییەکان بکات نەک هەرهێندە بەڵکو کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵ هەبووە، کە لەو سەردەمەیدا کۆمەڵگەی زەردەشتی ماڵی بە پاک و خاوێنی رابگرێ و پاش هەر مردوویەک کە بە رێی دەکەن. "نسا"[(٧)] بکەن بەمانای خۆیان لە پاشماوەی مردوو رزگار بکەن. ئەگەر داوە موویەکیش بێت لە پاشماوەی مردووەکان مابێتەوە.

جگە لەو یاسایانەی لەمەڕ پزیشکان یاسایەکی تایبەتی هەبوو کە بەگوێرەی ئەو یاسایە پزیشکەکان بۆ یان نەبوو چارەسەری دێوپەرستان بکەن یان هەر جۆرە نەشتەرگەرییەکیان بۆ ئەنجام بدەن. تەنیا دەبوو چارەسەری "مزدیسنا" کان[(٨)] هەروەها هەر کاتێک پزیشکی توانی چارەسەری مرۆڤێکی ئیماندار بکات ئەوا پاداشتێکی مەزنی وەردەگرت لە لایەن موغەکانەوە ئەویش دوعا و پیرۆزکردن بوو بۆ ئەم کارەی کە ئەنجامی دەدا.

واتە پاداشتێکی مەعنەویی وەردەگرت نەک "مادی". ئەگەر ئێمە لە نرخی چارەسەری پزیشکان وردبینەوە دەبینین نرخی تایبەتیش بۆ پاداشتی ئەم پزیشکانە دانراوە وە نرخەکەی گران بووە، بۆ نموونە:

* ئەگەر پزیشکێ سەرۆکی خێزان چارەسەر بکات پاداشتی بەقەد گایەکی ئاسایی دەبێت.

---

(٧) (نسا) زاراوەیەکی زەردەشتییە Naso بەمانای خۆ پاککردنەوە "تطهیر" دێت خۆ پاک کردنەوەیەکی پیرۆزی ئاینییانە. وەک ئێستاش خۆ لە نەخۆشی و مردوو دوور دەخەنەوە.

(٨) ڤاندیدات ص٤٨ طبعە موصل ١٩٥٦

* ئەگەر پزیشکێ سەرۆکی ناوچەیەک چارەسەر بکات، پاداشتەکەی بەقەد نرخی گایەکی مامناوەندی دەبێت یان گایەکی دەدرێتێ.
* ئەگەر پزیشکێ سەرۆکی ناوچەیەکی چاک کردەوە نرخەکەی گایەکی بەنرخ دەبێت.
* ئەگەر پزیشکێ سەرۆکی وڵاتێکی چاک کردەوە، دەبێ پاداشتەکەی بەقەد نرخی عارەبانەیەکی گەورە بێت کە چوار ئەسپ رای دەکێشێ.
* ئەگەر پزیشکێ ئافرەتێکی سەرەک خێزانی چاک کردەوە، پاداشتەکەی "کەرێکی شیردار" دەبێت.
* ئەگەر پزیشکێ ئافرەتێکی خێزانی سەرۆکی گوندێکی چاک کردەوە پاداشتی مانگایەکی شیردار دەبێت.
* ئەگەر پزیشکێ ئافرەتی سەرۆکی ناوچەیەکی چارەسەر کرد پاداشتی ماینێکی شیردار دەبێت.
* ئەگەر پزیشکێ سەرۆکی خێزانێکی گەورە چارەسەر بکات پاداشتی بەقەد نرخی گایەکی زۆر چاک دەبێت.(٩)
* لە کۆتاییدا دەڵێ: ئەی "ئەسپیتاما زەردەشت ئەگەر چەند پزیشکێ هاتن، یەکێکیان ویستی بە نەشتەرگەری نەخۆشەکە چارەسەر بکات ئەوی تریان بە "گیاو گوڵ" گژوگیا، ئەوی تریان بە دوعا و پاڕانەوە و وتەی خوایی چارەسەری بکات، ئەوا ئەم کارە چارەسەری چارەسەرییەکانە".

## جەستەی مردوو و خاک پیسکردن

لە هەمان سەرچاوەدا لە لاپەڕەی (٨٥) زەردەشت پرسیارێک ئاراستەی ئاهوورامزدا دەکات دەڵێ: « ئەی دروستکەری جیهانی جەستەکان، ئەی پیرۆز... دوای تێپەڕبوونی چەند ماوە ئەو خاکە پاک دەبێتەوە کە مردووی لەسەر دانرابوو کە بە تیشکی ئاسمان وەرپێچرابوو رووی لە "خۆر" کرابوو».

---

(٩) ص٨٥ ڤاندیدات - "بەزمانی عەرەبی" و موصلی/چاپی موصل.

ئاهوورامـزدا وەڵامـی دایەوە: «ئەی زەردەشــتی پیــرۆز، ئەگــەر مــردوویەک لەسـەر خـاک دانرا بوو سـاڵێکی بـەسـەردا تـێ پەڕیبوو، بە رووناکیی ئاسـمـان وەرپێچرابوو، رووی لە رۆژ کرابوو، ئەوا ئەو خاکە پاک و بێگەرد دەبێتەوە.

زەردەشت ئەی داهێنـەری جیـهانی جـەسـتـەکان ئەی پیـرۆز: دوای دانانی لاشـەی مـردوو لە ژێر خـاکدا دەبێت چەندی بەسـەردا تێپەڕ بێت تاکو خاکەکە پاک دەبێتەوە.

"هرمزد" وەڵامی دایەوە:

ئەگەر مـرۆڤـێکی مـردوو بۆ مـاوەی پـەنجـا سـاڵ لە ژێر خـاکـدا مـایەوە "ئەی ئەسپیتاما زەردەشت ئەو کاتە خاکەکە پاک دەبێتەوە" .

ئەی داهێنەری جیـهانـی جـەسـتـەکان "ئەی پیرۆز" دوای دانانی مـردووەکان لەسـەر دەخـمە ماوەی چەندی دەوێت تا خـاکەکە پاک دەبێتـەوە هـەرمەزد وەڵامی دایەوە:" پێش ئەوەی ئـەو جـەسـتـانە تێکـەڵ بە خـاک بن هـەرکـەسێ لە جـیـهـانی زیندووانـدا هـان دا، ئەی ئەسـپیـتـامـا زەرادەشت بۆ تێکدانی دەخـمـەکان ئەگـەر هـاتوو مرۆڤێک ئەو دەخمانەی رووخاند بەقەد جەستەی خۆشی بێت ئەوە کفری کردنە لە بیروبڕوای خۆی کفریە لە وتەکانی. کفریە لە کردەوەکانی بەڵام سزای بیری خـراپ لە وتەی خـراپ سـووکـتـر و هـی وتـەی خـراپیش لە کـردەی خـراپ سـووکـتـرە. دەرهـەق بەم مـرۆڤـە کـێـشـەی نێـوان دوو روح بـەکـار ناهێـنرێت ئەهریمـەن ئازاری نادات کـە دەچێـتـە بەهـەشـتـیش ئەسـتـێـرە و مـانگ و رۆژ پێـشـوازیی لێ دەکـەم منیش پیـرۆزبایی لێ دەکـەم: من داهێـنـەر هورمـوز بەم وتانە پێشوازیت لێ دەکەم: پیرۆز بێ لێت، ئەی مرۆڤ. ئەتۆ لە جیهانی مردن و لە ناوچوون چوویتە جیهانی نەمری.

ئەی داهێنەری جـیـهـانی جـەسـتـەکان. ئەی پـیرۆز ئەهریمـەن لە کـوێیـە؟ ئەو کـەسـانە لە کـوێن قـوربانی پێـشکێش بە ئەهریمـەن دەکـەن؟ کـام شـوێـنە ئەو شوێنەی چەتەکانی ئەهریمەنی لێ دەباری؟ چەتەکانی ئەهریمەن پێکەوە هێرش بۆ سـەر کـام شـوێن دەبەن؟ لەکـام شـوێن چەتەکـانی ئەهریمـەن دادەبەزن بۆ

ئەوەی پەنجا پەنجا و بەسەدان و بە هەزاران. بەهەزاران و بەزیاتر. بەزیاتر و بەژمــارەیەکی لەبن نەهاتوو خــەڵک بکوژن؟ هورمــوز وەڵامـی دایەوە: ص ٨٧ ڤاندیدات "ئەو شوێنە (دەخمە)کانن ئەی ئەسپیتاما زەردەشت ئەو شوێنەیە لەسەر خاک کە مردووی لەسەر دادەنێن ئەهریمەن لەم شوێنەیە ئەم شوێنە ئەو مرۆڤەی لێیە کەوا قوربانی پێشکێش بە ئەهریمەنان دەکات. ئەو شوێنەیە کە ئەهریمەنەکانی لێ دەبارێ چەتەکانی ئەهریمەن پێکەوە هێرشی بۆ دەبەن. لەو شوێنە چەتەکانی ئەهریمەن دادەبەزن بۆ ئەوەی پەنجا پەنجا و بەسەدان و بە هەزاران. بەهەزاران و بە "ربە" و بەژمارەیەکی زۆری لە ژماردن دەرچوو لەسەر ئەم دوخمانە. ئەی ئەسپیتاما زەردەشت ئەهریمەنەکان زگیان پڕ دەکەن و بەتاڵ دەکەن وەکو ئێوە ئەی مرۆڤەکانی سەر دنیا. وەک چۆن ئێوە خواردن لێ دەنێن و گۆشت بەبرژاوی دەخۆن بەم شێوەیەش ئەهریمەنەکان رەفتار دەکەن ئەو بۆنەی کە هەڵی دەمژی ئەی ئەو مرۆڤانەی کە لە دەخمەکانن ئەوە بۆنی خواردنی ئەوانە.

چونکە خۆشی ئەوان لەم شوێنەدایە بەم جۆرە ئەم بۆنە پیسانە دروست دەکەن لە بۆنی دەخمەکان لەم دەخمانە نەخۆشییەکان پەیدا دەبێت. نەخۆشی گوڕی بوون "تای گەرم" و "نائەزا"(١٥) و تای سارد "تاولەرز" و چورچ و لاوازی و بێ نموودی و خوریکە لەم دەخمانەدا لە دوای رۆژئاوابووندا درندەترین پیاو کوژان کۆدەبنەوە.

بەم جۆرە لەم دەقەی سەرەوەدا کە لە ڤاندیدات وەرگیراوە بۆمان روون دەبێتەوە کە "دەخمە" وە هەروەها مردووەکان جێگەی مردن و سەرچاوەی مردن بوونە بۆیە کەس نزیکیان نەدەبووەوە لە "موبەد" موغی تایبەتمەند زیاتر کە دیارە ئەو کاتە کە زانستی و هەستی تەندروستی نەبووە، بەڵام بە میزی گا

---

(١٥) نائەزا: بەهزری وەرگێڕ لە فەڕەنسییەوە بۆ عەرەبی. نەخۆشی تاعوونە. چونکە تاعوون لە تەعن بە نێزە هاتووە بە فارسییش "نیزە" کە نزیکە لە "نائەزا"وە بەمانای "رمح"ی عەرەبی دێت.

خۆیان "تعقیم" کردووە وە بەسەر میکرۆب و   نەخۆشییەکانی دەخمەدا زاڵ بووینە.کە عەرەبەکان بە تاعونیان دەگوت: [رمح الجن] ئێستاش بەم نەخۆشییە دەڵێن "کولێرا" زگ چوون و رشانەوەی سەخت.

بۆیە تەرمی مردوویان لە خاکدا دەناشت بۆ تێکەڵنەبوونی لەگەڵ پیرۆز و پیس نەکردنی جەستەیان نەدەسووتاند وەهەروەها هەندێ لە هیندییەکان بۆ ئەوەی ئاگر پیس نەبێت کە ئاگر پیرۆزە لەلایان نەیان دەخستە نێو ئاو تاکو ئاو پیس نەبێت وەک هەندێ هیندی و لە میللەتانی تریش کە جەستەی مردوو دەخەنە نێو ئاوی رووبار یان دەریاکان لە ئاوەدانیش دووریان دەخستەوە تاکو ناوچەکە بۆگەن نەکات ئەو کاتەش مرۆڤ ژمارەیان زۆر کەم بوو جەستەی مرۆڤیان دەبردە سەر شاخ کە لەلایان خاکی چاندن و کشتوکاڵ نەبوو بەڵکو مرۆڤ وەکو ئێسکی شاخ وشک بووە لەگەڵ جەستەدا تێکەڵ نەدەبوو، شوێنێکی چاک بووە بۆ جەستە دانان و رزگار بوون لە پاشماوەی مردوو.

هەر بۆیەش لە گۆڕە شاخانە یان ئەو گۆڕە[١٠] پانانەی لە شاخ خۆش دەکران، وەک "دەخمە"[١١] بەکار دەهات. چونکە گۆڕ وشەیەکی کۆنە دواتر لەجیاتی وشەی "قەبر" بەکار دەهات. چونکە "قەبر" هەڵکەندنی خاکە عەرەبەکان یەکسەر مردوویان دەخستە ژێر "قومزغی" گەرمی بیابانەکان و شوێنیان سارد و شاخاوی نەبوو بەبەڵگەی ئەوەش کاتێ سەلمانی فارسی عەرەبە موسڵمانەکانی فێری هەڵکەندنی"خەندەق"[١٢]، کرد، بەدەوری مەککەدا. بۆیە کاتێ مردوویەک مردووە لە ماڵێکدا کە رەشماڵێکی رەوەندانە بووە. کە کورد ئەو کاتە زۆربەی رەوەند بوون گەڕاون بۆ دۆزینەوەی دەخمەیەک. پاشان ماڵەکەیان بە "راسن" و "لە بان" و "سەبر" یان هەنار یان هەر گژوگیایەک کە بۆنی خۆش بووە تەعقیم کردووە.

---

(١٠) لە گۆڕەپانەوە هاتووە.

(١١) زەرورەتێک بوو... بۆ تێکەڵنەبوونی جەستەی بۆگەنی لەگەڵ خاک و ئاو و ئاگر.

(١٢) لە کەندەک "کەندۆک"ەوە هاتووە.

## سروودێکی زەردەشتیانە کە مووبەد لە ڕێگەی دەخمە و "نسا" دەرکردن دەیگوتەوە

دوای پاککردنەوەی ڕێگاکان "نۆ" «دەرکردن بە چاوی سەگی زەرد مووبەد ئەم سرووده دەڵێتەوە:

"یسا ئاهو ڤائریو" ویستی خواوەند بنەمای خێرە. خێرەکانی ڤوهو منو لەو کارانەی کە ئەنجام دەدرێن لەم جیهانە لە پێناو مەزدا ئەوەی یارمەتی هەژاران بدا وا دەکا کە ئاهورامەزدا حوکم بکات باڵا دەست بێت».

"ئەی مەزدا" «ئەی پارێزگار ئەی مزدا بمبەخشە و بمدەرێ لەو کاتەی کە خراپەکاران بە چاوێکی نەتروکاو سەیرم دەکەن کێم هەیە لە ئاگرەکەت زیاتر و لە ڤوهو منو ئەوانەن بە کارەکانیان چاکە دەپارێزن ... ئەی ئاهورامەزدا؟ هیدایەتم بدە تا ئاین بکەمە پەیڕەو و بنەما»."کە ڤرئسرم ژا" «ئەو سەرکەوتووە کێیە؟ ئاینەکەت دەپارێزێ؟ ئاشکرا کە من بە ڕێگە نیشاندەری هەردوو "خانوو یا ئارامانجم". دەبا "ئوسرا ۆوشا" لەگەڵ ڤوهومنو بێت تاکو بمان پارێزێت و ئەو کەسانەی ئەو دەیەوێ بیپارێزێ ئەی مزدا. لەو کەسانە بمانپارێزی کە ئازارمان دەدەن هۆ مەزدا هۆ ئەسپیتا ئارمائتی. تەفروتوون بە ئەی دێو دروجی ئەهریمەنی، تەفروتوون بە ئەی سەرچاوەی ئەهریمەنان ... تەفروتوون ببە ئەی دروستکەری ئەهریمەنەکان.

تەفروتوون بە ئەی ئەو کەسەی ئەهریمەنان پەروەردە دەکەیت تەفروتوون بە، لاکەوە ئەی دێو و درنجەکان بڕوخێ و لاکەوە: تەفروتوون بە هەتا هەتایی لە ناوچەکانی سەروو ... لە دوای وتنەوەی ئەم سرووده بەرست یارانی مەزدا "هرمز یاران" دەتوانن لەم ڕێگەیەدا بە خۆیان و ئاژەڵی بچووک و ئاژەڵی گەورە و پیاو و ژنان " ئاگری کوڕی ئاهورامەزدا" و دەسکە گیای تایبەت کراوە دوای ئەوە هەموویان دەتوانن لەم ماڵەی مزدادا خواردنی گۆشت و شەرابی پاک و خاوێن ئامادە بکرێ، بەبێ ئەوەی گوناحێک ڕوو بدات.

# زەردەشت لە نێو شارستانیەتی میدییەکاندا
# سەری هەڵدا

ئێمە ئەگەر سەیری شارستانیەتی میدیەکان بکەین کە ئێستا لە سەرتاسەری ئێراندا تەنیا هەمەدان (ئەکباتان) پایتەختی مێژوویی شارستانییەتی ناوبراو و ئارییایی دەزانن جگە لەم وردەکارییانەی لە مۆزەخانەکاندا بەجێ ماون. لەو کەرەستە مێژووییانەش کەوا لە (زیویە) دزراونەتەوە جێگای سەرسامیی ئەرکۆلۆجیست و مێژوونووس و گەشتیارانن.

تەنانەت ئەو کاسە زێڕینەی سەری وەک شێر وایە و سەدان ملوانکە و کەرەستەی هونەری ئەو قەڵاتە بەرزەی (زیویە) چۆن ئاویان بە شێوەی سیفۆن بەرزکردووەتەوە بۆ نێو قەلات، یان ئەو دیوارە مەزنانەی هەمەدان کە هێندە بەرین مرۆڤ سەرسام دەکەن. کە دواتر دوای ئەوەی (غارگرفتو)م بینی بۆم روون بووەوە ئەم دیوارە بەرییانە کە لە خشت دروست کراون ئەمانە مانایەکی شارستانیی گەورە دەبەخشن لەوانە کە دیارە میدییەکان شاخاوی بووینە حەزیان لە گەرما نەکردووە بۆیە ئەم دیوارە بەرینە قوڕانە کەشێکی فێنکی لە هاوینا و گەرمی لە زستاندا بۆ دروست کردوون.

هەر ئەوانیش خاوەنی ئەم جێگا دەخمە میدیانە بووینە کە زۆر بە دیقەت و زانایانە و هونەرمەندی دروست کراون. تەنانەت لێواری دەخمەکان سێ چین بووە (واتا چوارچێوەکەی) کە زەردەشتیش هەموو بنەماکانی لەسەر سێ شت بنیات ناوە، سەرەڕای ئاقیدی ئاگرەکانی و دروشمی سێ مانای [بیری چاک، وتەی چاک، کردەوەی چاک]. ژێری هەر ئاتەشگایەک سێ چین بووە. هەر دەرگایەک هەر چوارچێوەیەک بۆ شوێنێک لە شوێنەکان سێ پلە بووە ئەمە

خۆی لەخۆیدا هەمان ماناو مەدلوولی فەلسەفی دەبەخشن جگە لەو دەخمانەی وەک دەخمەی ئیسحاقوەند لە کرماشان و دەخمەی دکان داود (کل داود) کە دەڵێن گۆڕدەخمەی دوو پادشای ماد بووە کە ناوی ئاشتیاگ "ل ٢٣ گۆڕدەخمەی کرماشان" کە وردە گۆڕدەخمەکانی شاهانەی میدییەکانی شێوەی هونەری پەیدا دەکات ئەگەرچی ئێمە دەوری کاریگەری مانناکان لەبیر ناکەین کە شارستانییەتێکی سەقامگیریان پێکەوە نابوو کاتێ میدیەکان وردە وردە حوکمیان گرتە دەست سوودیان لە هەمان مانتاییان وەرگرتبوو کە بەشێک بوون لە نەتەوەی خۆیان تەنیا بە دەسەڵات جیا بوون. ماننا‌کان زوو تێکەڵاوی میدیەکان بوون (بڕوانە میدیا - دیکونوف) بۆ زانیاری سارگونی دووەم مادای بە مادی تۆمار کردووە. وە ناوچەکانی تر مادی ئایین (گوتیوم) واتا گوتییەکان ناو دەبات ل ٣٠٥ میدیا.

مادەکان ئەگەرچی بە (دێوەکی) ناویان بردوون ئاگر و ئاسمانپەرست بوون[1] کە لەو سەردەمەدا موغەکان توێژێکی گەورە و بە دەسەڵات بوو حوکمیان بەدەستەوە بوو. هەروەها لە سەردەمی مادا هەر لە نێو ئەواندا دەسەڵاتیان بەربڵاو و باڵادەست بوون پێش ئەوەی زەردەشت پەیدا بێت.

کەواتە میدییە دوو سەردەمیان هەیە لە سەرەتادا کە دێوەکیان پێ دەگوتن، دێوەکی بە مانای دێوپەرست هەر بۆ زانین لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی زەردەشتییەتیشدا بە (دیوسنا) ناوبراون، تەنانەت ئەگەر پاشماوەی ناوەکە دیوسن ئێزیدییەکان کە لە مێژووی تۆمارکراوی سەردەمی ئیسلامیش تا ئێستاش بە داسنی ناویان دێت کە ئەسڵی ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی میدی بە مانای دژی (مزدیسنا) کە ئاهوورامەزدا و خێرپەرست بووینە. بۆیە زەردەشت سوودی لە شارستانییەتی میدیای هەردوو سەردەم بۆ مثیولۆجیای ئاینەکەی. هەروەها ئەو دروشمەی لەسەر گۆڕە بەردینەکەی نزیک (صحنە) لە نێو کتێبی میدیا وەرگرتووە [ل ٥٦١ میدیا]

---

(١) میدیا ٥٤٦ دیاکونوف - و. برهان قانع.

وەک ئەوەی ئاهوورامـەزدایە، بەڵام وێنـەی مـرۆڤـەکـەی یان زەردەشـتی لەناودا نییـە تەنیـا خرایتەکە وەک سـمبـولی خۆرە... کە لە پاشـتـر گۆڕانکاریی زۆری بەســەردا هات تاکـو لەلای ئاشـووریانیش بەکـار هاتووە لـە ژێر کـاریگەریی شـارسـتـانیـەتی رۆژهـەڵات و بەرەو ئەوروپاش پەڕیوەتەوە. ئەم سـمـبـولانە و بیروڕای فەلسـەفی و هەماهـەنگیی پیرۆزی (ئاگر) و (خـۆر) لەلای هـەردووکیان جۆرە دروشـمـەکانـی سـەر نەخـشـەکانی بەسێ چین نەخـشـێندراوە، بەڵگە لێک نزیکیی شارستانیەتی ماد و کاریگەریی لەسەر زەردەشتدا.

# دوای گەڕانم لە بەشی ئێران

لە پشکنینی شــوێنەوارەکــاندا بۆم روون بووەوە گــشت شــوێنـەوارەکــان دەگـەڕێنەوە بۆ ســەردەمی [اورارتو] پاشـان نـزیکبـوونـەوەی لە مــهــاباد و لە ناوچەی مهاباد و کرمانشاه و سەقز تا دەگاتە هەمەدان هەمووی جێ پەنجەی شـوێنەوارەکانی دەخمەی میدیای تێدا بە ئاشکرا دیارە، ئیتر لەوێوە بۆمـان روون دەبێـتەوە کـە شـارسـتـانییـەتی مـیـدیا لە زەردەشت کـۆنتـرە، هەروەها شـارسـتـانـیـیـەتی زەردەشت دەبێـتـە نویشـتـر "سـەرتووی" بـاسـەکـەمـان. بۆ لێککردنەوەی دەخمەی زەردەشتیان و میدییەکان.

سمبول و نەقشـەکان ئەو ناوچانەی خوارووی ئێران دەگرێنەوە بۆ کـە کاتێ ئاینی زەردەشت دەبێتە ئاینی دەوڵـەت. بەڵام لە سەرەتادا ئاینی زەردەشت کـە ســەرهەڵدەدات کرچوکاڵە. لە وێنەکان بەدیار دەکـەوێت، لە وێنـەکـانی "قـسن قەپان" واتا "گۆڕی بەردینی عەدالەت".

وە هـەروەهـا دەخـمـەی بارزان ئاوی ناچێتـە دەر، بە پێچـەوانەی گـۆڕەکـانی میدیا کە ئاویان دەچێتە دەر.

٢٠٠٨/١١/٣٠

# دوا وتە

* کاری سەرسام لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی زانستییە پشتی بەستووە بەدەها سەرچاوەی ئاینی و مێژوویی زەردەشتیانی زاگرۆسنشین. بەدەها وێنەی شوێنەوارەکانیان لەگەڵ بەراوردکاریی گۆڕ دخمەکانی دەوروبەری کوردستان لە قۆناغەکانی مێژووی فیکری و ئاینیدا لە جیهان بەتایبەتی زەردەشتیانی زاگرۆسنشین و کورد و کاریگەریی لەسەر فیرعەونییەکان و ئاینەکانی شاخ و بیابان.
* سەرسام ناوێکی تری هەبوو بۆ کتێبەکەی ئەویش [زەردەشت پەیامبەری میدیان لە روانگەی گۆڕ دەخمەکانەوە].
* لەگەڵ داوای لێبووردنمان لە بوونی هەر کەموکورتییەک، چونکە سەرسام خۆی نەیتوانی دواجار پێیدا بچێتەوە.

زەردەشت عەبدولخالق سەرسام

٢٠٠٨/١٢/٢٥


سوپاس:

* سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەوانەی کە دڵسۆزانە هاوکاریی باوکمیان کردووە، ئەگەر بە وشەیەکیش بێت.

زەردەشت سەرسام

# ئەلبوومی... شوێنەوارەکانی دخمەی زەردەشتیان لە کوردستان و چیای زاگرۆسدا

دخمەی قسن قەپان

دوکان – سلیمانیە

زەرزێ



وێنەی ١

قسن قەپان بە مانای گۆڕی بەردین + قەپان = تەرازوو = دادگاە. وەک «قسنی کاکە شێخ – قسن تایبەتە بە شێوەی سلێمانی». ئەم وێنەیە لەسەر دەخمەی قسن قەپانەوە وەرگیراوە ئەم پێدەشتە شوێنەواری شارێکی لێیە لەگەڵ شوێنەواری پردێک بۆ پەڕینەوە لە چەمەکە.



وێنەی ٢: دەخمەی قسن قەپان لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بۆ بەدیار خستنی ڕەهەندەکانی.



وێنەی ٣: ئەو پێپلیکانەیە بۆ قسن قەپان دروست کراوە.



وێنەی ٤

نووسـەر لە نێو هـەیوانـی دەخـمـەی "زەرزێ" قسن قـەپان و نەخـشـەکانـی سـەر دەرگـە کـە زۆربەی دەرگـەکـان نەوین بۆ ئەوەی مـرۆڤ خـۆی خـوار کـاتەوە لە چوونە ژووردا وەک ڕێزێک بۆ مـردووەکان سـەیری قـەبارەی پـەیکـەرەکـە بکە بە گـوێرەی ڕاوەسـتـانی نووسـەر. وێنەکـانیش وەک قـەپان و تـەرازوو لە هـەردوو دیوی ئاگرەکـە شـێوەی تەرازووی دادگایان وەرگرتووە، وەک دەرگـەی نێوەند دوو دەرگەی تەنیشـتـەکانی قەبرێک دوو قـەبری تەنیشـتـەکانـی ئاگردانێک دوو مـرۆڤی دەمـامـک دراو و تیـروکـەوان لەدەسـت دوو کـۆڵەکـە دوو وێنە لـە پشت وێنەیەک لەناوەڕاست کە زەردەشتە لە نێو مانگدا.



وێنەی ٥

سەرنجی ئەم دوو مرۆڤەی سەر دەرگەی قسن قەپان بدە دەمیان بەستراوە
پێش دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ وەک قەپان و تەرازوو لە دەوری ئاگردان



وێنەی ٦

بەهەمان شێوە ئەم دوو مرۆڤە زەردەشتییەی یەزد چۆن بەرانبەر سەماوەری ئاگر دانیشتوون دەمیان بەستراوە. لە کتێبی مراسم مذهبی و آداب زردتشتیان - موبد اردشیر، مووبەد ئەردەشێر ئازەر گوشەسەب وەرم گرتووە.



وێنەی ٧: سەرنجی پەیکەرەکە بدە، چۆن دەمی بەستووە تا هەناسەی بۆ ئاگر نەچێت هەمان نەریتی ئێستای زەردەشتیانە لە "یەزد"



وێنەی ٨: بەهەمان شێوە مرۆڤی دووەمی سەر دەخمەی قسن قەپانە لەگەڵ وێنەی زەردەشتیانی سەردەم بەراوردی بکە



وێنەی ٩: زەردەشت لە نێو مانگدا و خواردنەوەی "هۆم" سەرەتای ئاینی زەردەشتیانە لە کوردستاندا. خواوەندی "سن" لە کۆندا



وێنەی ١٠: ئەستێرەی یانزە پەڕو و خۆر کە تایبەتی کوردستان کە لە نێو دوو شارستانییەت لە کاتێکدا ئەستێرەی ئاشووریان هەشت پەڕە "عەشتار"



وێنەی ١١

وێنەیەکی دەگمەنی ئاهوورامەزدایی کە چوار باڵی هەیە لە قسن قەپان پەرداخی خواردنەوەی "هوم" ی پیرۆزی بەرز کردووەتەوە نەک بازنەی حوکم و پەیمان بەڵگەی سەرەتایی زەردەشتیەتە کە بەڵگەی سەرهەڵدانیەتی لە کوردستان، لە خوارەوە لە قۆناغی دووەمی وێنەکە دوو باڵی هەیە باڵی ئاهورایی.



وێنەی ١٢: سەیری سڵاوی سەرکردە، ئاشتی و سەرکەوتن بکە بۆ بەراورد
کاری.



وێنەی ١٣: سەیری خوارەوەی کۆڵەگەی لە بەرد تاشراو و جۆری نەخشەکەی
بکە ئێستاش بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکرێت.



وێنەی ١٤: سەرووی کۆڵەگە و نەخشەکانی کە چەند وردەکاریی تێدا بەدی دەکرێت.



وێنەی ١٥: دەرگەی چوونە ژوورەوە و گۆڕەکەی دیارە.



وێنەی ١٦: گۆڕی ژووری لای دەستە چەپ.



وێنەی ١٧: وێنەی سێ ژوور لە تەک یەک و سێ گۆڕی بەردین و شەوقی دەرگەی دەرەوە لە ژووری ناوەند دەدات.



وێنـەی ١٨: لە ژووری چەپەوە شـوێن سـوورگی دیارە بۆ ڕاگـرتن و گاڵدانی دەرگەی سەرەکی لە ژوورەوە کونێک لە پێشـەوە کراوە، دیارە بۆ پێوەدان و کردنەوەی سورگییەکەیە لە دەرەوە.



وێنەی ١٩: ئەشکەوتی کونە کۆتر یان "زەرزیّ" کە لە هەمان شوێنی گۆڕِ دەخمەی قسن قەپانە، ئەم ئەشکەوتە شوێنی مرۆڤی نیاندرتاڵ بووە.



وێنەی ٢٠

ئەشکەوتی شانەدەرە کە لە جیهان بەناوبانگە، شوێنی مرۆڤی نیاندرتاڵە (٦٠٠٠٠) شەست هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لێرە ژیاوە لە ناوچەی دەخمەی زەردەشتی "بلەی بارزان" بەڵگەی نەپچڕانی ژیانە لە ناوچەکەدا.

# گۆڕ دخمەی زەردەشتیی بلەی بارزان

دەخمەی زەردەشتی (بلەی بارزان) زریموک – کەڤرێ مەیتان

دەخمەی زەردەشتی (بلەی بارزان)



وێنەی ٢١

ئەمە گۆڕ دەخمەی کۆن و سەرەکییە، دیارە جێگەی مردووان نەبووەتەوە لە تەکیا بەلای راستدا دخمەکە گەورە کراوە، تا بووەتە سێ بەش شوێنی ئاوەڕۆک و "ستودەدانی"یەکەی بە ئاشکرا دیارە، بارانەکە چۆن ئاوەڕۆک ناچێتە دەرەوە، چونکە کونیش هەیە لە شاخەکە لە دخمەی دووەمدا کە دیارە نوێترە لەمەیان. ئەمە کاتی خۆی لە ژێر خاک بووە یان خاکی خراوەتە سەر لە پاش ئیسلامبوونی خەڵکی ناوچەکە.



وێنەی ٢٢

بەشێکی تری دەخمەی زەردەشتیان لە "بلەی بارزان" کەڤرێ مەیتان.گۆڕ دەخمەی بلەی بارزان "ستودەدان" و حەوزی ئاوەڕۆک لە دەوریا شوێنی منداڵی مردوو دانان کە بچووک بچووکە، بە پێچەوانەی شوێنی پیاوان لە خوارەوە، ئەم وێنەیەم لە کاتی باران بارینا گرتووە.



وێنەی ٢٣

شـوێنـی دانانی مـردووی پیـاو خـانه خـانەی درێژی نزیکی دوو مـەتر دەبێت تیرەکان ئاماژەن سەرنجی دیواری جۆگەکان بدە، ئاوەڕۆک نەچێتە دەرەوە بۆ نێو خاک بارانیش دەبارێ.

دەخمەی زەردەشتیان - بلەی بارزان



وێنەی ٢٤

دەخمەی "بلەی بارزان" ڕێکوپێکە لەسەر شاخ بۆ هەموو چینەکان بووە دیارە دەگەڕێتەوە سەردەمی "ساسانیان" جۆگەی ئاوەڕۆکەکە زۆر جوان دیارە.



وێنەی ٢٥

لایەنێکی تری "دەخمەی بلە" لە خوارەوە خانەخانە شوێنی مردووان کراوە. لە تەک یەک، ئاوەڕۆک دەچێتە کونێکی شاخەکە یان ستودەدان. لە خوارەوە شوێنی تەرمی پیاوان کراوە هەریەکەی نزیکی ٢م دەبێ.



وێنەی ٢٦

سـەیری هەڵکۆڵین و تەختکردنی شـاخـەکـە بکە بۆ دانانی مـردووان پیـاو لە دەورەی ئافرەت لـە ناوەند و منداڵ لە دەورەی ستودەدان کە لەبەر گیای وشک دیار نادات بە جوانی.



وێنەی ٢٧

سەیری شوێنی جۆگەی دوای کۆڵینەکە بکە تاکو ئاوەڕۆکی مردووان لە کاتی باران نەچێتە دەرەوە جۆگەکە بڵندترە بۆ ئەوەی شەپۆلی ئاوەڕۆکیش نەچێتە دەرەوە و بە جۆگە نەوییەکەدا بڕوات.

دەخمەی شاهانەی (زەردک)

لە چیای مەقلووب - گەلیی زەردک



وێنەی ٢٨

تێبینی: وشەی "زریموگ" ی بارزان، وشەی "زەرزێ"ی قسن قەپان لەگەڵ وشەی "زەردک" هەموویان شوێن دەخمەن پێشگری ناوەکانیان "زەر" ە کە کینایەیە بۆ زەر + دەشت بەهەمان شێوە وێنەی دوو مرۆڤی تێدایە بەرامبەر ئاتەشگاە و ئاینی زەردەشتی و شوێنەوارەکانی کە ئەمەش بەڵگەی پاراستنی ناوەکەیە ئەگەر چی مەبەستەکەیان لە یاد چووەتەوە و لە هەمان کاتیشدا بەڵگەی زەردەشتیەتە لە ناوچەکانی کوردستانی خواروو و شوێنەکانی تر کە باسی دەکەین.

# دەخمەی زەردەشتی "ئورمێ"

هاوچەشنی دەخمەی بارزان بەگوێرەی تایبەتمەندیی شوێنەکە و
هەڵکەوتەی بەرز و نزمی و جۆری شاخەکە

دەخمەی ڕۆژئاوای ورمێ (پێش زەردەشت)



وێنەی ٢٩

شوێنـی دەخمەی ڕۆژئاوای ئورمـێ "ڕەزاییە" بێ ئاوەڕۆکە، ئـەم دەخمەیە قـەڵاتێکی لەسەر کراوە.



وێنەی ٣٠

ئەشکەوتێک لە هەمان شوێن کۆنترین مرۆڤی لێ ژیاوە



وێنەی ٣١

وێنەی نووسەر و حەسەنی شجاعی (ڕێنیشاندەر) لە نزیک گۆڕ دەخمەی ڕۆژئاوای ورمێ لە شێوەی دەخمەی بارزان و درەلێر، بۆ بەراورد کاری.گۆڕ دەخمەی ڕۆژهەڵاتی ئورمێ لە چیای زاگرۆس، سەیری شوێنی خۆشکراوی مردووان بکە لە بەر ڕۆژ هەڵکەندراوە قۆرت قۆر کراوە. وێنەی دەخمەی گشتی سەرەوە دەگەڕێتەوە پێش زەردەشت جۆگەی ئاوەڕۆکی نییە شێوەی بۆ سەردەمی ئورارتوو میدیا و مانناکانی بنەمای کورد دەگەڕێتەوە.



وێنەی ٣٢: وێنەی شاهانەی لە خوارەوە، بەڕای من بۆ سەردەمی مانناکان دەگەڕێتەوە.



وێنەی ٣٣: بەهەمان شێوە لە هەمان شوێن ئەم گۆڕ دەخمە ئۆرارتوو مانناییيە دیارە و لەگەڵ شوێنی مردووان، لەبەر خۆر کە دادەنران گرینگی نەدراوە بە ئاوەڕۆک و خاک پیس نەکردن زەردەشتی نییە



وێنەی ٣٤: لەگەڵ هەمان وێنەی پێشووە



وێنەی ٣٥: ئەم گۆڕ دەخمەی شاهانەیە ژوورێک و ژوورێک لە ناوەوەی، وەک لە وێنەی دووەمدا دیارە هەڵقەی نزیکی میدییەکانە - دەگەڕێتەوە سەردەمی کۆتایی ئۆرارتوو و سەرەتای مانناکانە. لەسەرەوە گۆڕ دەخمەی گشتییە دواتر بۆ قەد شاخ هەڵدەکشێ.



وێنەی ٣٦

جۆرە دەخمەیەکی تر لە هەمان شوێنی ڕۆژهەڵاتی ئورمێ.

# گۆڕ دەخمەی دەڕەلیر - سیراف

هاوچەشنی دەخمەی بارزان و هەڵکەوتی شاخەکە
بەتایبەتمەندییەوە



وێنەی ٣٧

گۆڕ دەخمەی دەرەلیر هاوچەشنی دەخمەی بلەی بارزان و دەخمەی رۆژئاوای ورمێیە کە بەڕای من دەگەڕێتەوە سەردەمی ساسانیان کە زەردەشتین، ئاوەڕۆک داخراوە.

گۆڕ دەخمەی دەڕە لیر- سراف- بووشەهر- ایران لەسەر شاخ شوێن گۆڕی مردووان خۆش کراوە، وەک دەخمەی بلەی بارزان و ورمێ.



وێنەی ٣٨

لەبەرئەوەی شوێنەکە لێژە، جێ جێ هەڵکەندراوە بۆ ئاوەڕۆک نەچوونە دەرەوە.



وێنەی ٣٩

گۆڕ "دەخمەی زەردەشتیان" لە ئوستانی کوردستان.Karaftoo Hohe Kurd-stan گۆڕ دەخمەیەکی شاهانە لە ئوستانی کوردستان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کە چەندین دەخمە کە شێوەی ساکارانە و کەم دەسەڵاتی پێوە دیارە، لەوانەیە هیی پارەدار و بەرپرسی بچووکی ناوچەکە بن.

گۆڕ «دەخمە»ی زەردەشتیان لە ئینسیل - ئێران



وێنەی ٤٠

گۆڕ دەخمەیەکی ناوچە و شوێنی "انسیل"ە لە ئێران بە شێوەیەکی ساکارە لەوانەیە هیی دەسەڵاتداری بچووک و پارەداری ناوچەکە بێت.



وێنەی ٤١– أ

دەخمەی شاهانە لە شێوەی خاچ

نەخشی رۆستەم لە شیراز



وێنەی ٤١ – ب

نەقشی رۆستەم لە شیراز، کە بەهەمان شێوە شوێن دەخمەیە لەگەڵ کەعبەی زەردەشتیان کە خانوویەکی چوارگۆشەی بڵندە کەواتە شوێنی مردووانی پایەداری زەردەشتیان و کەعبەی پەرستنە کە کارێکە دەسەڵاتی دەوڵەت و شاهانە نیشان دەدات

گۆڕ دەخمەکانی مەهاباد بە "چوار وێنە"



وێنەی ٤٢-أ

ئەم شاهانە گۆڕ دەخمەیەش هەر بۆ سەردەمی میدیانی پێش زەردەشت دەگەڕێتەوە کە هێما و سمبولی زەردەشتی لەسەر نییە



وێنەی ٤٢-ب

بەڕای من شـێـوەکـەی بۆ سـەردەمی مـانناو مـیدی دەگـەڕێتـەوە کـە دیارە مـردوویـان بە درێژکـردن و رووبەڕووی رۆژ ناشـتووە یان بـە درێژ بوون روو لە رۆژهـەڵات، جـۆگەی ئاوەڕۆکی نـییـە کە خـاک لەلای زەردەشـتـیان پیـرۆز بوو چاولێکەری سەردەمی ئۆرارتووشی بەسەرەوە دیارە.



وێنەی ٤٢-ج

بەهەمان شێوە شوێنی "ئەستوەدان" ئێسکدان بەدی دەکرێت



وێنەی ٤٢–د

ئوستوەدان – بەڵام ئاوەڕۆکی دەچێتەوە نێو رووبار. زەردەشتی نییە، میدییە.

هەندێ وێنە کە پاڵپشتی لێکۆڵینەوەکانم دەکەن زەردەشت دەچێتە نێو حەڵقەی حوکم و خۆ حەلقە حوکم دەگرێتە دەست بە پێچەوانەی "قسن قەپان" کە کاسەی "هۆم"یپیرۆزی بە دەستەوەیە.



وێنەی ٤٣

وێنەی ڤوهمناه – سمبولی رووناکی و چاکە ئاهوورامەزدا لەسەر دیوارەکانی بەراوردی بکە لەگەڵ ئاهوورامەزدای دەخمەی قسن قەپان – "قسن قەپان" ڤوهمنای یا ئاهوورامەزدای دەخمەی قسن قەپان لە دەستە چەپە "پەرداخی شەرابی "هما" ی بەدەستەوەیە" بەڵام ڤوهمناه، یا (فروهر)، یا ئاهوورامەزدای سەردەمی هەخامەنشیان هەڵقەی حوکمی بە دەستەوەیە، کە بەڵگەی بوونی بەئاینی دەوڵەتی و حوکم بەدەسەوەیە، دەستەکەی تر ئاشتی و سلاو و سەلامەتی.



وێنەی ٤٤

نووسەر بە گەنجی لە تەک کۆڵدراوی هەریر باتاس. کە هەمان جێ پەنجە و جۆری هەڵکۆڵینی "قسن قەپان" ی بەسەرەوە دیارە بەتایبەتی لێوارو دەست بڵندکردنی پەیکەرەکە.



وێنە ٤٥ – أ

نووسەر لە ساڵی ١٩٧٥ لە کرماشان لە کۆتاییی شۆڕشی ئەیلوول لە پێش نەخشێکی زەردەشتیانە.



وێنە ٤٥ – أ

نووسەر لە بەردەم شوێنەوارەکانی زەردەشتیان لە کرماشان تاقوستان لە کاتی لێکۆڵینەوە لە، شوێنەوارانەدا، سەیری جیاوازیی هەردوو وێنە لە ساکاریی وێنەی یەکەم و چیمەنتۆکردنی وێنەی دووەم و مەحەجەرە دانان "وێنەی ئەردەشیری دووەمی ساسانییە لە ئاهوورامەزدا، هەڵقەی حوکم وەردەگرێت (١٦٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا) لەسەر تەرمی جولیانووسی رۆمانی. ٣٨٣ –٣٧٩ ش.



وێنەی ٤٦

ئەشکەوتی شانەدەر لە "گۆڤاری فۆتۆ" وەرگیراوە کە یەکەم مرۆڤی نیاندرتاڵ بەر لە شەست هەزار ساڵ تێیدا ژیاوە و، لە چیاکانی تری زاگرۆسیش ژیاوە، وەک "هەزارمێرد" ئەشکەوتی "شکارچیان ، بێستون ، مرخل ، مردود ، مرتاریک" لە کرماشان... وە لە "هەرسین" نزیک دەخمەی اسحاق وەند نەخشێک و ئاسەوارێکی بەر لە یازدە هەزار ساڵ دۆزراوەتەوە کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار مەڕ و بزنی ماڵی کردووە و بەخێوی کردوون.



وێنەی ٤٧

دەخمەی ئەشکەوتی دۆڵی گەلیی زەردک لە نێو ئێزیدیان، ئایا ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوە نین کورد پاشماوەی نیاندرتاڵە. (ئەم وێنە لە کتێبی الدولة الميدينانية العباسية).



وێنەی ٤٨ – أ

وێنە و هەڵکۆڵینێکی کۆن لە کوردستان نزیک شووش کە جلوبەرگیان لە شێوەی میدییەکانە، بەڵام بە داخەوە نەزانێکی پارەپەرست تەقاندییەوە تا بزانێت لە پشتیەوە زێڕ هەیە یان نا؟ یاخۆ فێرکراوە مێژووی کورد بشێوێنێ، "وێنەکە مەراسیمی راوکردن و خواردنەوەیە".



وێنەی ٤٨ – ب

نووسەر لە نێو غار "ئەشکەوت"ی کەرەفتوو، سوپاس بۆ عومەری فارۆقی و کورەکەی کە رێنمایی و هاندەرم بوون بۆ بینینی ئەمە، سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ میدییەکان کە دیارە جێگەی رەسەنیان سارد بووە لێرە ژیاون دواتر سلووقییەکان دەستکارییان کردووە شوێنی سەربازگەیان بووە، مەبەست لەم وێنەیە ژیانی نێو شاخی زاگرۆسیانی کوردە لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا.



وێنەی ٤٩

سەربازانی میدی و هەخامەنشی بەڵگەی حوکمی هاوبەشە کورد و پارس لە بەرگی میدی کراس کورتی چیایی و پارسی کراس درێژی دەشتایی.



وێنەی ٥٠

بە دەستێک تیروکەوان و بە دەستێک سلاوی ئاشتی و پەیمان، وەک قسنقەپان لەگەڵ وێنەی تیرو کەوان و سلاوی ئاشتی دوولایەنی جیا بەراوردی بکەرەوە لەگەڵ قسنقەپان.



وێنەی ٥١

هەمـان وێنە و لـە سـەرووی دەخمـەیەکی هەخـامـەنشی زەردەشـتیـاندا – لە نەقشی ڕۆستەم – لە ئێران.



وێنەی ٥٢

زەردەشت پەیامی ئاشتی و بەربەرەکانێی نێوان خێر و شەڕ و سەرکەوتنی ڕووناکی ئاهوورامەزدا بەسەر ئەهریمەندا – سەرنجی دەست بڵندکردن و دوو پەنجە و شەهادەی تاکپەرستی بکە، زاڵبوونی ئاهوورا ڕووناکی بەسەر تاریکیدا، لە هەمان کاتدا سڵاوی ئاشتییە، سوپاس بۆ محەمەد هەرکی و وێنەکەی "دەستکردی ئێستایە".



وێنەی ٥٣

ئێمە لە وێنەی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد کە وێنەی زەردەشتی لە کوردستان چوار باڵی هەیە، بەڵام خاوەنی هەمان پێ و کلک و باڵی سەرەکییە، بەڵام لێرەدا "فروهر" بازنەیەکی لە دەستە کە بازنەی حوکم و شەرت و پەیمانە، هەڵقەی روحیی نێوان راستی پەیامبەرە، لە وێنەی پاشاکانی سۆمەریدا دووبارە دەبێتەوە، هەروەها لە وێنەی پاشاکانی ئیلام و دواتر. بەڵام وەک وتمان لە جیاتی ئەم هەڵقەیە لە قسنقەپان پەرداخی "هوم" خواردنی پیرۆزی بەدەستەوەیە کە چمکێکی ئاینی زەردەشتە لە کتێبە کۆنەکانی ئاڤێستادا، وەک بڵێی هێشتا ئاین تێکەڵ بە سیاسەت نەبووبێ وایە، بەواتا بە رەسمی نەبوونی ئاین لەلایەن دەوڵەتەوە، سەرەڕای چۆنیەتیی سڵاوکردن بۆ پەروەردگار... و هەڵقەی حوکم بەدەست "فروهر"ی زەردەشتی یان ئاهوورامەزدا.

## سڵاوکردن وەک ئەو مرۆڤەی لە وێنەی قسن قەپانە



وێنەی ٥٤

چۆنیەتیی سڵاو لێکردن، لەلای دوو خانەدانی ئاشووری، سڵاو و پێکەنین و خۆشی دەربڕین. بەهەمان شێوەی لە قسن قەپانی زەردەشتیان لە ناوچەی دوکان.



وێنەی ٥٥

وێنەی ئەم هەخامیەنشییە زەردەشتییە بۆ بەراوردکاری لەگەڵ قسن قەپان سڵاوکردنەکە.

جۆری نووسینی مێخیی ئاریایی



وێنەی ٥٦

وێنەی نووسینی ئارییەکانە کە شێوە نووسینی بسمارییە، بەڵام گۆڕانکارییان تێدا کردووە، ئەم نووسینەش دەکەوێتە چیای بێستوون و سەردەمی داریووش، بەڕای من ئەم جۆرە هێڵە لە چین و هیندستانیش بە جۆری جیاجیا بەکارهاتووە، ئێستاش پاش گۆڕانکارییەکی زۆر بەکاری دەهێنن "وەک نموونە و روونکردنەوە و زانیاری".

دوو گۆڕِ دەخمە لە "صحنە"ی نێوان کرماشان و هەمەدان



وێنەی ٥٦ – أ

گۆڕِ دەخمەیەکی سەرەتاییی میدیاکانە "ناوچەکە پێی دەڵێن: قەبری شیرین و فەرهاد"



وێنەی ٥٦ – ب

ئەم دەخمەیە خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن "قبر کیکاوس" "قەبری کەیکاوس"

## جۆری نووسینی میخیی ئاریایی



وێنەی ٥٧

بەهەمان شێوە وێنەی نووسینێکی تری بزماری تایبەت بە ئارییان، دەوڵەتی هەخامینشی هاوبەشی میدی و پارس و دەوڵەتی ساسانیانی کە لە هۆزی شوانکارەی کوردن «وەک یاسەمی ئاماژە پێ دەدات» لەسەر شاخی ئەلوەند. سەیری وێنەکە بکە، بەهەمان شێوەی وێنەکەی بابلیانە، رۆژپەرستێک دەکوژێ پێش ئەوەی ببن بە رۆژپەرست/بڕوانە "ئاڤێستای نەورۆز."

گۆڕ دەخمەکانی مانناو میدیاو زاگرۆسیان بە گشتی

لە پێش و لە سەردەمی زەردەشت



وێنەی ٥٨

"نووسەر لە پێش گۆڕ دەخمەی میدیان" لە ئیسحاقوەند لە کرماشان - کە لە وێنەکەدا مرۆڤێکی میدی بەرامبەر "ئاگر" خەریکی دوعا و پاڕانەوەیە. بەڵگەی ئەوەیە میدییەکان ئاگرپەرست بوون، دواتر بوونەتە زەردەشتی "پێش زەردەشتە".



وێنەی ٥٩ – أ

هەمان شوێن و وێنەیە ئاتەشگا و دوو مرۆڤی بچووک بە دیاریەوە دیارن.



وێنەی ٥٩ – ب

دیسان هەمان وێنەی مرۆڤە مەزنەکەی لە ئاتەشگا و ئاگر لە سەرویانەوە دوعا و نزا بۆ ئاسمان و سەرووی ئاتەشگا دەبات، بەڵگەی پێشکەوتنی میدییەکانە ئاگر خوا نەبووە، سمبول بووە، ئەمە قۆناغ و هەڵقەی پەیدابوونی زەردەشتیەتە. لە گۆڕانکاریی فیکری و گەڕان بە دوای خاوەن خوادا و هانا بۆ ئاسمان.



وێنەی ٥٩ – ج

گۆڕ دەخمەیەکی هاوچەشنی قسنقەپان لە ئێران، بەڵام سمبولی زەردەشتییەتی بەسەرەوە نییە، بۆیە هی سەردەمی سەرەتایی "میدیایە".



وێنەی ٦٠

گۆڕ دەخمەی بێستوون – دەگەڕێتەوە بۆ زاگرۆسیانی پێش زەردەشت کە مانناو میدین، نەک ئۆرارتوو "بێ دەسەڵاتیی هونەرمەند" و بەردتاشەکە نیشان دەدات.



وێنەی ٦١

ئەم شـــوێنە لـەلای "یارســـان"ەکـــان پیـــرۆزە ص٩٨ "راهـنمـــای گـــردشگری کرمانشـاه." گۆڕ دەخمـەی سـەردەمی ئاستیـاگ "دکان داود" – سـرپل زەهاب بەرزییەکەی ٢٠م تایبەتی سەردەمی میدیان، چونکە هەمان چەشنەی دەخمەی ئیسحاقوەندی میدیایی سێ پلیکانە.



وێنەی ٦٢

جۆرێکی تری دەخمەی زەردەشتیان کە تازەترە و شوورەی بۆ کراوە، بەڵام قەل و داراش تەرمەکەیان هەر خواردووە.

سەیری ناوەندی دەخمەکە بکە، جێگەی ئاوەڕۆک و ئێسک و پرووسکە "ستودەدان". تەرمی پیاو لە دەوری ئافرەت لە ناوەند منداڵ لە دەوری، ستودەدان قۆرتەکە.



وێنەی ٦٣

هەمان وێنەی پێشتر لە لایەکدا



وێنەی ٦٤

ئاتەشگای زەردەشتیان لە یەزد



وێنەی ٦٥

ئەنجومەنی زەردەشتیان- لە ئێران



نووسەر لە عەمان ٢٨/١٠/٢٠٠٨



نووسەر لەگەڵ زەردەشتی کوڕی لە عەمان – مەوج ڕۆمانی

# سەرچاوەکان

ف١- رضا مرادی/ کتیبەهای هخامنشی.خط میخی پارسی باستان و یرایش دوم - انتشارات نوید شیراز.

ف٢- موبد اردشیر آذرگشسب/ مراسم مذهبی و آداب زرتشتیان، سازمان انتشارات فروهر، چاپ دوم ١٣٥٨ خورشیدی.

ف٣- IRAN . Antik schmuchstein zivilisarion ایران کهنه نگین تمدن .

ف٤- تاریخ امپراتوری هخامنشیان - از کوروش تا اسکندر، بروفسور پی یر بریان - جلد اول - جلد دوم - ترجمه دکتر مهد سمساء .

ع٥- امين زكي بگ، خلاصة تأريخ كرد وكردستان في اقدم العصور التأريخية حتى الآن - وطبعة باللغة الكردية العلامة المفضال معالي محمد امين زكي بگ الوزير السابق سنة ١٩٣١ و نقله الى العربية الاستاذ محمد علي عوني سنة ١٩٣٦ .

ع٦- الڤانديدات - اهم الكتب التي تتآلف منها الأبستا هي مجموع كتب المجوس الزرادشتيين - نقلة من الفرنسية و علق عليه الدكتور داؤد الجلبي الموصلي - طبع في مطبعة الاتحاد الجديدة بالموصل ١٣٧١ هـ - ١٩٥٢ م.

ع٧- هانس رايشلت - رهيافتى به / گاتاهاى زردتشت و متن هاى نو اوستايى - گزارش جليل دوستخاه .

ع٨- نوري اسماعيل - الديانة الزرادشتية - مزديسنا منشورات دار علاءالدين. الطبعة السادسة ٢٠٠٦ .

ک٩- زەردەشت و جیهانی خۆرئاوا، نووسینی دوشن کیس وەرگێڕانی لە فارسییەوە، جەمال ئەحمەد زادە.

ف١٠- ایران در زمان ساسانیان، تألیف بروفسور آرتور کریستن سن ترجمه مرحوم رشید یاسمی .

ک١١- ئی . م . دیاکونوف/ میدیا - وەرگێرانی بۆ کوردی بورهان قانع .
ع١٢- ر . س . زیهنیر - استاذ الديانات الشرقية في جامعة اكسفورد المجوسية - الزرادشتية - الفجر الغروب . نقلة الي العربية وقدم له الاستاذ الدكتور سهيل زكار.
ك١٣- Edith Porada وەرگێرانی: سەرهەنگ سالار، زەردەشت و پەیامەکەی - هەزار مێرد ١٢ ساڵی ٣ - ٢٠٠٠ ز پووشپەڕی ٢٧٠٠ .
ف١٤- دودمان آریایی کرد جلد اول سرشکر، مظفر زنگنه.
ف١٥- دکتر جهانگیر اوشیدری - دانشنامەی مزدیسنا .
ک١٦- ئەوێستا نامەی مینەوی زەردەشت وەرگێڕ، عومەر فاروقی/ چاپی ئاراس .
ک١٧- اڤیستا - گاتا - کان - جلیل عەباسی/چاپی ئاراس.
ک١٨- "نما" کۆوارێکی فیکری و ئەدەبی سەربەخۆیە/ دۆسیەی زەردەشت و زەردەشتیەت.
ف١٩- دکتور فیاض قرابي- عضو هیأت علمي دانشگاه فردوسی مشهد ادیان الهند.
ف٢٠- عبدالله مبلغی آبادانی - مێژووی ئاینی زەردەشت.
ف٢١- نگین پارس "تخت جمشید" عکس همایون امیر یاگانه.
ع٢٢- ادیان هند - تألیف دکتر فیاض قرابی - دانشگا فردوسی مشهد.
ف٢٣- گزارش گا تا ها "سرودەهای زرتشت ٣٠ نوشتەء م. اورنگ - تهران ١٣٤٢ شرکت سهامی چاپ رنگین .
ف٢٤- کردها نوادگان مادها/ ولادمیر مینورسکی، ترجمه جلال جلی زاده .
ف٢٥- رحیم اشنویی محمود زاده/ معانی بعض از اسامی کهن ایرانی در زبان کردی .
ک٢٦- زەردەشت هیوای رزگاری - بابان سەقزی سلێمانی ٢٠٠٦ .
ف٢٧- اوستا، هاشم رضی.
٢٨- میتولۆژیای زەردەشتی و پاشماوەکانی لە کوردستان. عەبدولخالق سەرسام
٢٩- تأريخ اربيل زبير بلال.
ع٣٠- معجم الاساطير - ماكسي شابيرو - رودا هندريكس، ترجمة، حناعبود.

ع٣١- مشيخازخا - كرونولوجيا اربيل/ كان القوس و النشاب يعتبر السلاح القومي وكان مرسوماً على عملاتهم ص١٢٢ ترجمة عزيز نباتي.

ف٣٢- هاشم رضى - دين و فرهنگ ايرانى - پيش از عصر زرتشت ص١٩٠ ص١٦٣ .

ع٣٣- الحياة اليومية في بلاد بابل و آشور - جورج كونتينو، ترجمة و تعليق سليم طة التكريتي و برهان عبدالتكريتي.

ف٣٤- ايران باستان از ٥٥٠ پيش از ميلاد تا ٦٥٠ پس از ميلاد.

٣٥- بەدەيان وتار لە رۆژنامە و كۆوارەكان.

٣٦- لێكۆڵینەوەی مەیدانی و دۆزینەوەی مانا و سمبولی تازە.

ف٣٧- آزربايجان غربى - حسن زنده دل و دستياران .

ك٣٨- مێژووی ماد ٢٠٠٥ رەحیم سابیر.

ف٣٩- كردها نوادگان مادها- ولاديمير مينورسكى/مترجم جلال جلاليزاده.

٤٠- مانى شناسى - سيد حسن تقى زاده - به كوشش - ايرج افشار

٤١أ- وادل الاصول السومرية للحضارة المصرية . ترجمة زهير رمضان.

٤٢- ايرين فرانك و ديفيد براونسون/ طريق الحرير.

٤٣- تأريخ عينكاوة، عزيز عبدالاحد نباتي .

٤٤- مێژووی دێرینی كوردستان - فاضل قەرەداغی .

٤٥- ديارات - الاب البير ابونا ص٢٥٨ .

٤٦- زبير بلال - تأريخ اربيل .

٤٧- سەفەرێكی تایبەت بۆ ئێران و سەردانی گشت یان زۆرینەی شوێنەوارو گۆڕ دخمەكان.

٤٨- سەفەرێكی تایبەت بۆ دیاربەكر "حصن كیف" و قەڵاو ئەشكەوتە دەسكردەكان لە ساڵی ٢٠٠٥ .

٤٩- آريايى ها ويردون چايلد. ترجمه بۆ فارسى محمد تقى فرامرزى.